ئەفسانە و پەندی کۆمیدی گاڵتە ئامێزی کوردی

((لێکۆڵینەوە))

د. نەجم ئەلوەنی

ماموٚستای کوٚلیژی زمان/ بەشی زمانی کوردی

زانکوٚی سەلاحەددین/ هەولێر

زنجیرە کتیبی کەلەپووری
دەزگای موزیك و کەلەپووری کورد
ژمارە (17)

خاوەنی ئیمتیاز: **وەزیری رۆشنبیری**
سەرنووسەر: **هەنگاو ئەنوەر شیخانی**
hangawanwar@yahoo.com

سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری: **پ.د. شوکریە رەسوول**
ئەنجومەنی ڕاوێژکاری: **د. محەممەد عەزیز زازا**
m.zaza@kurdish-music.org
مەحموود زامدار
سالار عوسمان
سدیق خالید

ناوی کتێب: **ئەفسانە و پەندی کۆمیدی گاڵتەئامێزی کوردی**
نووسینی: **د. نەجم ئەڵوەنی**
دیزاینی بەرگ: **ئاسۆ مامزادە**
سەرپەرشتی چاپ: **عیماد ڕەشید پیرداود**
چاپ: **چاپی یەکەم2007 / هەولێر**
سالّی چاپ/ **2007 ز**
تیراژ: **1000 دانە**
چاپخانەی دارا
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارەی سپاردنی (   ) ساڵی 2007ی دراوەتێ

ناونیشان: هەولێر/ ژێر زەمینی کتێبخانەی گشتی هەولێر/ بەرامبەر وەزارەتی تەندروستی
تەلەفۆن: 2238301 – 2238302 – 2519558

باســی یەکەم

ئافرەت لە ئـەفسانەی کۆنی هەندێك گەلاندا

پێڕستی ناوەڕۆك

پێشەکی 7
بەشی یەکەم:
ئەفسانە چییە؟ 9
بەشی دووەم:
ئافرەت لە کۆمەڵگای دایك سالاری دا: 11
أ- ئافرەتی خواوەند سەرچاوەی بوون وهێمای ژیان
ب- دەسەڵاتی ئافرەتی خواوەند لە کۆمەڵگای دایك سالاری دا.
بەشی سێیەم:
ئافرەت لە کۆمەڵگای باوك سالاری دا. 16
ئەنجام 19
سەرچاوەکان 21

پێشەکی

باس و لێکۆلینەوە دەربارەی کێشەی ئافرەت بایەخێکی زۆری دەبێ، بە تایبەتی ئەگەر ئەو کارە لە بواری ئەفسانەدا ئەنجام بدرێ. سەرەڕای گرنگی ئەفسانە لە بیرو بۆچوونی کۆمەڵی کورەدەواریدا، تاکو ئێستا بە گوێرەی پێویست لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئەم بابەتە نەکراوەو دەبێ نووسەرانی ئێمەش وەکو نووسەرانی جیهان خەمێکی ئەم مەسەلەیە بخۆن و هەوڵ بدەن سوود لە ئەفسانە بۆ لێکۆلینەوەی بیری مرۆڤی سەرەتایی کورد وەربگرن. لەبەر ئەوەی کێشەی ئافرەت لە ئەفسانەدا، بە تایبەتی لە کۆمەڵگای دایك سالاری و باوك سالاریدا بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە، کەشیاوی باس و لێکۆڵینەوە بێ، بۆیە بە گرنگمان زانی ئەم باسە بۆ ئەو بابەتە تەرخان بکەین. ئەم باسە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتە دەربارەی وەزعی ئافرەت لە ئەفسانەی سۆمەری و بابلی و ئاشوری ... هتد بۆ پالپشتی بۆچوونەکانمان بە گوێرەی دەرفەت ئاماژەمان بۆ هەندێ ئەفسانەی یۆنانی کردووە کە دەربارەی هەمان مەبەستن پاشان باسەکەمان بەم شێوەی خوارەوە دابەش کردووە:

بەشی یەکەم: ئەفسانە چییە؟

ئەم بەشە بریتییە لە لێکۆڵینەوەو باسکردنی واتای ئەفسانە و شیکردنەوەی چەمکی ئەفسانەو دیارکردنی پێناسەیەکی گونجاو بۆ ئەفسانە و پیشاندانی نرخی ئەفسانە لە بواری زانست و ژیانی ڕۆژانەدا.

بەشی دووەم: ئافرەت لە کۆمەڵگای دایك سالاری دا

ئەم بەشە پێکهاتووە لە :

أ- ئافرەتی خواوەند سەرچاوەی بوون و هێمای ژیان.

ب- دەسەڵاتی ئافرەتی خواوەند لە کۆمەڵگای دایک سالاریدا.

لە لقی (أ) باسی ئەوەمان کردووە, کە چۆن ژیان لەرەگەزی مێینەوە دەست پیَ دەکاو ئافرەت وەکو خواوەندێك لە ئەفسانەدا چۆن توانیویەتی بوون بە مرۆڤ ببەخشیَ و پاشان چۆن دەتوانیَ ببێتە هۆیەك بۆ ژیانەوەی بەرهەمی زەوی و گەشانەوەی سروشت پاش هەڵوەرینی.

لە لقی(ب) باسی دەسەڵاتی ئافرەت وەکو خواوەندێك لە کۆمەڵگای دایک سالاری دا کراوە و ئاماژەمان بۆ ئەوە کردووە, کە چۆن ئافرەت وەکوو بوونێکی پیرۆز و دایکی هەموو خواوەندەکان لە پەرستگاکاندا پەرستراوە و پیاویش وەك پاشەبەندیَ چۆن لاسایی ئەوی کردۆتەوە و هەوڵی داوە ڕەزامەندی خواوەندی ئافرەت مسۆگەر بکات.

بەشی سێیەم: ئافرەت لە کۆمەڵگای باوك سالاریدا:

ئەم بەشە تەرخان کراوە, بۆ باسکردنی چۆنیەتی ڕوودانی ئەو کودەتا مێژوویەی کە خواوەندی پیاو بەسەر خواوەندی ئافرەت دا کردوویەتی و هەرچی دەسەڵاتی ئەوە بۆ خۆی زەوتی کردووەو پلەی خواوەندێتی ئەوی لە کۆمەڵگادا نەهێشتووە.

بەشی یەکەم

ئەفسانە چییە؟

وەکو چۆن باسکردنی ئەفسانەو شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەزۆر شێوەی جیاواز کراوەو هەر زانایەك بەپێی تێراونینی خۆی تەمەشای ئەم بابەتەی کردووە هەروەها لە پێناسەکردنی ئەفسانەش دا گەلێك بۆچوونی جیاواز لە ئارادا هەیە. هەندێك دەڵێن: ((داڕشتنی وشەی ئەفسانە لەو قسانەوە هاتووە کە بێ ڕەسەنن یان سەیرو سەمەرەن و دەکەونە دەرەوەی سروشت و بۆچوونی ئاسایی خەڵکەوە))(6,ل8) هەر لەبەر ئەوەش بووە ماکس مۆلەر((ئەفسانە بە سەردەمێکی شێتانەی مێشکی مرۆڤ زانیوە))(12, ل14-15), هەروەها هێربێرت سیبنسەر ئەفسانەی بە هەڵەی مرۆڤی سەرەتایی داناوەو وتویەتی مرۆڤە سەرەتاییەکان ((نەیانتوانیوە لە واتای بوونەکان بگەن, بۆیە لە ناسینی شتەکاندا هەڵەیان کردووە))(7, ل17).

مرۆڤ لە ڕۆژانی یەکەمی ژیاندا هەوڵی داوە خۆی بناسێ و جێ پێی لە گەردووندا دیار بکاو لە دیاردەکانی دەوروبەری وردبێتەوە. خەونی بەو هۆکارانەوە دیتوە, کە پێیان بتوانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ژینگەی ئەو سەردەمەدابسەپێنێ, بۆیە دەتوانین بڵێین ((ئەفسانە خەونی گەلان بووە)) (14, ل113), لە ململانێی نێوان ژیان و مردن, نەزانین و زانین هەنگاونان بۆ ئاشنا بوون لەگەڵ دیاردەکانی گەردووندا. لە ئەنجامی تاقی کردنەوەو بیرکردنەوەدا ئەفسانانەیان داهێناوەو بۆتە ((زمانی ژیانی ڕاستەقینە))یان (2, ل8-9), هەروەها ئادەمیزاد وەکو ((ڕاڤەیەك بۆ ئەو خۆشی و ناخۆشیانەی ژیانی سەرەتایی,کە هەندێ -طقوس-ی تێدا بووە, بۆ مانەوەو زگ و زا - ئەفسانەی- بە پێویستییەکی گرنگ زانیوە))(12, ل56) لەبەر ئەوە ئەفسانەی خوڵقاندووە.

بۆ پاراستنی ژیان, مرۆڤی سەرەتایی هەندێ ڕێ و ڕەسمی ئایینی دامەزراندووە. بەهۆی ئەو ڕێ و ڕەسمانەوە ویستوێتی پەیوەندی لەگەڵ هێزەکانی سروشتدا دروست بکات و کاریان تێ بکات. لە سەرما و برسێتی و مردن و نەخۆشی بیان پارێزێت. لەبەر ئەوە دەبینین ئەفسانەکانیشیان ڕەنگدانەوەی ئەو ئاوات و خۆزگانەیە. ئەو جۆرە هەست و بیرکردنەوانەش لە یەکەم کۆمەڵگای سادەی مرۆڤدا بە بناغەی دۆزینەوەی خودو دامەزراندنی یاسای کۆمەڵگای ئایینی دادەنرێ و ئەوەش دەسەلمێنێ کە ((کۆمەڵ خولقێنەری هێزی ڕەوشتییە و ئەو هەستەی لای مرۆڤ بەرپاکردووە, کە پێویستی بە پالپشتی هێزێکی لە بن نەهاتووی داکۆکی کەرو پارێزەرە))(10,ل78),واتە ئەفسانە تەنیا هەندێ قسەی ناڕەسەن و بێ مانا نییە, بەڵکو((قەپیلکێکە مرۆڤی سەرەتایی تێڕوانینی خۆی بۆ گەردوون ڕژاندۆتە ناوی و ڕاڤەی بوونی پێکردووەو لە ڕێگەی ئەوەوە پەیوەندی بە سروشتەوە کردووەو ڕادەیەکی بۆ ترس و دوو دڵی و پرسیارە زۆرەکانی خۆیداناوەو ((بەری تاقی کردنەوەو هەڵوێستی ڕۆژانەو دیتنی دیاردەکانی سروشتی وەکو شێوازێکی لێکدانەوەو شیکردنەو پێکردووە))(12, ل187).

ئەفسانە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خواوەندەکان, مرۆڤ و دیاردەکانی سرووشت نیشاندەداو پوختەیەکی مێژووی بڕوای مرۆڤەو سەرەتاکانی بوونمان بۆ دەگێڕێتەوە. زۆربەیان وەکو حەکایەتێکی پیرۆز, کردەوەی خواوەندەکان دەگێڕنەوە. (9, ل15-16)

بەشی دووەم:

ئافرەت لە کۆمەڵگای دایك سالاری دا

(أ)– ئافرەت سەرچاوەی بوون و هێمای ژیان

سەرچاوەی بوون و ژیانەوەو چۆنێتی سەرهەڵدانی ژیان مشتومڕێکی زۆری لەسەرە, هەندێ ئافرەت بەسەرچاوەی بوون و پیت و فەڕ دادەنێن و هەندێکیش پیاو. لەمەڕ ئەم مەسەلەیەو بە گوێری لێکدانەوەی ئەفسانەی هەندێ گەلان دەتوانین بەشێك لەو بیرو بۆچوونە جیاوازانە بخەینە بەرچاو.

سۆمەری و بابلی و گەلانی تری دانیشتوی عیراق, ئافرەت بە سەرچاوەی بوون دەزانن و دەڵێن ژیان لە ئافرەتەوە دەستی پێ کردووە. بە بڕوای ئەوان یەکەمین ئاوی گەردوون ((خواوەندێکی مێ بووە پێیان دەگوت – نەمۆ– یان دەریای یەکەم. لە–نەمۆوە– خواوەندی نێرینەی –ئانۆ– واتا خواوەندی ئاسمان و خواوەندی –کی– مێینە, واتا خواوەندی زەوی لە دایك بووە. پاشان لە ئەنجامی جووت بوونی ئەوانەوە خواوەندی –ئانلیل– کە خواوەنی بایە... لە دایك بووە. هەر ئەویش بووە بەهۆی لێك جیابوونەوەی ئان و کی. –ئان– بووە بە خواوەندی ئاسمان و –کی–بووە بە خواوەندی زەوی یان خانمە مەزنەکە)) (1,ل16"1چ1, ل38), **لەم ئەفسانەدا بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە ڕەگەزی مێ سەرچاوەی هەموو بوونێك بووە.**

لە دۆڵی ڕافیدەین یاخود میزۆپۆتامیادا مرۆڤ بڕوای وابووە ((کە خواوەندەکان بۆ خزمەتی خۆیان مرۆڤیان دروست کردووە بۆ ئەوەی: بیانپەرستن و قوربانیان بۆ پێشکەش بکەن و پەرستگایان بۆ دروست بکەن))(13,ل374), **ئەم کارەش (دروستکردنی مرۆڤ) لەسەر خواستی خواوەندی دایك ئەنجام دراوە هەروەکو چۆن –نەمۆ–ی دایکی –ئانکی– داوا لە – ئانکی[1]– دەکات مرۆڤ بۆ خزمەتی خواوەندەکان دروست بکات و دەڵێ:**

1– **ئانکی: خواوەندی ئاوی پیرۆز و عەقڵ و زیرەکی و هونەر و پیشەسازی و خولقێنەری مرۆڤ بووە. بڕوانە:** (6, ل 44–45).

((ئەی کوڕم، لەجێی خۆت هەستە، هەستە لە (...) کارێکی پەسند بکە بۆ خواوەندەکان نۆکەر دروست بکە، خواردنیان بۆ بکەن))(9،ل27)

لە ئەفسانەی بابلی دا خواوەندی دایك كە ناوی (مامی) یان(ننماخ) یاخود(ننخرساك) بووە، دایکی گەورەی هەموو خواوەندەکان بووە و پلەو پایەی تایبەتی خۆی هەبووە. پێیان وتووە دایکە گەورە ((هەروەها زەوی و خاکی بە پێت ... ئەرکەکانی دایکە گەورە دوو خواوەند واتا ننتۆ(–مامی–ننماخ، ننخرساك) و عەشتار پێی هەستاون))(9، ل87). بێجگە لەوەش مامی هەر خۆی خولقێنەری ڕەگەزی مرۆڤ بووە وەکو لەم ئەفسانەدا هاتووە:

((تۆیاریدەی خواوەندەکانی –مامی– ئەی–زانا[2]– و تۆی منداڵدانی دایك

ئەی خولقێنەری توخمی مرۆڤ

مرۆڤ دروستکە بارەکە هەڵدەگرێ

ماندوویێتی ئیش کردن لە کۆڵ خواوەندەکان دەکاتەوە))(9،ل81–82).

سەرەڕای ئەوەی کە تا ئەمڕۆ تەمموز (واتا ڕەگەزی نێر) بە هێمای پیتاندن و ژیانەوەی زەوی و هاتنی بەهار دادەنرێ و هەندێ نووسەر دەڵێن دووبارە بوونەوەی ژیان و کارەساتی مردن بە شێوەیەکی تراژیدی لە کەسێتی ئەودا یەك دەگرێتەوە. (12 ، ل 52). هەروەها لەبەر ئەو تراژیدیایە هەندێ نووسەری دیکە ((بە خۆشەویسترین خواوەندی نێو خەڵکی دەزانن و وەکو مرۆڤێکی ڕاستەقینە تەماشای ئازارەکانی مردنی ئەو دەکەن)). (9 ، ل 271)و هەڵسانەوەو چوونە ئاسمانی وەکو هەڵسانەوەو چوونە ئاسمانی حەزرەتی مەسیح تەماشا دەکەن. کەچی بە وورد بوونەوە، لە هەندێ ئەفسانەی سۆمەری و بابلی و فینەقی و فیرعەونی پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەمان بۆ بەدەر دەکەوێ و ڕەگەزی مێ وەکو (ئەنانا) و (عەشتار) و(ئێزیس)، (عونات) دەبنە هۆی نوێ بوونەوەی ژیان و بووژانەوەی سرووشت و گەشەکردنی بەروو بوومی ڕووی زەوی. بۆ نموونە کاتێ کە ((عەشتار بەند دەکرێ خۆشەویستی و پێت فەڕ لە

2– لە باتی (ایتها الحکیمة) بەکارم هێناوە.

ڕووی زەوی نامێنێ و دەسەلاتی – ئەللات[3] – , کە دەسەلاتی خۆرەتاوێکی سوتێنەر و تێنووێتی هێنەر و نەبوونی و هەژاری و خراپەکارییە بەسەر زەوی دا دەسەپێنرێ)). (7, ل126). بەند کردنی(عەشتار) نەك (تەموون), کە لە باتی (عشتار) ڕەوانەی ژێر زەوی دەکرێ, دەبێتە هۆی ڕاوەستانی ژیان و نەمانی دەغڵ و دان و بەربوومی زەوی و هاتنی خەزان, چونکە (عەشتار) هێمای کۆمەڵگای کوشتوکاڵ بووە و (تەموون)یش هێمای کۆمەڵگای شوانکاری بووە ((ئێمەش ناتوانین لە شوانێك بخوازین ڕۆڵێکی ئەوەندە گرنگ لە تراژیدیایەکی کۆمەڵگای کشتوکاڵی دا بگێڕێ))(9, 271), هەروەها ((وادیارە قوربانیدان بە شوانێك مەرجی سەرکەوتنی کشتوکاڵ و تەواو کردنی خولی پیتانی زەوی بووە.... بەڵکو بگرە ئەو قوربانییە, بۆ داپین کردنی بەردەوامی شارستانیەتی کۆمەڵگای کشتوکاڵی کارێکی پێویست بووە)).(9, ل287).

لــە ئــەفــســانــەی فــیرعــەونی دا ئافرەت نەك هەر تەنیا سەرچاوەی بوون و بوژانەوەی زەوی و زارە بەڵکو بگرە دەتوانێ مردووش زیندوو بکاتەوە هەروەکو لە ئەفسانەی (ئێزیس) دا هاتووە: ((–ئۆزیریس– ی مێردی –ئێزیس– کە لەئەنجامی پیلانێك پاش 28 ساڵ فەرمانڕەوایی بەدەستی –ست–ی برای دەکوژرێ, ئێزیسی ژنی لاشەکەی بۆ میسر دەگێڕێتەوەو بە هێزە ئەفسووناوییەکەیی و بە یارمەتی –پوپ– و – ئۆنۆبیس– و – حۆرس– دەتوانێ ژیان بۆ لاشەی مێردە مردووەکەی بگێڕێتەوە))(8,ل83). لەم ئەفسانەشدا دەردەکەوێ کە ئافرەت نەك تەنیا خۆشەویستی دەخولقێنێ, بەڵکو دەتوانێ مردووش زیندوو بکاتەوە.

3– ئەللات: خواوەندی هەتاو یان هاوینە, پێش 3000 ساڵ لە ئەدەبی بابلی, لــە هۆنراوەی سوارچاکــی ئەزدۆباردا بــەکارهاتووە. بڕوانە
(7 , ل 127) پەراوێز .

(ب)- دەسەڵاتی ئافرەتی خواوەند لە کۆمەڵگای دایک سالاری دا

لە سەرەتای بوونەوە ئافرەت خاوەنی دەسەڵات بووە و لە ژیانی کۆمەلایەتیدا پلەو پایەی بەرزی ئایینی تا دەگاتە پلەی خواوەندێتی و دایکی هەموو خواوەندەکان بۆ ئەو تەرخان کرابوو. تەنانەت مردن و ژیان بە فرمانی ئەو جێ بەجێ دەکران. بۆ دیاریکردنی ڕووی ڕاستی ئەم مەسەلەیە باشترین بەڵگەمان لە ئەفسانەی سۆمەری و بابلی دا دەست دەکەوێ. لەبیری ئەو دوو کۆمەڵەدا, بە تایبەتی لە کاتی سەردانەکەی (ئەنانا) یان(عەشتار) بۆ جیهانی مردووان و بەدیل کردنیان لە ژێر زەوی وەکو نموونەیەکی بالا دەستی هێزی دایك لە بەخشینی ژیان و نوێ بوونەی سرووشت دا دوو وێنەی پڕ داهێنەرانەی خەیاڵی مرۆڤی سەرەتایین بۆ پیشاندانی ڕۆڵی خواوەندێتی دایک کە ((مەڵبەندی جەماعەت و سەرچاوەی بەها جوانەکانی بووە, لە کۆمەڵگایەکدا کە نێری تێدا پاشبەند و دایکی تێدا لە باتی باوك سەرکردە بووە. لە جاری یەکەمدا تەمووز -دەموزی- بە فرمانی ئەو بۆ مردن نێرراوە. لە جاری دووەمیش دا بۆ ئارەزووی خۆی ئەوی گێڕاوەتەوە بۆ ژیان. لە هەردوو دۆخیشدا هەر ئافرەت خاوەنی دەسەڵات بووەو ئەمیش وەکو نێرێکی لاواز پشتی بەو ئەستوور بووەو هانای بۆ کۆشی ئەو هێناوە))(9, ل270).

لە داستانی گەلگامشی سۆمەری و بابلی دا ئافرەت دەبێتە سەرچاوەی زانست و بنیادنەری کۆمەڵگای شارستنی و لە ڕێی ئەوەوە مرۆڤی درەندەی نێو جەنگەڵ و دارستان ئاشنای شارستانی و لەنگەر گرتن دەبێ و ژیانی گاگەلی بەجێ دێڵێ و جلی مرۆڤ لەبەر دەکا و بۆ یەکجارە لە ئاژەڵ و گیانلەبەری کێوی جیا دەبێتەوە. ئافرەت دەبێتە سەرچاوەی فێربوونی زانست و بیرکردنەوەو گونجاندنی لەگەڵ جۆرە ژیانێکی تازەدا کە لەوەو پێش لێی نامۆ بووە.

ئافرەتێکی شارەزای خۆشەویستی و دڵداری توانی ئەنکیدۆی کێوی و هاوڕێی ئاژەڵان لە خەونی نەزانین بە ئاگا بێنێ و بیهێنێتە جیهانی شارستانی و هۆشیارییەوە. داستانەکە دەڵێ:

((ئەنکیدۆ شەش ڕۆژان و حەفت شەڤان ل گەل دێلێ نڤست

پشتی ژ جوانی یان مریّ تیّربوی
بەرییّ خودا هوگریّت خوجانەوریّت چولیّ
لیّ گاڤا کیڤی یان- ئەنکیدوّ- دیتین ئەو چون زیّ رڤین
جانەوریّت چوّلی و یّڤە بازدان
-ئەنکیدوّ- بزدهی بیّقام لاواز بوو
چوّکیّت وی سست بون هینگا ڤیا بگەهت جانەوران
-ئەنکیدوّ- بیّ هیزبو نەشیاو وەکی بەریّ ببەزت
لیبەلیّ ئەو ژیر, گەلەك هوشیارو تیّگەهشتی ببو
ئەو ڤەکەری و روّشت خاریّل بەر پیّت دیهلیّ
وی قەنج بەریّ خوددا دیمیّ ویّ
گاڤا ل گەل ئاخافتی پاش گوهیّ خوداویّ
دیّلیّ ل گەل -ئەنکیدوّ- ئاخافت و گوتی:
-ئەنکیدوّ- توّ گەشتی پەندی ییّ و وەکی خودایەی لیّهاتی ڤیجاتو
بوّچی ل چوّلی ل گەل جانەوەری دگەڕیّ؟
وەرە ئەز دیّ تەبم-ئورك-یاشور هەرکری بوّ مالا پیروّز واری -ئانو- و عشتار-یّ))(4,ل64)

هەروەها ئافرەت لە ئەفسانەی عەبری دا وەکو خواوەندیّکی بە دەسەلاّت خاوەنی بەهەشت بووە, بەلاّم پیاوان پاش گواستنەوە بوّ کوّمەلّگای باوك سالاری توانییان لیّیان زەوت بکەن))(11, ل68), باشترین بەلّگەش بوّ دەسەلاّتی ئافرەت لە کوّمەلّگای دایك سالاری دا ئەوەیە کەوا ((پیاوە ئایینیەکان لە چەژنەکاندا جلی ژنانیان لەبەر دەکردو لیّویان سوور دەکردو بروّکانیان بەداو هەلّدەگرت و چاویان دەڕشت و قوّلّیان هەتا شان ڕووت دەکرد))(11,ل23).

بەشی سێیەم:

ئافرەت لە کۆمەڵگایی باوك سالاری دا

پاش گواستنەوەی دەسەلآت و رووداني ئەو کودەتا مێژووییەی پیاو بەسەر ئافرەتدا, کۆمەڵگای باوك سالاری هاتە کایەوەو بەمەش هەروەکو مارکس و ئەنگلز دەڵێن: ((هەموو کودەتایەکی مێژوویی لە کۆمەڵدا دەبێتە هۆی کودەتایەك لە دید و بۆچوونماندا))(2,ل91-92). خاوەن دەسەلآتە نوێیەکان بەپێی بۆچوونی خۆیان پێوانەیان بۆ بەهاکانی کۆمەڵ دانا بە جۆرێ کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەواندا بگونجێ و ئەو بنەما ئابووری و سیستەمە کۆمەلآیەتییەی جارانیش کە ئافرەتی تێیدا خاوەن دەسەلآت و پایەی ئایینی تایبەتی بوو بەهۆی ئەو رژێمە نوێیەوە. بە ((وەچەرخانی یاسای دەسەلآتی دایك سالاری کە بە گەورەترین نوشوستی مێژوویی ڕەگەزی مێ دادەنرێ, تەنانەت لە ماڵ دا پیاو بووە خاوەنی دەسەلآت و ئافرەت پایەی نەماو چەوسایەوە, تابووە دیلی پیاو و بە هۆکارێك تەنیا بەکەڵکی زاوزێ کردن بێ))(3, ل61), ئەو زانستە کۆمەلآیەتییانە لە ئەفسانەدا, بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ خۆدەنوێنن و زیاتر بۆچوونەکانمان دەسەلمێنن.

سەرەتاکانی رووخانی دەسەلآتی ئافرەت لە ئەفسانەی بابلی و ئاشوری دا بەگرتنی – ئابسۆ[4] – لەلایەن خواوەندی – ئەیا– ی زۆرزانەوە دەست پێ دەکات, چونکە – تیامەت[5]– کە دایکی هەمووانە ((تورە دەبێ و جانەوەرو ئەژدیها و دڕندەی دراستان و سەگی کێوی و دووپشك و ماسی ئادەمی و بەران

4- **ئابسۆ: لە ئەفسانەی بابلی دا خواوەندی ئاوی سازگار و هێمای نێرینە و سەرچاوەی ژیان و بووژانەوە بووە. بڕوانە:** (11 , ل 38).

5- **تیامەت یان تەعامەت: خواوەندی ئاوی سوێرو هێمای مێینەیە. بڕوانە:** (11 , ل 38).

دەخاتەوەو –کینگۆ – Kingu یـان دەکـاتـە سـەرکـردەو هـێرش دەکاتە سەر –ئەیا– کە مەردۆخی خواوندی بەهێزی ڕاسپاردبوو بۆ شەڕو بەرەنگاری تیامەت. ئەویش تیرو کەوان و تۆڕو چەکی سەرەکی خۆی کە زریانە هەڵگرت و لە ئەنجام دا مەردۆخ بەسەر کینگۆ و تیامەت دا سەردەکەوێ و بەمەش سەردەمی دەسەڵاتی دایك سالاری کۆتایی پێ دێ و لە باتی ئەو دەسەڵاتە سەردەمی دەسەڵاتی باوك سالاری دێتە کایەوە)).(11, ل38–39), بەو سەرکەوتنەی مەردۆخ دەرگا والآ بووە بۆ ئەوەی بە چاوێکی نزم تەماشای ئافرەت بکرێ و بە مرۆڤێکی لاواز و بیر سست و بێ دەسەڵات دابنرێ و پاشان بکرێتە سەرچاوەی هەموو نەخۆشی کارو کردەوەیەکی ناپەسەند.

لە ئەفسانەی یۆنانی دا ئافرەت سەرچاوەی هەموو نەخۆشی و پەتاو ئازارێکی ئادەمیزادە هەروەکو لە ئەفسانەی (باندۆرا) دا هاتووەو دەڵێ: ((–پرۆمیتیۆس–ی فێلباز بۆ دورگەی لیمنۆس چووە. لە پشکۆکەی ئاگری پیرۆزی دزیوە و لە لقێکی پووکەڵی ڕووەکێکی شاردۆتەوە و بۆ مرۆڤی هێناوە. زیۆس کە بەم دزییەی زانیوە زۆر پەست بووە ..... فرمانی بە هیفاتۆس داوە لە قوڕو ئاو لاشەیەك دروست بکات و هێزێکی کوشندەو دەنگێکی ئادەمی پێ بدا, لەمەش پاکیزەیەك دروست بکات, جوانییەکەی یەکسانی جوانی خواوەندە نەمرەکان بێت. هەموو خواوەندەکان دیاری تایبەتییان پێ داوەو ناوی لێنراوە –باندۆرا–. هێرمس خیانەت و غەدری لە دڵ چاندوەو درۆی خستۆتە دەمی, پاشان زیۆس بە دیاری بۆ – ئیمۆشیۆس–ی نەزانی ناردوە. جوانی باندۆرا کاری تێ کردووە. ئەویش پێشوازی لێکردووەو لە نێو مرۆڤدا جیاگایەکی پێ داوە.... باندۆرا گوڵدانێکی گەورەی بە دەستەکانی هەڵگرتبوو ئەوەی کە بە هەڵە سندووقی باندۆرایان پێ دەگوت کە دەمی گوڵدانەکەی کردۆتەوە, نەخۆشی و پەتای پڕ مەترسی لێوە دەرچووەو بە زەوێدا بڵاو بۆتەوە.... بەم شێوەیە بە هاتنی یەکەم ئافرەت نەبوونی و بەڵا لە ڕووی زەوی پەیدا بووە)). (8, ل164–165), لەم دەقەدا بۆمان دەرئەکەوێ باندۆرا وەکو ئافرەتێ کە هێمای هەموو

6– کینگۆ: مێردی تیامەت و کوڕی بووە. بڕوانە: (11 , ل 38).

دەردو بەڵایەکە، بووە بە ئامرازێك بە دەستی ئەو خواوەندانەوە کە ڕەمزی نێرینەن و لە کۆمەڵگای باوك سالاری دا ڕۆڵی خواوەندێتی دەگێڕن بۆ ئەنجام دانی هەرچی کارێکی ناپەسەندو بەڵا هێنەر بۆ مرۆڤ. بەبێ ئەوەی ئافرەتەکە خۆی ئارەزووی ئەنجام دانی ئەم کارەی هەبووبێ، چونکە تەنیا بە فرمانی خواوەندەکان بۆ ئەو مەبەستە خوڵقێنراوە. بەپێی ئەو بۆچوونەیش خواوەندەکان وایان کردووە کە ئافرەت ببێتە هێمای شەڕو بەڵا لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا. ئەمەیش باشترین گوزارشتە لەو کودەتا مێژوویەی پیاو بەسەر ئافرەتدا ئەنجامی داوەو لەوەو پێش ئاماژەمان بۆ ئەم مەسەلەیە کردووە. هەر بەم شێوەیەش لە ئەفسانەی عەرەبیدا دا پاش جێگیر بوونی دەسەڵاتی باوك سالاری، ئافرەت لە پلەو پایەی خواوەندێتی هاتۆتە خوارەوە و بووە بە کەرستەی داهێنانی دەیان ئەفسانەی میللی و کراوە بە هاوکاری شەیتان لەهەر کارێکی ناڕەوادا. لەعنەتی حەوا لە ئەفسانەی میللی عەرەب دا ڕەنگدانەوەی عقڵییەتی ئەو سستەمەیە، کە ئافرەت دەکاتە دۆزەخێکی ڕەش. لە ئەفسانەی لەعنەتی حەوادا هاتووەو دەڵێ: ((بڕیارم دا هــەموو مانگێ بێ نوێژ بی... هیچ زگێ بە دڵی خۆت نەکەیی و ئەگەر ویستت منداڵت ببێ، دەبێ چەند جارێ ڕووبەڕووی مەرگ ببییەوە، پاش ئەوە کە دەمهێشت بە ئاسانی بزێیت)) (5، ل76)، وەکو لەم دەقەدا دەردەکەوێ ئازارو ئەشکەنجەی منداڵ بوونی ئافرەت جۆرە لەعنەتێکە عەقڵییەتی پیاو دایهێناوە، بۆ تۆڵە سەندنەوە لەو ئافرەتەی کە هێمای حەوایە و بووە بە هۆی ئەوەی ئادەم کە ڕەمزی پیاوە بە قسەی شەیتان بکاو لە بەهەشت بکرێنە دەرەوە. بەم جۆرەش پیاو دەیەوێ لە نرخی ئافرەت لە ناو کۆمەڵگای ئادەمیزادا کەم بکاتەوەو پایەکانی سستەمی باوك سالاری زیاتر بەهێز بکات.

ئەنجامی باسی یەکەم

لەم لێکۆڵینەوەدا بۆمان ڕوون بووەوە کە:-

1- لەسەرتای بوون دا لەو قۆناغەی, کەخەڵکی لەسایەی دەسەڵاتی دایك سالاری دا دەژیان, لەبەر ئەوەی ئابووری خێزان بەدەستی ئافرەت بووە یاساکانی کۆمەڵگاش دەربڕی خواست و هەست و توانا و دەسەڵاتی ئەو بوونە.

2- ئافرەت وەکو ڕەگەزی مێ ڕۆڵی خواوەندی خولقێنەری ژیان و مرۆڤی لە کۆمەڵ دا گێڕاوەو لەسەرووی هەموو خواوەندەکانەوە بووەو لە بۆنە ئایینیەکان دا پیاوان ملکەچیی خۆیان بۆ ڕەزامەندی ئافرەت پیشان داوە.

3- پیاو لە کۆمەڵگەی دایك سالاریدا پاشبەندی ئافرەت بووە, بەڵکو بگرە لە هەندێ شوێن و بۆنەی ئایینی دا لە جۆری جلّ و بەرگ و ئارایيشت کردن و قۆڵ ڕووتکردن و... هتد لاسایی ئافرەتیان کردۆتەوە.

4- ئافرەت هێمای ژیانەوەی زەوی و بووژانەوەی سروشت و شین بوونی دەغڵ و دان و بەرووبوومی کشتوکاڵی بووە, بۆیە لە ململانێی نێوان کۆمەڵی شوانکاری, کە*(دەموز)* یان *(تەمووز)* نوێنەرایەتی دەکردو کۆمەڵی کشتوکاڵی کە *(ئەنانا)* یان *(عەشتار)* لە ئەفسانەی سۆمەری و بابلی دا نوێنەرایەتیان دەکرد, قوربانی بە *(دەموز)* یان *(تەمووز)ی* شوان دەکرێ بۆ دابین کردنی سەرکەوتنی قۆناغی کشتوکاڵی و تەواو کردنی خولی پیتاندنی زەوی.

5- پاش کودەتای پیاو بەسەر ئافرەتداو هاتنە کایەوەی کۆمەڵگای باوک سالاری و دسبەسەراگرتنی ئابووری خێزان لەلایەن ئەوەوە, گۆڕانێکی گەورە لە یاساکانی نێو کۆمەڵ ڕووی داوەو چەمکی بیری کۆمەڵایەتی گۆڕاوەو هەموو شتێك خراوەتە خزمەتی سستەمی باوك سالارییەوە. ئەمەش زەمینەی خۆشکردووە بۆ ملکەچ کردنی ئافرەت و پاشەبەند بوونی بۆ پیاو, پاش بێبەشکردنی لە زۆربەی مافەکانی وەکو دروستکردنی مرۆڤ و ڕۆح بەخشین بە ئادەمیزاد. بە نموونە ئەفسانەی *(ئەتینا)*ی یۆنانی یان زەوتکردنی هەندێ دەسەڵاتی گرنگی خواوندێتی ژنان پاش سەرکەوتنی *(مەردۆخ)* ی بابلی بەسەر تیامەت دا.

6- لە ئەفسانەی کۆمەڵگەی باوك سالاریدا ئافرەت وەکو سەرچاوەی هەموو شەڕو بەڵاو نەخۆشییەکی سەر زەوی, کە تووشی پیاو دەبێ تەماشا کراوە, وەکو چۆن لە ئەفسانەی (باندۆرا)ی یۆنانی دا دەردەکەوێت.

سەرچاوەکانی باسی یەکەم

1- *أبن حمادي صالح*/ ***دراسات في الأساطير و المعتقدات الغيبية***/ دار بوسلامة للطباعة و النشر و التوزيع/ تونس/ بلا سنة الطبع.

2- *برتران ميشيل*/ ***وضعية الدين عند ماركس و أنجلز***/ ترجمة صلاح كامل/ دار فارابي/ بيروت/ لبنان 1990.

3- *بوليتزر*/ جورج/ ***أصول الفلسفة الماركسية***/ تعريب شعبان بركات/ المكتبة العصرية/ جـ2/ صيدا– بيروت/ بلا سنة الطبع.

4- *باقر,* طه/ ***داستانا كلگامشى ئەوى هەر تشت ديتى***/ وەرگێرانى سەلاح سەعدوڵلا/ بەلاڤكرنا ئەميندارىەتى يا گشتى رۆشەنبيرى و لاوان/ هەولێر/ بێ سالّى چاپ.

5- الجوزو, د. مصطفى/ ***من الأساطير العربية و الخرافات***/ ط2/ دار الطليعة/ بيروت– لبنان 1980.

6- خليل, د. أحمد خليل/ ***مضمون الأسطورة في الفكر العربي***/ ط2/ دار الطليعة للطباعة و النشر/ بيروت– لبنان 1980.

7- خان, د. محمد عبدالمعيد/ ***الأساطير و الخرافات عند العرب***/ ط2/ دار الحداثة للطباعة و النشر و التوزيع/ بيروت– لبنان 1980.

8- الخوري, لطفي/ ***معجم الأساطير***/ ج1/ وزارة الثقافة و الأعلام/ دار الشؤون الثقافية العامة/ بغداد 1990.

9- السواح, فراس/ ***مغامرة العقل الأولى***/ دار الكلمة للنشر/ بيروت– لبنان 1980.

10- شكري, د. علياء/ ***علم الأجتماع الفرنسي المعاصر***/ درا الكتب الجامعية/ أسكندرية– مصر 1972.

11- الشوك, على/ ***الأساطير بين المعتقدات القديمة و التوراة***/ دار اللامي/ لندن 1987.

12- عبدالرضا, علي/ ***الأسطورة في شعر السياب***/ منشورات وزارة الثقافة و الفنون/ الجمهورية العراقية 1978.

13- علي, د.فاضل عبدالواحد/ ***مـــن الواح سومر الى التوراة***/ وزارة الثقافة و الأعـــلام/ دار الشؤون الثقافية العامة/ بغداد 1987.

14- الفتال, علي/ ***الترابط الزمني في الفلكلور العراقي***/ مجلة التراث الشعبي/ ع4/ س3/ دار الحرية للطباعة/ بغداد 1971.

15- مظهر, سليمان/ ***قصة الديانات***/ دار الوطن العربي/ بلا مكان و سنة الطبع.

باســی دووەم

ئـەفسانەی
زەردەشتی

پێڕستی ناوەڕۆک

پێشەکی 24
بەشی یەکەم
ناسنامە و ساڵی لە دایك بوونی زەردەشت : 27
– ناسنامەی زەردەشت.
– ساڵی لە دایك بوونی زەردەشت.
بەشی دووەم
ئەفسانەی سروش و ململانێی هێزی خێر و شەڕی زەردەشتی: 31
– ئەفسانەی سروشی زەردەشتی.
– ئەفسانەی ململانێی خێر و شەڕی زەردەشتی.
بەشی سێیەم
ئەفسانەی بەهەشت و دۆزەخی زەردەشتی: 40
– ئەفسانەی بەهەشتی زەردەشتی.
– ئەفسانەی دۆزەخی زەردەشتی.
ئەنجام 44
پەراوێزەکان 46
سەرچاوەکان 49

پێشەکی

لەبەر ئەوەی ئەفسانەی زەردەشتی بۆ ماوەی چەند سەدەیەك و هەتا پێش هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان ڕووبەرێکی فراوانی لە بیر و بڕوای گەلی کورد پێك دەهێنا و ئێستاش کۆمەڵێ ئەفسانەی زەردەشتی لەناو کورددا بە پیرۆز دەزانرێن, بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ شیکردنەوەی بەشێك لەو ئەفسانە ناوبراوە تەرخان بکەین. باسەکەشمان بەم شێوەی خوارەوە دابەش کردووە :

لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بۆ کۆمەڵێ بیرو باوەڕی جیاواز کردووە و پاشان بە گوێرەی سەرچاوە و بەڵگەی مێژوویی ئەوەمان بۆ ساغ بووەتەوە کە زەردەشت لە نەوەی میدیەکانە و دوور نیە کە لە ساڵانی سەرەتای سەدەی شەشەمی پێش زایینی لە شاری ورمێی سەر بە کوردستانی ئێران لە دایکبووبێ و هەتا کۆتاییەکانی گرێی حەوتەمی ئەو سەدەیە ژیابێ, هەر لەم بەشەدا باسی ئەوەمان کردووە کە چۆن جوولەکە بە تایبەتی پاش سەردەمی دیلێتی بابل کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەفسانەی زەردەشتییەوەو ئەوەشمان پیشانداوە کە تا چ رادەیەك کتێبی پیرۆزی ئەوان سوودی لە ئەفسانەی زەردەشتی وەرگرتووە.

لە بەشی دووەمیشدا باسی ئەوەمان کردووە کە زەردەشتییەکان بڕوایان وابووە لە ئاسمانەوە سروش بۆ زەردەشت هاتووە, هەروەها ئەوەمان ڕوون کردۆتەوە کە چۆن ئەفسانەی ململانێی خێر و شەڕ پێشی زەردەشت لەناو میللەتە ئارییەکاندا باو بووە, بەڵام ئەو یەکیانی خستووە و لە چوار چێوەی بیری یەکتاپەرستیدا گوزارشتی لێکردوون.

پاشان لە بەشی سێیەم و کۆتاییدا لەوە دواوین کە زەردەشتیەکان بڕوایان وابووە کە مرۆڤ بەبێ هوودە نەخوڵقاوە, بۆیە دەبێ لەو دونیا زیندوو ببێتەوە و بە گوێرەی *(کار و گوفتار و بڕوا)* سزا بدرێ یان خەڵات بکرێ, هەروەها بڕوایان

وابووه كه ڕۆحی پیاو چاكان دهچێته بهههشت و به دیداری خوا شاد دهبێ, بهڵام ڕۆحی پیاو خراپان جێگایان دۆزهخه و دهبنه هاوهڵی ههمیشهیی ئههریمهن. له دواییدا لێكۆڵینهوهكهمان به ئهنجام و دهسنیشانكردنی گرنگترین سهرچاوهكان كۆتایی پێهێناوه.

بەشی یەکەم:

ناسنامە و ساڵی لە دایك بوونی زەردەشت

زەردەشت وەکو مرۆڤێ, بە گەلێ شێوەی جیاواز باسی کەسایەتی و ناسنامەی نەتەوەیی و ساڵی لە دایکبوونی کراوە, بگرە بە گوێرەی ئەو ئەفسانانەی دەربارەی ئەو لە ئارادان ژیانی لە گەلێ ڕووەوە لە ژیاننامەی هەندێ پێغەمبەر دەکا و لە لایەن پەیڕەوکەرانی ئایینەکەیەوە زۆر پەرجوو *(معجزات)* دراوەتە پاڵی. جگە لەمە ڕووداوی مردنیشی بە زۆر شێوەی جۆرا و جۆر باسکراوە, بۆیە ئێمە بە باشمان زانی ئەم بەشە بکەین بە دوو تەوەرەوە و بەم شێوەی خوارەوە لێیان بدوێین :

ناسنامەی زەردەشت :

نووسەران و مێژوونووسان لەسەر ئەم بابەتە بوونە بە دوو بەرەوە, هەندێکیان بڕوایان وایە زەردەشت لە نەوەی فارسە لەبەر ئەوەش بە پێغەمبەری ئەوانیان زانیوە. لــەم بارەیەوە *(فاروق الدملوجی)* دەڵێ: ((زەردەشت فارسە و خەڵکی ئازەربایجانە))[1], هەروەها خاوەنی کتێبی ((المدخل الی دراسة الادیان و المذاهب)) دەڵێ: ((زەردەشتی کوڕی پورشیب کە لە بنەماڵەی سیپتیمانە بە پێغەمبەری فارس ناسراوە))[2]. هۆی ئەم بۆچوونانەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە کۆندا دەوڵەتی ئێران بەناوی فارس ناسرا بوو, هەروەها لە زۆربەی سەرچاوە کۆنەکاندا زاراوەی فارس لە باتی ئێران بەکار هاتووە, ئەمەیش هۆیەکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی گەلانی تری ئەم وڵاتە وەکو بەشێك لە نەتەوەی فارس تەماشا بکرێن یاخود ڕۆڵی مێژوویی ئەوان لەبیر بکرێ. لەبەر ئەوەی ئایینی زەردەشتیش لە ئێران سەری هەڵداوەو پاشان لە هەندێ وڵاتی وەکو هیند و چین و عێراقی ئەو سای ژێر دەسەڵاتی فارس بڵاوبووەتەوە, بۆیە کە باسی ئەو ئایینە کراوە گوتوویانە: *((ئایینی زەردشتی لە سەردەمی کیانییەکاندا*

Kchaemenian ئایینی باوی وولاتی فارس و دەوروبەری بووە ...))[3]. بەلام ئەو نووسەرانەی شارەزاییان لە مێژووی کۆنی گەلانی ئەو ناوچەیە هەبووە بە تایبەتی ئەوانەی بە شێوەیەکی دروست لە ناسنامەی نەتەوەیی زەردەشت دووراون بیر و بۆچونێکی جیاوازیان لەگەڵ نووسەرانی بەرەی یەکەمدا هەیە, ئەمان بە ڕاشکاوی زەردەشت دەبەنەوە سەر میدییەکان و دەڵێن: *((کاتێ زەردەشت نەیتوانی بە پەیامەکەی کار لە نەتەوەکەی بکا میدییەکانی بەجێهێشت و ڕووی کردە ناو فارسەکان و داوای لێکردن بڕوا بە ئایینەکەی بهێنن))*[4]. هەروەها ((جاکسۆن)) لە کتێبە بە نرخەکەیدا کە ناوی *((ژیانی زەردەشت))*ە سەلماندوویەتی کە: ((زەردەشت کەسێکی مێژووییە و لە خێڵی میدیاکانە))[5] جگە لەوانە ((علی سەیدۆ گەورانی))ش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە *((زەردەشت خەڵکی شاری ورمێی سەر بە هەرێمی ئازەربایجانی باکووری ڕۆژئاوا بووە, ئەو ناوچەیەش لە پێش زایینیەوە بە وولاتی میدیا ناسراوە و شوێنی کورد بووە و ئێستاش لێی دەژین و ئەمڕۆ ئەو هەرێمە بەشێکە لە ئێرانی هاوچەرخ))*[6], بە گوێرەی ئەو بەڵگانەش کە دووپاتی ئەوە دەکەنەوە میدییەکان لە وولاتی کوردستانی ئێستادا ژیاون و پایتەختی دەوڵەتەکەیان لە شاری *((ئەمەدان Amadan یان هەمەدان بووە))*[7], یاخود هەروەکو پرۆفیسۆر *((سایز Sayes))* ئەڵێ: *((مادا عەشایری کورد بوون و لە شەرقی ئاسوورییەدا جێگیر ببوون, وولاتیان تا جنووبی بەحری خیزر ئەچوو بەشی زۆریان لە خووسووسی زمانەوە هێندو-ئۆروپی و لە جیهەت عیرقەوە-ئاری-بوون))*[8], یان هەروەکو *((بەعزێ لە مووتەخەسیسین و مووستەشریقین ئەڵێن زمانی قەومی -مەد-, زمانی کوردیی ئیمڕۆ یان ئەساسی بووە))*[9]. هەروەها بە بەڵگەی جوگرافیای شوێنی لە دایکبوونی زەردەشت کە شاری ورمێیە و کۆمەڵێ نووسەری وەکو *((یاقوت الحموی))* کە دەڵێ: *((ورمێ ناوی شارێکی مەزن و دێرینی ئازەربایجانە و دەڵێن زەردەشتی پێغەمبەری مەگوسەکان لەوێ لە دایکبووە))*[10], یان وەکو خاوەنی کتێبی *((صبح الاعشی))* کە هەمان بۆچوون دووپات دەکاتەوە و دەڵێ: *((ورمێ ... شارێکی شکۆدارە... و دەڵێن زەردەشتی پێغەمبەری مەگوس خەڵکی ئەوێیە))*[11], بێجگە لەو پەیوەندییەی نێوان زمانی کوردی و ئاڤێستای زەردەشت کە مینۆڕسکی لە کتێبی *((کورد))*دا بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ کردووە و دەڵێ:

((زمانی کـــوردی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەستراوە بە زمـانی ئاڤێستاوە...))[12]. دەتوانین بڵێین زەردەشت میدی بووە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران)، سروشی بۆ هاتووە و یەکەمجاریش لەناو میدیەکاندا پەیامی پێغەمبەری ڕاگەیاندووە بەڵام لەبەر ئەوەی *((خەڵکانێکی زۆر لەناو میللەتەکەیدا ناحەزییان لەگەڵدا کردووە، بۆیە بە ناچاری ئەوێی بەجێهێشتووە و چووەتە شاری بەلخ کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئێران و لەوێ ویشتاسەف پاشا یان گوشتاسەپ ڕێزی لێناوە و پشتگیری لێکردووە هەتا ئایینەکەی بە هەموو وولاتدا بڵاوبۆتەوە))*[13].

ساڵی لە دایکبوونی زەردەشت:

زەردەشت وەکو کەسایەتییەکی مێژوویی تا ئێستا مێژوونووسان لەسەر ساڵ و ڕۆژی لە دایکبوونی ڕێك نەکەوتوون و هەریەکە بە گوێرەی بۆچوونی خۆی مێژوویەکی جیاوازی بۆ ئەم مەبەستە دیاری کردووە. هۆی ئەم کێشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زەردەشت پاش خۆی هیچ بەڵگەیەکی بڕوا پێکراوی سەبارەت بە ساڵی لە دایکبوونی بۆ ئێمە جێ نەهێشتووە. هەندێ بڕوایان وایە کە *((مێژوویی ژیانی زەردەشت بۆ هەزار و هەشت سەد یان دوو هەزار یان شەش هەزار یاخود حەوت هەزار ساڵی پێش لە دایکبوونی مەسیح دەگەڕێتەوە))*[14]، کەچی هەندێکی تر دەڵێن زەردەشت لە نێوان *((شەش هەزار – شەش سەدی پێشی زایینی لە دایکبووە))*[15]، هەروەها *((د.سامی سعید الاحمد))* دەڵێ: *((لەوانەیە زەردەشت لە سەرەتاکانی ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پێشی زایینی دەستی بە بڵاو کردنەوەی ئایینەکەی کردبێت))*[16]. لەبەر ئەوەی ئەفسانەی زەردەشتی باسی ئەوە دەکات کە *((زەردەشت لە تەمەنی چل ساڵی پاش دە ساڵ خەڵوەتکێشان سروشی بۆ هاتووە))*[17]، بۆیە ئێمە بە لەبەر چاوگرتنی ئەو مێژوویەی سەرەوە کە (د.سامی سعید) ئاماژەی پێکردووە بە دووری نازانین کە ئەم مرۆڤە لە سەرەتاکانی سەدەی شەشەمی پێشی زایینی لە دایکبووبێ.

سەبارەت بە مردن و چۆنیەتی کۆچکردنی ئەم پێغەمبەرە میدییەش گەلێ بۆچوونی جیاواز لە ئارادایە, هەندێ دەڵێن زەردەشت *((پاش حەفتاو حەوت ساڵ تەمەن لە شاری بەڵخ بروسکە لێی داوە و مردووە))*(18), کەچی هەندێ سەرچاوەی تر مردنی زەردەشت بۆ ساڵانی جەنگی نێوان ئێران و تورکە تۆرانییەکانی ئاسیای ناوەڕاست دەگێڕنەوە کە گوایە *((سەربازێکی تۆرانی لە پەرستگایەکی ئاگردا ئەوی کوشتووە))*(19). چیرۆکی مردنی یاخود کوشتنی زەردەشت هەر چۆنێك بووبێ ئێمە لەو بڕوایە داین کە لە کۆتاییەکانی گرێی حەوتەمی سەدەی شەشەمی پێشی زاینیدا ئەو مرۆڤە پاش ئەوەی توانی بناغەی ئایینێکی نوێ بۆ زۆربەی گەلانی ئێران دابمەزرێنی کۆچی دوایی کردووە.

بەشی دووەم:

ئەفسانەی سروش و ململانێی هێزی خێر وشەڕی زەردەشتی

ئەفسانەی سروشی زەردەشتی:

ئەفسانەی زەردەشتی گەلێ ڕووداوی سەیر دەربارەی ژیانی زەردەشت باس دەکا, ئەو ڕووداوانەش پەیوەندیی بە هەموو قۆناغەکانی ژیانی ئەو مرۆڤەوە هەیە و وا پیشاندراوە کەوا کەسێکی ئاسایی نەبووە, بەڵکو خوا هەر لە سەرەتاوە بۆ گەیاندنی پەیامێ خوڵقاندوویەتی, لەبەر ئەوەش بووە یەکجار وەکو ڕۆحێ لە ئاسمان خوڵقاوە و ماوەیەکی زۆر لە مەلەکوتی یەزدان ماوەتەوە پێش ئەوەی بڕیاری بدرێ بچێتە خوارەوەو لە شێوەی مرۆڤ یان کوڕی مرۆڤدا خۆی بنوێنێ و خەڵکی بۆ پەیامی ڕاستی خودا پەرستی بانگ بکات.

ئەفسانەی زەردەشتی ئەوە دەردەخات کە ڕۆحی زەردەشت لە دوو شێوە و شوێنی جیاوازدا ژیاوە. لە یەکەمیاندا ڕۆح بەبێ جەستەو لە دووەمدا هەردووک پێکەوە. لە ئاسماندا بێ دایک و باوک بەڵام لە زەویدا بە فەرمانی یەزدان, پورشەسپ و دوغدۆڤا, بەوە بەختەوەر دەکرێن کە دەبنە باوک و دایکی نێردراوی خودا کە پاشان دەبێ بە پێغەمبەری گەلی میدی و زۆربەی گەلانی ئاری لەو سەردەمە و لەو ناوچەیە. ئەو دایک و باوکەش لەوەو پێش لە لایەن خودای ئەهورامەزداوە بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە هەڵبژێراون, بە پێی ئەم ئەفسانەیەش ئەوان دایک و باوکی زەردەشت نین بەڵکو تەنیا هەڵگری تۆوی ئەون بۆ ئەوەی لەسەر زەوی لە شێوەی مرۆڤدا لە دایک ببێ. ئەفسانەی ئەفراندنی زەردەشتی لەم بارەیەوە دەڵێ: *((پاش ئەوەی خودا ڕۆحی زەردەشت لە ئاسمان دەخوڵقێنێ ماوەیەک لە ئاسمان دەمێنێتەوە پاشان بە فەرمانی یەزدان, بەهمەن و ئەردیبهەشت, ئەو ڕۆحە لە چڵێکی پیرۆزدا پەنا دەدەن و لە زەوی لەسەر لقی دارێکی دادەنێن. بە ویستی ئەو دوو فریشتەیە پورشەسپی گاوان ئەو چڵەدارە*

هەڵدەگرێ و بۆ ماڵی دەباتەوە. تەنی زەردەشتیش لە لایەن خوردادی فریشتەی ئاو و ئەمردادی فریشتەی گیایەوە, لەگەڵ باراندا ڕەوانەی زەوی دەکرێ و لە شێوەی گیایەك دەڕوێ کە پورشەسپ چێڵەکانی بۆ لەوەڕ بۆ ئەو شوێنە دەبات و ئاژەڵەکانی لەو گیا پیرۆزە دەخۆن گوانیان پڕ لە شیر دەبێ کە دوغدۆڤا دەیان دۆشێ مێردەکەی چڵە پیرۆزەکە دەخاتە شیرەکەیانەوە. بە خواردنەوەی ئەو شیرە دۆغدۆڤا سکی پڕ دەبێ و پاش نۆ مانگ زەردەشت لە شێوەی منداڵێ لە دایك دەبێ))[20].

ئەوەی ژیانی پێغەمبەران بخوێنێتەوە تێدەگا کە خودا ئەوانی لەبەر کۆمەڵێ پێداویستی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی خوڵقاندووە و پەیامی خۆی پێ بەخشیوون, بۆ ئەوەی خەڵکی ئاگادار بکەنەوە و لە کاری خراپیان دوور بخەنەوە و بۆ خوا پەرستنیان بگەڕێننەوە. بەمەش بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوان مرۆڤێکی رزگارکەرن. دوور نییە لە ئەفسانەی زەردەشتیدا, زەردەشتیش بۆ هەمان مەبەست خوڵقابێ و لەوانەیە پێش هاتنی ئەو پێغەمبەرە گەلانی ئێران لە بارو و دۆخێکی نالەباردا ژیابن و چاوەڕێی ڕزگارکەرێکیان کردبێ. بەم ئەفسانەیە زەردەشتییەکان دەیانەوێ بە خەڵکی ڕابگەیەنن کە پەیامبەرەکەیان نێردراوی خودایە و بۆ ئەو مەبەستەش لە ئاسمانەوە بۆ ناو ئەوان ڕەوانە کراوە. ئەم ئەفسانە زەردەشتییە بەناو کۆمەڵێ لە گەلانی دونیا بڵاو بۆتەوە کە یەکێ لەوانە گەلی ئیسرائیلە. ئەفسانە وەکو بیرو باوەڕێ یان لە ڕێی شەڕ و داگیر کردنەوە یاخود لە ڕێی بازرگانی و تێکەڵاوی گەلانەوە لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر دەگوێزرێتەوە, لەبەر ئەوەی پەیوەندی بازرگانی لە نێوان شاری جەلیل و ئێرانی ئەو سەردەمە گەلێ بەهێز بووە خەڵکانێکی زۆر لە هەردوو لاوە بەڕێی ئاوی کەنداوی عەرەبەوە هاتوون و هەر کۆمەڵێ پێی خۆش بووبێ لە وڵاتی ئەوی تردا نیشتەجێ بووە. خەڵکی ووڵاتی ئەوسای ئێران زۆریان ڕوویان کردۆتە شاری جەلیل و بەشێکیان لەوی گیرساونەتەوە, ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی ئەفسانەی زەردەشتی کە ئایینی باوی ئێران بووە کار لە خەڵکی ئەو شارە بکاو پاشان بە هەموو شارەکانی فەلەستین و دەور و بەریدا بڵاو ببێتەوە. لەم بارەیەوە *((عباس العقاد))* دەڵێ: *((هەندێ لە مێژوونووسان لەو بڕوایەدان کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کۆنی شاری جەلیل لەو خێڵە فارس و هیندی و*

عێراقیانەن کە لەگەڵ کاروانی بازرگانیدا هاتوون و لە ڕۆخی دەریای ڕۆم نیشتەجێ بوون و پەیوەندیی بازرگانی خۆیان لەگەڵ دەریاکانی ڕۆژهەڵاتدا پاراستووە, هەروەها خەڵکی ئەم شارە گەلێ کەلتووری ئەو فارسانەیان وەرگرتووە))[21]. لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونەدا زۆر ئاساییە مەسیحییەکان حەکایەتێکمان دەربارەی لە دایکبوونی مەسیح بۆ بگێڕنەوە کە لە زۆر ڕووەوە لە حەکایەتی لە دایکبوونی زەردەشت بچێ. ئەوان بڕوایان وایە کە *((خوا تاکە کوڕەکەی ناردە سەر زەوی و چووە منداڵدانی مەریەمی پاکیزەوە, پاشان وەکو هەر منداڵێ لە دایک بوو...))*[22], هەروەها ئەو وەسفەی کە ***Guignebert*** بۆ مەسیحی چاوەنواڕ کراوی جولەکەی کردووە گەلێ لە بیرو بڕوای زەردەشتییەکان نزیک دەبێتەوە چونکە ئەو دەڵێ: ((مەسیحی چاوەنواڕ کراو کەسێکی ئاسایی نییە بەڵکو مرۆڤێکی ئاسمانییە ***Heavenly person*** و خاوەن پەرجووە. خودا پێشەوەخت دەیخوڵقێنێ و لە ئاسمان نازناوی کوڕی مرۆڤ هەڵدەگرێ, واتا لە وێنەی مرۆڤدا لــە دایک دەبێ...))[23]. ئەم ئەفسانەیە لەوەو پێش لەناو جولەکەدا نەبووە و خوێندنەوەکانی کتێبی پیرۆز بەڵگەی ئەوەمان بەدەستەوە دەدەن کە *((ئەم بیرۆکەیە تا پاش ڕووخانی دەوڵەتی ئەوان و بەدیل بردنیان بۆ بابل و پاشان کەوتنە ژێر ڕکیفی فارسەوە))*[24], لەناو ئەواندا باو نەبووە, لەبەر ئەوەشە کۆمەڵێ لە توێژەران بڕوایان وایە کە جولەکە ئەم ئەفسانەیان لە *((ئاییـنی زەردەشتییەوە خواستووە))*[25].

زەردەشت وەکو مرۆڤێکی ئاسمانی هەر لە منداڵییەوە خودا هەندێ دیاردەی سەیری لە ژیانی ئەودا پیشانداوە بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی بسەڵمێنێ کە ئەو مرۆڤە نێردراوی خۆیەتی و دەبێ ئەوان بڕوای پێ بکەن و پشتگیری لێ بکەن.

ئەفسانەی زەردەشتی دەربارەی ژیانی ئەو منداڵە بۆمان دەگێڕێتەوە کە: *((کاتێ زەردەشت لە دایک بوو بە جۆرێ پێکەنی هەموو ئەوانەی لەوێ بوون هەستیان بەو پێکەنینە کرد))*[26], زەردەشتیەکان دەڵێن کاتێ کە بەرەی شەڕ دیتیان ئەو منداڵە بەو جۆرە ڕفتاری کردووە تێگەیشتن ئەمە ئەو منداڵەیە کە خوا بۆ دژایەتی ئەوانی ناردووە, بۆیە هەر زوو ویستیان لەناوی بەرن. بۆ ئەم مەبەستە هاوڕێیانی *((شای دێوان ئاگریان بەردایە ئەوماڵەی زەردەشتی تێدا لە دایک بووە کە دایکی بە ئاگاهات وای دەزانی منداڵەکەی سووتاوە کەچی دیتی*

لەناو ئاگرەکەدا یاری دەکا بێ ئەوەی هیچ زیانێکی پێ گەیشتبێ))[27], کە ئەم پیلانەش سەری نەگرتووە ئەوان زەردەشتیان فڕاندووە و *((خستوویانەتە ناو تەویلەی چێڵ و ئەسپەوە پاشان لە کونە گورگیان کردووە کەچی هەریەک لەو ئاژەڵ و دڕندانە پارێزگارییان کردووە و نەیان هێشتووە هاو ڕەگەزەکانیان زیانی پێ بگەیەنن، کە برسیش بووە خودا فریشتەی لە شێوەی بزندا ناردووە بۆ ئەوەی شیری بدەنێ))*[28].

کاتێ زەردەشت گەورە دەبێ و ژن دەخوازێ ژیانی ژن و مێردایەتی ئەرکە پیرۆزەکەی لەبیر ناباتەوە بەڵکو بە پێچەوانەوە هەر چەند گەورە دەبێ ئەوەندە زیاتر خولیای دیتنەوەی ڕێی ڕاست لە دڵی چەکەرە دەکا، ئەم کارەش بێ پشتیوانی خودا بۆی مەیسەر نەدەبوو. سەرەتا گومان لەو عیبادەتانە پەیدا دەکا کە میللەتەکەی ئەنجامی دەدەن، پاشان بیرکردنەوە و تێڕامان بۆ خەڵوەتکێشی دەبن و بڕیار دەدا کە ژنەکەی بەجێ بهێڵێ، بۆیە پێی دەڵێ: *((دەمەوێ ماوەیەک گوشە گیربم و بیر لە چاکە و خراپە بکەمەوە بۆ ئەوەی سەرچاوەی چارە ڕەشی خەڵکم بۆ دەربکەوێ و ڕێگا چارەیەکیان بۆ بدۆزمەوە پاشان بۆ بەختەوەری و سەر بڵندی ڕێنماییان بکەم))*[29]، بۆ ئەم مەبەستە *((لە تەمەنی سی ساڵیدا دەچێتە کێوی سبلان، بۆ ماوەی دە ساڵ خەڵوەت دەکێشێ هەتا خودا ئاڤێستای پێ دەسپێرێ))*[30].

ئەهریمەن کە نوێنەری بەرەی شەڕە لە ئەفسانەی زەردەشتیدا، هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی زەردەشت لە خشتە بەرێ و ناچاری بکات لە خودا پەرستی پەشیمان ببێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش، وەکو لە بەشی پەنجاو شەشی مینۆخورداو بەندەکانی بیست و چوار و بیست و پێنجی ئەو کتێبەدا دەردەکەوێ، دەچێتە لای زەردەشت و پێی دەڵێ: *((هەر کاتێ مەزدا لەبیر بکەیت و لە ڕاگەیاندنی پەیامی ئەو دەس هەڵگری بۆ ماوەی هەزار ساڵ پاشایەتی سەر زەویت پێ دەبەخشم، بەڵام زەردەشت بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە: ((من بڕیارم داوە تا دوا هەناسە لەم کارە پەشیمان نەبمەوە و هەمیشە دژی بەدکاری و شەڕ خوازان بجەنگێم))*[31]. ئەفسانەی زەردەشتی، بۆ ئەوەی مەزنێتی زەردەشت دەربخاو ئەوە دووپات بکاتەوە کە پێغەمبەری ئەوان تەنیا گوێ ڕایەڵی خودا بووە و لە پێناوی ئایینی حەقدا ئامادە بووە ڕۆحیش ببەخشێ، باسی ئەو هەوڵانەی

ئەهریمەنمان بۆ دەکات کە چۆن ویستوویەتی بە بەکارهێنانی زەبر و ئەشکەنجەدان ئەو پێغەمبەرە لە ڕێ لابدا. لەم بارەیەوە دەڵێ: *((ئەهریمەن کەوتە هەڕەشە و هەوڵیدا بە زۆر زەردەشت لە پەیامەکەی پاشگەز بکاتەوە بۆ ئەمەش قورقوشمی تواوەی کرد بە گەروویدا, بەڵام بەو کردەوەش نەیتوانی بڕوای بتەوی ئەو لاواز بکات))*[32]. زەردەشتییەکان بۆ ئەوەی بە خەڵکی پیشان بدەن کە پەیامبەرەکەیان مرۆڤێکی پایەدار و بە توانا بووە کۆمەڵێ پەرجوو لە بارەی ئەوەوە دەگێڕنەوە یەکێ لەوانە بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە زەردەشت لە شاری بەڵخ بووە. دیارە سەرەتا دەسەڵاتدارانی ئەوێ بڕوایان بەو نەکردووە و لە زیندانیان ناوە. *((ڕۆژێ لە زینداندا بە ڕێکەوت بووە بە بن پێی ئەسپەکەی گوشتاسەفەوە و سمی ئەسپەکە لە زگی چەقیووە بەڵام هیچی لێ نەهاتووە))*[33]. *کە پاشا ئەم ڕووداوەی بە چاوی خۆی بینیووە بڕوای بە پێغەمبەری زەردەشت هێناوە و بووە بە پاڵپشتی خۆی و پەیامەکەی. هەروەها دەڵێن جارێك ((لە شاری دینەوەر چاوی بە کوێرێ دەکەوێ دەڵێ: بیبەن ئەو گیایەی لە چاو بکەن چاك دەبێتەوە کە ئەوانیش ئەم کارە دەکەن کوێرەکە بینایی دەکرێتەوە))*[34] بەمەش خەڵکێکی زۆر بڕوایان پێ هێناوە.

ئەفسانەی زەردەشتی باسی گەشتێکی زەردەشت دەکا کە گوایە لەو گەشتەدا چووەتە ئاسمان و خودای ئەهورامەزدای بینیووە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ زەوی. ئەو ئەفسانەیە بەم شێوە باسی ئەو گەشتە سەیرەی کردووە: *((پاش ئەوەی زەردەشت بە سواری فاهۆمانای گەورە فریشتەکانی خودا دەچێتە ئاسمان, لەوێ خودا دەبینێ و هەر لەوێش ووشەی حەقی پێ دەگوترێ پاشان بەهەشت و دۆزەخی پیشان دەدەن))*[35].

ئایینی زەردەشتی لە سەردەمی *((کیانییەکاندا Achaemenian گەلێ گەشەی کردووە تا ئەو کاتەی ئەسکەندەر توانی لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی پێش زایینیدا زیانێکی گەورەی پێ بگەیەنێ. دوایی لە سەردەمی ساسانییەکاندا کە ساڵی دوو سەدو بیست و شەشی زایینی دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست ئەم ئایینە بووژاوەتەوە و بووە بە ئایینی زۆربەی گەلانی ئێران تا سەردەمی هاتنی ئیسلام بۆ ئەو ووڵاتە کە پاشان زۆربەی گەلانی ئەوێ بڕوا بەم ئایینە نوێیە دێنن))*[36]. دوای ئەو مێژووە ڕۆژ بەڕۆژ ئایینی زەردەشتی کزبووە و ئەمڕۆ تەنیا

له هەندێ ناوچەی ئێران و هیندستاندا خەڵکێکی کەم پەیڕەوی ئەو ئایینە دەکەن.

ئەفسانەی ململانێی هێزی خێر و شەڕی زەردەشتی:

ئایینی زەردەشتی لەسەر بنەمایەکی ئەفسانەیی دامەزراوە کە بریتییە لە هەبوونی دوو هێزی دژ بەیەك, یەکەمیان هێزی ڕووناکی و چاکەیە, دووەمیان هێزی تاریکی و خراپەیە. بە گوێرەی ئەم ئەفسانەیە, ئەو دوو هێزە خوای ئەهورامەزدا خوڵقاندوونی و ئاوێتەی یەکتری کردوون بۆ ئەوەی کاروباری ژیان ڕێکبخەن و دژایەتییان بەردەوام دەبێ تا لە ئەنجامدا یەکەمیان بەسەر دووەمیاندا سەر دەکەوێ. بڕوا بە هەبوونی ئەو دوو هێزە پێشتر لە ئایینە کۆنەکانی میدییەکاندا باو بووە لەم بارەیەوە جیمس هێنری بریستید لە کتێبی *((سەرکەوتنی شارستانی))*دا دەڵێ: *((زەردەشت لە ململانێی بەردەوامی نێوان خێر و شەڕ ڕادەماو ئەو دژایەتییەی لە هەموو شوێنێ هەست پێدەکرد و دەیبینی کە لە ئایینی گەلی میدی و بڕوا و خواوەندەکانیاندا خۆ دەنوێنن, وای بۆ دەچوو ئەو زۆرانبازییە لە نێوان کۆمەڵێ لە هێزی خێر و کۆمەڵێ لە هێزی شەڕدا بەرپایە...))*[37], بە بیرکردنەوە و لێکدانەوە زەردەشت بۆی دەرکەوت کە نابێ لە جیهاندا لە یەك خودا زیاتر هەبێ و هەرچی دیاردەی گەردوونە ئەو خوڵقاندوونی و سستەمی جموجۆڵی ڕێکخستوون, لەبەر ئەوە *((ئەو ڕۆحانەی خێرخوازن لەیەك خوادا کۆی کردنەوە کە ئەهورامەزدا نوێنەرایەتی دەکا و ئەو ڕۆحانەی شەڕخوازن لەیەك هێمادا بەرجەستەی کردن و ناوی لێنا ئەهریمەنی دێو...))*[38].

زەردەشت کە دەیزانی بڕوا بە هەبوونی ئەو دوو هێزە *((لە دەروونی خەڵکیدا چەسپیوە, بۆیە نەیویستوە حاشایان لێبکات, بەڵکو بە پێچەوانەوە, لە چوار چێوەی بڕوا یەکتاپەرستیەکەیدا کردنیە بناغەی فەلسەفە و بۆچوونەکانی خۆی))*[39], بەم شێوەیە یەکەم هەنگاوی بڕوای یەکتا پەرستی لەسەر دەستی ئەو لەم ناوچەیە دامەزرا و لە ڕاگەیاندنی پەیامەکەیدا بە خەڵکی دەگوت: *((خوا تاك و تەنیا و بێ وێنە و بێ هاوتایە و ڕووناکی و تاریکی ئەو دایهێناون و هەردووکیانی بۆ حیکمەتی خۆی ئاوێتە کردووە, ئەگەر ئاوێتەی نەکردنایە ئەم*

بوونه نەدەخوڵقا, بەو شێوەیەش دەمێننەوە تا ڕووناکی بەسەر تاریکیدا سەردەکەوێ...))[40]. هەبوونی ئەو دوو هێزە ناکۆك و دژ بەیەکە بە گوێرەی ئەفسانەی زەردەشتی بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ لەم دونیا تاقیبکرێتەوە چونکە ئەوەی پەیڕەوی ڕێی چاکە بکا و پاك و بێگەرد بێ جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو کەسەی خراپ و بەدکردارە, لەو دونیاش بە گوێرەی کردەوەی ئەم دونیا کەسەکان پاداشتی خۆیان وەردەگرنەوە ***(لە بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەدا بە درێژی باسی ئەم بابەتە کراوە)***. لەم ئایینەدا مرۆڤ سەربەستە لەوەی کە هەریەك لەم دوو ڕێگایە پیادە بکات یان هاوکاری یەکێ لەو هێزانە بکات. لەگەڵ ئەوەشدا زەردەشت بە ڕاشکاوی ئەوەی دەربڕیوە کە تەنیا مرۆڤە ژیرەکان دەتوانن ڕێی چاکە هەڵبژێرن. لەم بارەیەوە یەسنا دەڵێ: *((ئێستا و لە سەرەتادا هەردوو جووتە ڕۆح سروشتی باش و شەڕانی خۆیان لە بیرو بۆچوون و کردەوەدا ئاشکرا کردووە, بۆیە لە نێوان هەردوو لادا هوشیارەکان نەك گێلەکان دەتوانن باشترینیان هەڵبژێرن))*[41]. بە گوێرەی ئەو بۆچوونە بە تەواوی بۆمان دەردەکەوێ کە ئایینی زەردەشتی لەسەر بناغەی یەکتا پەرستی دامەزراوە بە پێچەوانەی ئەو نووسەرانەوە کە دەڵێن: *((زەردەشت لە ڕووی فەلسەفییەوە دوانی پەرست بووە))*[42]. بۆ ئەوەی زیاتر ئەم بۆچوونەمان دووپات بکەینەوە, باشتر وایە ئەم دوعاو نزایەی زەردەشت بکەینە بەڵگە کە دەڵێ: *((چەند بەختەوەرە ئەو کەسەی دڵی خەڵکی خۆش ئەکا. ئەی خودای من داوای هێز بۆ لاشەو ڕۆحم لە تۆ دەکەم, بۆ ئەوەی لەسەر حەق بم. ئەی خودایە ئەی پشتیوانی بڕوا و خۆشەویستی ئەو بەرەکەتە خواییەم پێ ببەخشە کە بە پیاو چاکانی دەدەی))*[43]. لێرەدا بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە زەردەشت شێوەی تاکی لە قسە کردندا بەکارهێناوە و لەیەك خودا پاڕاوەتەوە بۆ ئەوەی پشتوانی بکا و هێزی پێ بدا. هەروەها زەردەشت زۆر بە توندی دژایەتی ئەو ئایینانەی کردووە ڕەگەزەکانی سروشتی تێدا پەرستراوە و داوای لە پەیڕەوکەرانی کردوون تەنیا یەك خودا بە ڕاست بزانن کە هەموو ئەو دیاردانەی خوڵقاندووە, هەر کەسێکیش دەستی لەو ئایینانە هەڵنەگرتووە بە دێوپەرستی داناوە. ***(ماکس مۆلەر)*** ئەو بۆچوونە بەم شێوەیە دووپات دەکاتەوە و دەڵێ: *((زەردەشت هێرشی دەبردە سەر سروشت*

پەرستان... و بۆ ئەوەی هەرەس بە ئایینەکەیان بێنێ خواوەندەکانیانی بە دێو ناو ئەبرد))[44].

زۆر جار زەردەشتییەکان بەوە تاوانبار کراون کە گوایە ئەوان ئاگر پەرستن, بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان ئاگریان نەپەرستووە بەڵکو تەنیا بە دیاردەیەکی پیرۆزیان داناوە و *((بە خواوەندیان نەزانیوە بەڵکو لەگەڵ هەتاودا بە هێمای هێزی ئەو خودایەیان داناوە کە کەس ناتوانێ بەچاو ببینێ... هەروەها ئەوان چەند جەمسەری و شەریك دانان بۆ خودای خێر و ڕاستی بە تاوانێکی گەورەیان زانیوە و بڕوایان وابووە کە ئەمە لادانە لە بڕوا بوون بە خودای ئەهورامەزدای تاك و تەنیا...))*[45], لەبەر ئەوەشە زەردەشتییەکان ناهێڵن هیچ کەسێ ئاگر بە شتی پیس بکوژێنێتەوە, ئەم بڕوایەش تا ئێستا لەناو کورددا هەر ماوە. هەروەها بێجگە لە ئاگر *((ئاو و هەوا و خۆڵیش لای ئەوان بە پیرۆز دانراون و نابێ بە هیچ جۆرێ گڵاو بکرێن))*[46], زۆربەی کوردی ئەمڕۆش بە تایبەتی ئەو تایفەی کە بەناوی ئێزیدی ناسراون هەمان بڕوایان هەیە. بۆ پاراستنی پیرۆزیی ئەو چوار ڕەگەزەی ئاماژەمان پێکردن, زەردەشتییەکان نەیانهێشتووە *((مردووەکانیان لە گۆڕا بشاردرێنەوە یاخود بە ئاگر بسووتێنرێن یان فڕێدرێنە ناو ئاوەوە بەڵکو دەبوایە لەسەر بورگێ کە ناوی ((ڕەخما)) یان ماڵی بێ دەنگییە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بە باران پاراو ببێ و پاشان باڵندە گۆشتەکەیان بخوات))*[47]. ئەم بڕوایە لەوەو پێش لەناو *((میدییەکاندا باو بووە))*[48] و ئەمانیش وەکو ئەوان لەسەر هەمان داب و نەرێت ماونەتەوە. لەوانەیە ڕەگی ئەم بڕوا ئەفسانەییە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەگەر هەر کەسێ بمرێ وەکو ئەوە وایە *((لە جەنگی ململانێی نێوان هێزی خێر و شەڕدا کوژرابێ و هێزی شەڕ بەسەر ئەودا سەرکەوتبێ))*[49], بۆیە لاشەی مردوو لای ئەوان بە خاوێن نەزانراوە و بە پێویستیان زانیوە کە دیاردە پیرۆزەکانی پێ گڵاو نەکرێ. بە پاراستنی هەندێ نەریتی کۆن, زەردەشت, ویستوویەتی زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ هەندێ بڕوای باوی نێو کۆمەڵدا بکات, بە تایبەتی ئەو داب و نەریتانەی کە لەگەڵ چەمکی یەکتاپەرستیدا دژ نین و نابنە مایەی سەرهەڵدانی بیرو بڕوای ناکۆك لەنێو پەیڕەوکەرانیدا, لە هەمان کاتدا دەبێتە زەمینە خۆش کردنێ بۆ ئەوەی خەڵکانێکی زۆر بڕوای پێبکەن و دژی نەوەستن.

بەشی سێیەم:

ئەفسانەی بەهەشت و دۆزەخی زەردەشتی

ئەفسانەی بەهەشتی زەردەشتی:

لەوانەیە ئایینی زەردەشتی، بە گوێرەی دەقەکانی ئاڤێستا، یەکەم بڕوابێ لەو سەردەمەدا بە ڕاشکاوی باسی ئەوەی تێدا کرابێ کە دوو دونیا هەیە. یەکەمیان دونیای ئێستایە و دووەمیان ئەو دونیایەیە کە مرۆڤ پاش مردن ژیانی تێدا بەسەر دەباو بە پێی کار و بڕوا و گوفتار لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێ و پاشان پاداشتی خۆی وەردەگرێتەوە. ئاڤێستا دەڵێ: *((لە ژیانی دووەمی جاویدانیدا دەروونی خێرخوازان پڕ لە کامەرانی دەبێ کەچی درۆزنەکان لە ئەشکەنجەیەکی هەمیشەییدا سزا دەدرێن))*[50].لەم دەقەدا بۆمان دەردەکەوێ کەوا مرۆڤی خێرخواز بەوە کامەران دەبێ کە ڕۆحی دەچێتە بەهەشت، بەڵام مرۆڤی بەد و بێ بڕوا بە دۆزەخ سزا دەدرێ و لە ناخۆشییەکی بێ سنووردا ژیان بەسەر دەبا. بۆ ئەوەی کەسێ لە بەهەشتی زەردەشتی بێ بەش نەبێ، پێویستە بڕوای بە پەیامی زەردەشتی پێغەمبەر هەبێ و هەروەها کار و گوفتاری باش بێت، ئەم سێ بنەمایە لە ئاڤێستادا پێیان دەووترێت *((منیش، کنیش، کونیس))*[51]. بەهەشتیش لە ئەفسانەی زەردشتیدا بە گوێرەی ئەو سێ بنەمایە بەم جۆرە دابەش کراوە :

((1- هۆمەتە : پایەی ئەندێشەی چاک.

2- هۆخەتە : پایەی گوفتاری چاک.

3- هۆرشتە : پایەی کرداری چاک))[52].

جگە لەو سێ بنەمایە، مەرجی سەرەکی چوونە بەهەشت لە ئەفسانەی زەردەشتیدا ئەوەیە کە دەبێ مرۆڤ بڕوای بە خودای ئەهورامەزدای بێ شەریك و تەنیا هەبێ و ئیمانی بە پەیامی پێغەمبەرایەتی زەردەشت هێنابێ، هەروەها دەبێ ئەم سوێندە بخوات کە لە ئاڤێستادا هەیە و بە هیچ جۆرێ بۆی نییە لەم سوێندە دەربچێ: *((سوێند دەخۆم کە دزی نەکەم، ماڵی کەس وێران نەکەم، تۆڵە لە کەس*

نەسێنمەوە، تەنیا خودای ئەهورامەزدا بپەرستم و بڕوام بە ئایینی زەردەشت هەبێ... سوێند دەخۆم کە تەنیا بیر لە خێر و قسەی باش و کردەوەی پەسند بکەمەوە))[53]. هەر کەسێ ئەم سوێندە بخوا دەبێ بە زەردەشتی و نابێ فەرمایشتەکانی زەردەشتی پێغەمبەر لە بیر بکات کە بەم جۆرەش گوێ ڕایەڵی ئیمان و بڕوابێ لەوانەیە لەو دونیا بچێتە بەهەشتەوە و بە دیداری ئەهورمەزدا بەختەوەر ببێ، چونکە ڕۆح پاش ئەوەی دەگاتە ((بارەگای شکۆی ئەهورامەزدا کە –گەروزمان– یان گرونمانان ***Gronmanan*** یان زەمینەی سروودی پێ دەڵێن))[54]، لەوێش دەتوانێ خودا بەچاو ببینێ.

بڕوا بوون بە ژیانی ئەو دونیا وەکو ئەفسانەیەکی زەردەشتی کاری کردۆتە سەر ئایینی جولەکە بە تایبەتی پاش دیلێتیان لە بابل، چونکە بەشێکی ئەو میللەتە لەوەو پێش ***((بڕوایان بە هەڵسانەوە و ژیانێکی تر نەبووە))***[55]، بەڵام دوای خوێندنەوەی ئاڤێستا و لێکۆڵینەوە لە ئایینی زەردەشتی بۆ یەکەمجار بووە جولەکە ***((بزانن بەهەشت و دۆزەخ هەیە، بۆیە لە دوای ئەم کارە ئەشعیا ودانیال پێغەمبەر بە خەڵکیان ڕاگەیاند کە لەو دونیا سزا و پاداشت هەیە و ئەوەی لە بنی خۆڵدا نووستووە هەڵدەستێتەوە و بەشێکیان ژیانی جاویدانی و بەشێکیان ڕوو ڕەشی هەمیشەیی بەر دەکەوێ))***[56].

ئەفسانەی زەردەشتی باسی ئەوە دەکات کە کاتێ هێزی خێر بەسەر هێزی شەڕ و زومرەی ئەهریمەندا سەر دەکەوێ ئەو کاتە دونیا کۆتایی پێدێ و هەڵسانەوە دەس پێدەکات. خودای ئەهورامەزدا بەخۆی سەرپەرشتی لێپرسینەوە لەگەڵ ڕۆحەکاندا دەکا و سزا و پاداشتیان بەسەردا دابەش دەکات. ئەو ڕۆحەی دەچێتە بەهەشت وەکو ئەوەی لە ئاڤێستادا هاتووە: ***((پیر نابێ و نامرێ و بێ ڕەوشتی و ناپەسندی بەچاو نابینێ))***[57]. ئەم ئەفسانەیە گوزارشت لە خەونی دێرینی مرۆڤ دەکا کە لە مێژەوە پەرۆشی هێنانە دی دونیایەکە وەکو بەهەشت خۆش بێ و هیچ جۆرە ستەمێکی تێدا نەبێ. هەروەها نەخۆشی وپیری و مردن، بوونی نەخەنە مەترسییەوە، چونکە ئەو سێ دیاردەیە هەمیشە بوونەتە مایەی دڵەڕاوکێی ئەو و پاڵیان پێوە ناوە بۆ ئەوەی بە شوێنی جیهانێکدا بگەڕێ بەبێ خەم و دوور لەو مەترسییانە ژیانی تێدا بەسەر بەرێ.

ئەفسانەی دۆزەخی زەردەشتی :

لە ئەفسانەی زەردەشتیدا مرۆۋ بایەخێکی زۆری پێدراوە. هەموو بنەماکانی ئەو ئەفسانەیەش بۆ ئەوە ڕێکخراوە کە یارمەتی ئەو بدات ژیانی خۆی بە گوێرەی سستەمێ بگونجێنێ ببێتە مایەی دابین کردنی باشترین گوزەران لەم دونیایە و لەو دونیاش بەرزترین پلەی بەهەشتی پێ ببەخشرێ. ئەو سستەمە بۆ ئەوەی پیرۆزبێ و خەڵکی بیکەن بە بەرنامەی ژیانی خۆیان زەردەشت ڕایگەیاندووە کە ئەمە سستەمی بەرنامەی خودایە و مرۆۋ بێ پابەندبوون بەو بەرنامەیە تووشی سەرلێشێوان دەبێ و ناتوانێ بە کامەرانی و سەروەری لەم دونیا بژی و لەو دونیاش بە دۆزەخ سزا دەدرێ. بەستنی ئەو پەیامە بە خوداوە هاندەرێکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی خەڵکی سەرپێچی لێنەکەن چونکە ئەوەی تێدا پیشاندراوە کە ئەو خوایە خاوەنی هەموو بوونە و دەسەڵاتی بەسەر هەموو دەسەڵاتێکەوەیە. هەروەها چاودێری لەسەر هەموو بوونەوەرێك داناوە و کەس ناتوانێ خۆی لێ بشارێتەوە, بۆیە وا باشە مرۆۋ بە گشتی ئەو ڕێگایە بە ڕاست بزانن کە خودا بە ڕاستی دەزانێ. لەبەر ئەوەی ئەفسانەی زەردەشتی بڕوای وایە کە مرۆۋ بەبێ هوودە نەخوڵقاوە, بۆیە پێمان دەڵێ هەموو کار و گوفتار وبیر کردنەوەیەکی ئەو لە لایەن *((فرشتەی "گوشوران"ەوە تۆمار دەکرێن. پاش مردن ڕۆحی مرۆۋ دادگایی دەکرێ. ئەگەر چاکەی لە خراپەی زۆرتر بوو بە بەهەشت بەختەوەر دەبێ ئەگەر بە پێچەوانەوە بێ بە گوێرەی خراپەکانی لە دۆزەخدا سزا دەدرێ))*[58]. بۆ ئەوەی مرۆۋ زۆر ئازار نەدرێ, ئەفسانەی زەردەشتی دەڵێ *(خراپە) (چاکە)* ڕەش ناکاتەوە و تاوانبار کە چاکەی لە خراپەی کەمتر بێ بە قەد خراپەکانی سزا دەدرێ و *((پاش دوازدە هەزار ساڵ لە دۆزەخ دەردەکرێ و دەچێتە بەهەشتەوە))*[59]. بەڵام ئەوانەی چاکە و خراپەیان وەکو یەك وایە لە شوێنێ ڕادەگیرێن کە پێی دەوترێ *((هەستگان)) ((ئەو شوێنە لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدایە تا ڕۆژی لێپرسینەوە لەوێ دەمێنن پاشان لە دادگای دادی خودایی –ئاکا– تەماشای کێشەکەیان دەکرێ و چارەنووسیان ڕوون دەبێتەوە))*[60].

ڕۆحی مرۆڤ بە گوێرەی ئەفسانەی زەردەشتی دوای ئەوەی زیندوو دەکرێتەوە *((لەبەردەم سێ دادپرسدا دادگایی دەکرێ پاشان بە پردی چینوەتدا بەرەو بەهەشت یان دۆزەخ بەڕێ دەکرێ, ئەوەی ڕۆحی پیاو چاکە بە یاوەری کچێکی پاکیزەی بەهێز و زۆر جوان دەچێتە بەهەشتەوە و لەگەڵ ئەهورامەزدادا بە بەختەوەری دەژێت, بەڵام ڕۆحی پیاو خراپ وا دەزانێ پردەکە وەکو شیر تیژە و وەکوو موو باریکە لە ترسا بۆ ناو ئاگری دۆزەخ دەکەوێتە خوارەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەهریمەن و هاوەڵانی لە ئازاردا بتلێتەوە))*[61]. ئەفسانەی دۆزەخی زەردەشتی وەکو بۆمان دەرکەوت گوزارشت لە هیوا و خەونی مرۆڤی سەردەمێك دەکات کە دەیخواست ستەمی کۆمەڵایەتی بە هاتنە بوونی دەسەڵاتێکی داد پەروەرانە بن بڕ بکرێت, بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو مرۆڤە لە ڕووی مێژووییەوە هوشیارییەکی تەواوی دەربارەی یاساکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی نەبووە, بۆیە ئەم خەونەی گواستۆتەوە بۆ جیهانێکی ناهەستی, سەرەڕای ئەوەی کە ئەمەش هەر دەچێتە خانەی چارەسەرێکی ئیدیالیستییەوە, بەڵام دیوێکی واقیعی پێوە دیارە چونکە هەموو کەسێکی ستەملێکراو ئاواتی ئەوەیە کە سستەمێ دامەزرێ حەق بۆ خاوەنی بگێڕێتەوە و ستەمکار بە سزای خۆی بگەیەنێ و یەکسانی بۆ هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵگا دەستەبەر بکات.

ئەنجامی باسی دووەم

پاش لێکۆڵینەوە لە ژیاننامە و هەندێ ئەفسانەی زەردەشتی بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

1- زەردەشت کەسایەتییەکی مێژووییە, خەڵکی شاری ورمێ و بە ڕەسەن لە نەتەوەی میدییەکان بووە. لەبەر ئەوەی کوردیش لە نەوەی میدییەکانە و شاری ورمێش دەکەوێتە خاکی کوردستانی ئێرانەوە, بۆیە ئێمە زەردەشت بە پێغەمبەری کورد و پاشان زۆربەی گەلانی ئاری نەژادی ئێرانی دەزانین.

2- ئەفسانەی زەردەشتی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زەردەشت پاش ئەوەی دە ساڵ لە کێوی سبلان خەڵوەتیکێشاوە, لە تەمەنی چل ساڵیدا خودای ئەهورامەزدا ئاڤێستای بۆ ناردۆتە خوارەوە.

3- زەردەشت یەکەمجار وەکو ڕۆحێکی پیرۆز لە ئاسمان خوڵقاوە, پاشان بە فەرمانی ئەهورامەزدا ئەو ڕۆحە هاتۆتە خوارەوە بۆ ئەوەی لە شێوەی کوڕی مرۆڤدا لەدایك ببێ.

4- زەردەشتییەکان بڕوایان بە هەڵسانەوە و دۆزەخ و بەهەشت هەبووە.

5- ئەفسانەی زەردەشتی باسی ئەوە دەکات کە گوایە پێغەمبەری ئەوان چۆتە ئاسمان و لەوێش خودای ئەهورامەزدای بەچاو بینیوە.

6- مرۆڤ لە ئەفسانەی زەردەشتیدا هەموو کار و گوفتار و بڕوایەکی لە لایەن فریشتەیەکی ئاسمانییەوە تۆمار دەکرێن و پاش مردن بە گوێرەی ئەوانە پاداشتی خۆی وەردەگرێتەوە.

7- لە ئەفسانەی زەردەشتیدا مرۆڤ ئازادە ڕێی چاکە یان خراپە هەڵبژێرێ, بەڵام لەو دونیا لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێ.

8- بەهەشت و دۆزەخ لە ئەفسانەی زەردەشتیدا بە گوێرەی کار و گوفتار و بڕوا دەکرێن بە سێ پایەوە وڕۆحی بەهەشتی لە سایەی ئەهورامەزدادا بە کامەرانی دەژێت, کەچی ئەوەی دەچێتە دۆزەخەوە دەبێ بە هاوڕێی هەمیشەیی ئەهریمەن و لەگەڵ ئەودا هەموو جۆرە ئازارێ دەچێژێ.

9- ئەفسانەی زەردەشتی باسی ئەوە دەکات کە لەو دونیا ڕۆح زیندوو دەبێتەوە و پاش دادگایی کردنی بەسەر پردی چینوەتدا بەرەو بەهەشت یان دۆزەخ بەڕێ دەکرێ.

10-زەردەشتییەکان یەك خودا دەپەرستن, بڕوایان وایە کە خێر و شەڕ ئەو خوڵقاندوونی و بۆ حیکمەتی خۆی ئاوێتەی کردوون, هەروەها ئاو و ئاگر و خۆڵ و هەتاو بە پیرۆز دەزانن.

پەراوێزەکانی باسی دووەم

1- *فاروق الدملوجي*/ ***الألوهية في المعتقدات الثنوية***/ ج1/ مطبعة الشباب/ بغداد، 1954/ ص 9.
2- *عبدالرزاق محمد أسود*/ ***المدخل الى دراسة الاديان والمذاهب***/ م 1/ ط 1/ الدار العربية للموسوعات/ بيروت ـ لبنان, 1981/ ص 32.
3- *احمد امين*/ ***فجر الاسلام***/ ط 10/ دار الكتاب العربي/ بيروت ـ لبنان/ 1969/ ص 103.
4- *د. محمد جابر عبدالعال الحيني*/ ***في العقائد والاديان***/ الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر/ 1971/ ص 163.
5- *احمد امين*/ ***فجر الاسلام***/ ص 99.
6- *علي سيدو الگوراني*/ ***زرادشت والزرادشتية***/ مجلة المجمع العلمي الكردي/ العدد (2) و (3)/ مطبعة المجمع العلمي الكردي/ بغداد/ 1975/ ص 577–578.
7- *ادوارد براون*/ ***تاريخ الادب في ايران***/ ج 1/ الباب الاول والثاني/ ترجمة د.احمد كمال الدين حلمي/ جامعة الكويت/ مطبعة الجامعة/ 1984, ص 58.
8- *محمد امين زكی*/ ***كورد و كوردستان***/ جلد (1 و 2 و 3) چاپخانەی دار السلامی/ بەغدا/ 1931/ انتشارات سيديان ـ مهاباد/ ص 74.
9- سەرچاوەی پێشوو/ هەمان لاپەڕە.
10- *ياقوت الحموي*/ ***معجم البلدان***/ ج 1/ دار صادر/ بيروت ـ لبنان/ بلا سنة الطبع/ ص 159.
11- *القلقشندي*/ ***صبح الاعشى***/ ج 4/ ط 1/ دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع/ بيروت ـ لبنان/ 1987/ ص 360/.
12- *مینۆرسکی*/ ***کورد***/ وەرگێرانی حەمە سەعید حەمە کەریم/ چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر ـ عێراق/ 1984/ ل 83/.
13- *علي سيدو الگوراني*/ ***زرادشت والزرادشتية***/ ص 578.
14- *ادوارد براون*/ ***تاريخ الادب في ايران***/ ص 71.
15- *عبدالرزاق محمد اسود*/ ***المدخل الى دراسة الاديان والمذاهب***/ ص 33.
16- *د.سامي سعيد الأحمد*/ ***الاصول الاولى لافكار الشر والشيطان***/ مطبعة الجامعة ـ بغداد/ 1971/ ص 51/.
17- بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
عبدالرزاق محمد اسود/ ***المدخل الى دراسة الاديان والمذاهب***/ ص 33.
هاشم رضی/ ***زەردەشت و ئامۆژگارییەکانی***/ وەرگێرانی لـە فارسییەوە بۆ کوردی م.گۆمەیی/ بێ شوێنی چاپ/ 1992/ ل 15/.
18- *فاروق الدملوجي*/ ***الألوهية في المعتقدات الثنوية***/ ص 15 ـ 16.
19- *علی سیدو الگورانی*/ ***زرادشت والزرادشتية***/ ص 578.
20- *هاشم رضی*/ ***زەردەشت و ئامۆژگارییەکانی***/ ل 9 ـ10.
21- *عباس محمود العقاد*/ ***حياة المسيح***/ ط 2/ دار الكتاب العربي/ بيروت ـ لبنان/ 1969/ ص 100–103.
22- *عبدالرزاق محمد اسود*/ ***المدخل الى دراسة الاديان والمذاهب***/ ص 214.

23- د.احمد شلبي/ ***مقارنة الاديان***/ ج 1/ اليهودية/ ط 5/ مكتبة النهضة المصرية ـ القاهرة, 1978/ ص 218.
24- سەرچاوەی پێشوو/ هەمان لاپەڕە.
25- سەرچاوەی پێشوو/ هەمان لاپەڕە.
26- ابن حزم الظاهري/ ***الفصل في الملل و الاهواء و النحل***/ ج 2/ ط 1/ دار الندوة الجديدة/ بيروت ـ لبنان/ بلا سنة الطبع/ ص 78.
27- هاشم رضی/ ***زەردەشت و ئامۆژگارییەکانی***/ ل 13.
28- بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
- ابن حزم الظاهري/ ***الفصل في الملل و الاهواء والنحل***/ ص 78.
- هاشم رضی/ ***زەردەشت و ئامۆژگارییەکانی***/ ل 13.
29- سەرچاوەی پێشوو: ل 15.

30- بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
- علی سیدو الگورانی/ ***زرادشت و الزرادشتية***/ ص 578.
- عبدالرزاق محمد اسود/ ***مدخل الى دراسة الاديان والمذاهب***/ ص 33.
- هاشم رضی/ ***زەردەشت و ئامۆژگارییەکانی***/ ل 15.
31- سەرچاوەی پێشوو: ل 11.
32- د.سامي سعيد الاحمد/ ***الاصول الاولى لافكار الشر و الشيطان***/ مطبعة الجامعة ـ بغداد/ 1971/ص 42.
33- ابن حزم الظاهري/ ***الفصل في الملل والاهواء و النحل***/ الجزء الثاني/ ص 79.
34- د.توفيق سلطان اليوزبكي/ ***تاريخ اهل الذمة في العراق***/ ط 1/ مطبعة دار العلوم للطباعة والنشر/ الرياض ـ المملكة العربية السعودية/ 1984/ ص 222.
35- فالح مهدي/ ***البحث عن منقذ***/ دراسة مقارنة بين ثماني ديانات/ ط 1/ دار بن الرشد للطباعة والنشر ـ بيروت, 1981/ ص 79.
36- احمد امين/ ***فجر الاسلام***/ ص 103.
37- د.محمد جابر عبدالعال الحيني/ ***في العقائد والاديان***/ ص 165.
38- احمد امين/ ***فجر الاسلام***/ ص 100.
39- علی سیدو الگورانی/ ***زرادشت والزرادشتية***/ ص 586.
40- القلقشندي/ ***صبح الاعشى***/ ج 13/ ص 295.

41- بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
- د.سامي سعيد الاحمد/ ***الاصول الاولى لافكار الشر والشيطان***/ ص 44.
- احمد امين/ ***فجر الاسلام***/ ص 101.
- د.محمد جابر عبدالعال الحيني/ ***في العقاد و الاديان***/ ص 163.
42- د.توفيق سلطان اليوزبكي/ ***تاريخ اهل الذمة في العراق***/ ص 127.
43- د.محمد صفي ابو مغلی/ ***ايران دراسة عامة***/ مطبعة جامعة البصرة/ اليصرة/ 1975/ ص 398.
44- ادوارد براون/ ***تاريخ الادب في ايران***/ ص 80.

45- **بڕوانە ئەم سەرچاوانە:**

- *سليمان مظهر*/ ***قصة الديانات***/ دار الوطن العربي/ بلا مكان و سنة الطبع/ ص 313.
- *على سيدو الگورانى*/ ***زرادشت و الزرادشتية***/ ص 589.

46- *احمد امين*/ ***فجر الاسلام***/ ص 102.

47- **بڕوانە ئەم سەرچاوانە:**

- *فاروق الدملوجي*/ ***الالوهية في المعتقدات الثنوية***/ ص 23.
- *سليمان مظهر*/ ***قصة الديانات***/ ص 320.

48- *على سيدو الگورانى*/ ***زرادشت و الزرادشتية***/ ص 593.

49- *فاروق الدملوجي*/ ***الالوهية في المعتقدات الثنوية***/ ص 23.

50- *سليمان مظهر*/ ***قصة الديانات***/ ص 314.

51- *ابن حزم الظاهري*/ ***الفصل في الملل و الاهواء و النحل***/ ص 79.

52- *هاشم رضى*/ ***زەردەشت و ئامۆژگارییەکانى***/ ل 71.

53- *سليمان مظهر*/ ***قصة الديانات***/ ص 313 ـ 314.

54- *هاشم رضى*/ ***زەردەشت و ئامۆژگارییەکانى***/ ل 71.

55- *عباس محمود العقاد*/ ***حياة المسيح***/ ص 49 ـ50.

56- *د.احمد شلبي*/ ***مقارنة الاديان***/ ص 203.

57- *سليمان مظهر*/ ***قصة الديانات***/ ص 315.

58- **بڕوانە ئەم سەرچاوانە:**

- *على سيدو الگورانى*/ ***زرادشت و الزرادشتية***/ ص 589.
- *احمد امين*/ ***فجر الاسلام***/ ص 102.
- *فالح مهدي*/ ***البحث عن منقذ***/ ص 79.

59- *سليمان مظهر*/ ***قصة الديانات***/ ص 315.

60- **بڕوانە ئەم سەرچاوانە:**

- *على سيدو الگورانى*/ ***زرادشت و الزرادشتية***/ص 590.
- *احمد امين*/ ***فجر الاسلام***/ ص 102.

61- **بڕوانە ئەم سەرچاوانە:**

- *د.توفيق سلطان اليوزبكي*/ تاريخ اهل الذمة في العراق/ ص 255.
- *د.محمود وصفي ابو مغلى*/ ***ايران دراسة عامة***/ ص 396.
- *محمد امين زكي*/ ***كورد و كوردستان***/ ص 74.

سەرچاوەکانی باسی دووەم

1- *احمد امين*/ ***فجر الاسلام***/ ط 10/ دار الكتاب العربي/ بيروت ـ لبنان/ 1969.

2- *د.احمد شلبي*/ ***مقارنة الاديان***/ ج1/ اليهودية/ ط 5/ مكتبة النهضة المصرية ـ القاهرة, 1978.

3- *ابن حزم الظاهري*/ ***الفصل في الملل والاهواء والنحل***/ ج2/ ط 1/ دار الندوة الجديدة/ بيروت ـ لبنان/ بلا سنة الطبع.

4- *ادوارد براون*/ ***تاريخ الادب في ايران***/ ج1/ الباب الاول والثاني/ ترجمة د.احمد كمال الدين حلمي/ جامعة الكويت/ ***مطبعة الجامعة***/ 1984.

5- *د.توفيق سلطان اليوزبكي*/ ***تاريخ اهل الذمة في العراق***/ط1/ مطبعة دار العلوم للطباعة والنشر/ الرياض ـ المملكة العربية السعودية/ 1984.

6- *د.سامي سعيد الاحمد*/ ***الاصول الاولى لافكار الشر والشيطان***/ مطبعة الجامعة/ بغداد/ 1971.

7- *سليمان مظهر*/ ***قصة الديانات***/ دار الوطن العربي/ بلا مكان وسنة الطبع.

8- *عباس محمود العقاد*/ ***حياة المسيح***/ ط2/ دار الكتاب العربي/ بيروت ـ لبنان/ 1969.

9- *علي سيدو الكوراني*/ ***زرادشت والزرادشتية***/مجلة المجمع العلمي الكردي/ العدد (2و3)/ مطبعة المجمع العلمي الكردي ـ بغداد/ 1975.

10- *عبدالرزاق محمد اسود*/***المدخل الى دراسة الاديان والمذاهب***/م1/ط1/الدار العربية للموسوعات/ بيروت ـ لبنان/1981.

11- *فاروق الدملوجي*/ ***الألوهية في المعتقدات الثنوية***/ ج1/ مطبعة الشباب ـ بغداد/ 1954.

12- *فالح مهدي*/***البحث عن منقذ***/دراسة مقارنة بين ثماني ديانات/ط1/دار بن الرشد للطباعة والنشر/ بيروت/ 1981.

13- *القلقشندي*/ ***صبح الاعشى***/ ج4 و 13/ ط1/ دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع/ بيروت ـ لبنان, 1987.

14- محمد امين زكي/ ***كورد و كوردستان***/ جلد (3,2,1)/ چاپخانەی دار السلامی/بغداد/ 1931/ انتشارات سيديان ـ مهاباد.

15- *د.محمد جابر عبدالعال الحيني*/ ***في العقائد و الاديان***/ الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر/ بلا مكان الطبع/ 1971.

16- *د.محمد وصفي ابو مغلى*/ ***ايران دراسة عامة***/ مطبعة جامعة البصرة/ البصرة/ 1975.

17- مينورسكی/ ***كورد***/ وەرگێڕانی حەمە سەعید حەمە کەریم/ چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر ـ عیراق/ 1984.

18- ***هاشم رضی***/ ***زەردەشت و ئامۆژگارییەکانی***/ وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی م.گۆمەیی/ بێ شوێنی چاپ/ 1992.

19- *ياقوت الحموي*/ ***معجم البلدان***/ ج1/ دار صادر/ بيروت ـ لبنان/ بلا سنة الطبع.

باسی سێیەم

ئەهریمەن و تاووسی مەلەك لە ئەفسانەی زەردەشتی و ئێزیدیدا

پێڕستی ناوەرۆك

پێشەکی 53

بەشی یەکەم:

چەمك و واتای ئەهریمەن لە ئەفسانەی هەندێ گەلان دا. 56

چەمکی ئەهریمەن لە ئەفسانەی زەردەشتی دا. 58

بەشی دووەم :

أ. **هەندێ چەمك و واتاکانی تاووسی مەلایکەت.** 61

ب. **رۆڵی تاووسی مەلەك (فریشتە) لە ئەفسانەی ئێزیدیدا.** 63

ئەنجام 67

پەراوێزەکان 69

سەرچاوەکان 71

پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ دیاریکردنی رۆڵی ئەهریمەن و تاووسی مەلەك لە ئەفسانەی زەردەشتی و ئێزیدیدا. یەکەمیان توخمێکی سەرەکی بووە لە بڕواو فیکری خەڵکانێکی زۆر لە ئیمپراتۆریەتی ئێران بە تایبەتی لە سەردەمی میدی و ساسانییەکاندا. کەچی دووەمیان تا ئێستا توخمێکی سەرەکییە لە ئایین و بڕوای بەشێك لە کوردەکانی کوردستانی عێراق و سووریا و کوردەکانی قەفقاسی رووسیدا.

سەرەڕای ئەوەی کە تا ئەمڕۆ دەیان لێکۆڵینەوە لەسەر فیکری زەردەشتی و ئێزیدی کراوە, بەڵام بەشێکی زۆر لەو لێکۆڵینەوانە نەیان توانیوە ئەم دوو فیکرەیە لێك جیا بکەنەوە, بەڵکو بگرە هەندێکیان ئێزیدیان بە بەشێك لە زەردەشتی داناوە. بە بڕوای من ئەم دوو فیکرە یان ئەم دوو ئایینە لە زۆر شتدا جیاوازن و یەکێك لەو جیاوازییە گرنگانە چەمکی تاووس و ئەهریمەنە کە لەم باسەدا دەمەوێت بەراوردی رۆڵی جیاوازی ئەوانە بخەمە بەرچاو چونکە ئەو دوو چەمکە بنەمایەکی سەرەکی جیاکردنەوەی ئەفسانەی زەردەشتی و ئێزیدی پێك دەهێنن.

لەوەوپێش لە بواری کوردناسیدا هەروەها لە بواری ئەفسانەی کوردییدا ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە ئەنجام نەدراوە. ئەمەش خۆی لە خۆی دا خاڵێکی زۆر گرنگ و سەرەکی ئەم باسەی منن.

گەلێ توێژەر بڕوایان وا بووە کە ئەفسانەی زەردەشتی بڕوای بە بوونی دوو خواوەندی دژ بەیەك و هاوهێز هەبووە. هەروەها وتوویانە ئەم دوو خواوەندە لە شەڕێکی بردەوامدان تا لە کۆتاییدا هێزی خێر یان خواوەندی ئەهورامەزدا بەسەر هێزی شەڕ یان خواوەندی ئەهریمەندا سەردەکەوێت, بەڵام ئێمە لەم باسەو لە باسێکی تردا بە ناوی ((هەندێ لایەنی ئەفسانەیی لە کەلتووری زەردەشتیدا))[1] بەو ئەنجامە گەیشتووین کە زەردەشت یەکتاپەرست بووەو

بڕوای وابووه که یەك خودا هەیە و ئەویش بۆ مەبەستی خۆی خێرو شەڕی تێکەڵ کردووەو ئەهریمەنیش خوڵقاوێکی ئەو خودایەیە که پاشان یاخی بووەو پاداشتی ئەوانەی بڕاویان بە خودای بیّ هاوتا و بیّ نەزیری ئەهورامەزدا هەیە, بە بەهەشت خەلات دەکرێن و لەم دنیاش بە دلّنەوایی و سەر بەرزییەوە ژیان بەسەر دەبەن, کەچی پاداشتی ئەوانەی بەشوێن ئەهریمەن دەکەون و بەقسەی ئەو بڕوا دەکەن دۆزەخەو لەم دنیاش بە گومڕایی و سەرلێشیواوی ژیان بەسەر دەبەن و گیرۆدەی دەیان فیتنە و گۆبەند و ئاژاوەو پەشیمانی دەبن.

هەرچی پێوەندی بە ئێزیدایەتییەوە هەیە, ئەوا ئەم بڕوایە لەوەی پێشوو زیاتر تووشی شێواندنکێی بە ئەنقەستکراوەو بە جۆریّ دەستکاریی بنەماو ناوەرۆکی کراوە کە تەنانەت هەندیّ لە نووسەرانی ئێزیدیش بیّ ئەوەی بە خۆیان بزانن بڕوایان بەو سەر لێشوانە هێناوەو وەك ئەوان هەندیّ لەبیرو بۆچونەکانیان بیّ لێوردبوونەوە, دووبارە دەکەنەوە.

لە بارەی ئێزایدایەتییەوە کۆمەڵیّ بۆچوونی جیاواز خراوەتە روو, هەندێکیان پێوەندی بە تاوسی مەلەکەوە هەیە و هەندێکیشیان سەبارەت بە رەسەنی کۆنی ئەم ئەفسانەیەیە کە لەم باسەدا بە درێژی باسی هەردوو لامان کردووەو بۆمان دەرکەوتووە کە یەکەمیان سەرۆکی فریشتەکانی خودایەو لە کۆندا هێما بووە بۆ خواوەندی هەتاو, دووەمیشیان ئەوەیە کە ئەم ئەفسانەیە زۆر کۆنەو یەکێکە لە ئەفسانە زۆر کۆنەکانی گەلانی ئاری نەژاد کە کورد یەکێکە لەوان و لەپێش ئەفسانەی زەردەشتی ئەم ئەفسانەیە هەبووەو تا ئێستاش هەرماوە ئەگەر چیّ سنووردار کراوە.

ئەفسانەی ئێزیدی یەکێکە لەو ئەفسانە کۆنانەی گەلاّنی ئاری کە پەیڕەوکەرانی, خواوەندی هەتاویان پەرستووەو باڵندەی تاووسیان لەسەر زەوی بەهێمای پیرۆزی ئەو خواوەندە ئاسمانییە زانیوە. پاشان ئێزیدییەکان لەژێر کاریگەریی کۆمەڵی ئایینی ئاسمانیدا بڕوایان بە یەکتاپەرستی هێناوەو دەستیان لە ئەفسانەی هەتاو پەرستی هەڵگرتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا تا ئەمرۆ هەندیّ پاشماوەی ئەو ئەفسانەیە و هەندیّ ئەفسانەی کۆنی جارانیان وەك پیرۆزیی (هەتاو, ئاو , خۆڵ, هەوا) لە ئایینەکەیاندا بە ئاشکرا بە دەردەکەوێت, ئەم توخمانە لەوەو پێش پەرستنیان

یان پیرۆزییان لەناو زۆربەی گەلانی ئاری کە کوردیش یەکێکە لەوان بە تایبەتی پێش بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشتی، نەریتێکی باو بووە.

کاریگەریی ئایینەکانی تر بە تایبەتی زەردەشتی و ئیسلام دیاردەیەکی روون و ئاشکرایە لە ئایینی ئێزیدیدا و توێژەر بە ئاسانی پاش لێکۆڵینەوە دەتوانێ شێوەکانی دیاری بکات بە تایبەتی لە چیرۆکی سووڕی گەردوون و خوڵقاندنی تایفەی ئێزیدیدا. ئەم چیرۆکە زۆر کۆنە و لە ئایینی زەردەشتی و جوولەکە و مەسیحی و ئیسلامیش-دا باس کراوە. ئێزیدییەکان لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانییەوە وەریان گرتووەو لە هەمووشیان زیاتر کاریگەریی قورئان بەسەر چیرۆکی سووڕی گەردون و خەڵقکردنی یەکەم نەوەی (ئادەم)ی ئێزیدییەوە بە دەردەکەوێت، بەڵام ئەمان پاش وەرگرتن دەسکاریی ئەو چیرۆکەیان کردووەو بە جۆرێ رێکیان خستووەتەوە کە لەگەڵ بۆچوونی خۆیاندا بگونجێت، لەبەر ئەوە دەبینین سەرەڕای لێکچوونی چیرۆکی دەرچوونی (ئادەم) لە بەهشت لە هەردوو ئاییندا، بەڵام ئێزیدییەکان ئەم کارە بە تەواوکەری ویستی خودا لەلایەن تاووسی مەلەکەوە دادەنێن[2] کە ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی ئەو بۆچوون و براوایەیە کە لە قورئاندا لە بارەی هەمان مەبەست باس کراوە.

ئەم خاڵەش یەکێکە لەو خاڵە گرنگانەی کە چەمکی ئەهریمەن و تاووسی مەلەك لە ئەفسانەی زەردەشتی و ئێزیدیدا لێك جیا دەکاتەوەو دەبێتە بنەمایەکی گرنك بۆ باشتر ناسینەوەی بنەما تایبەتییەکانی ئایینی ئێزیدی.

بەشی یەكەم

أ- چەمك و واتای ئەهریمەن لە ئەفسانەی هەندێ گەلاندا

سەرەڕای ئەوەی كە چەمكی ئەهریمەن لە كاتی ئێستادا ***(ئەگەر چی ناوەكەی بە گوێرەی جیاوازیی زمانەكان گۆڕانی بەسەردا هاتووە)*** مانای خەڵەتاندن و ئاژاوەگێڕی و فیتنە... تاد دەگەیەنێ, بەڵام ئێمە دەبینین ئەم وشەیە بە گوێرەی بڕوای گەلان لە قۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی تر بەپێی ئەو ئەفسانانەی لەناویاندا باو بووە, جیاوازی تێدا بەدەر دەكەوێت و واتاكانی لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر دەگۆڕێت.

لە ئەفسانەی گەلانی ئاریدا وشەی ***(دیۆ)*** یان ***(دیڤا)*** واتای ***(بەخشێنەرو ڕووناككەر)*** دەگەیەنێت و لە ناو هیندییە كۆنەكاندا بەهێزی خێر یان گیانی ڕۆشن وتراوە ***(دائیڤا)***, هەروەها مانای بەزەیی و ڕۆشنایی بەخشیوە.
لە زمانی ***(سانسكریتی)***یشدا ئەم ووشەیە واتای گیانێكی ئاسمانی یان خواوەندێكی شێوەداری گەیاندووە))[3].

هەروەها لە زمانی گریكیدا بەئەهریمەنیان وتووە(لۆسیڤەر)) كە بە واتای ***(هەڵگری ڕووناكی)*** بە كارهاتووەو لە ڕەسەندا ناوی ئەستێرەی بەیان بووەو لە سەرەتادا هیچ مانایەكی خراپی نەگەیاندووە[4].... ئەوروپاییەكانیش بۆ گاڵتە كردن بە پایەی سەرۆكایەتیی هێمای شەڕ***(ش)*** وتەی ***(بەعلزەبووب)***یان بەكارهێناوە. لە كۆندا ئەم وشەیە بۆ ناوی خواوەندێ لە ***(عەقرون)*** بەكار دەهات كە پێیان دەوت خواوەندی پزیشكی, چونكە خەڵكی بڕوایان وابووە كە ئەو خواوەندە نەخۆش چاك دەكاتەوە[5].

هەندێكیش ئاماژە بەوە دەكەن كە (ئەزازیل) Azazil ئــــەوەی كە لە ***(عەهدی كۆن)*** و كتێبی ئیدریسدا (Book of Enoch) باس كراوە ناوێكی تری هێمای شەڕ بووە كە جاران لە ڕیزی فریشتەكانی خوای گەورە بووە پێش ئەوەی لەوێ دەربكرێ و بێتە خوارەوە[6]. هەورەها (عەزازیل) لە ئەفسانەی عیبرییەكاندا خواوەندی وێرانەو چوڵەوانی بووە, هەندێكیش دەڵێن هێمای شەڕ***(ش)*** ناوی ***(عەزازیل)*** بووە كە ***(كەوتووە)*** شوێنی لە ئاسمان سڕاوەتەوە[7].

لە زمانی سەکسۆنیشدا وشەی (دیڤل–Devil) کە زۆر لە وشەی (دیۆ)ی کوردی دەچێت بە واتای هێمای شەڕ بەکارهاتووە. ((ئەم وشەیە لە فرمانی شەڕ Do-evil واتا لە وشەی (دو) بە واتای دەکات و وشەی ***(إيڤل)*** بە واتای شەڕ وەرگیراوە))[8].

لە زمانە ئێرانییەکان (ئارییەکان–نووسەر) کە زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانە, وشەی ***(دیۆ)(دەئیڤا)*** جاران بۆ ناوی خودا بەکار دەهات کە واتای (بەزەیی و دڵنەرمی و ڕۆشنایی))[9] دەگەیاند.

بەڵام کە زەردەشت هات و بڕوا یەکتاپەرستییەکەی ئاشکراکرد. دژایەتی لەگەڵ ئەو ئەفسانانەدا ڕاگەیاند کە چەند خواوەندێکیان تێدا دەپەرستراو لەناو گەلانی ئاری نەژاددا پێش خۆی باویان هەبووە لەبەر ئەوە واتاو چەمکی ئەو خواوەندانەی گۆڕی و وشەی ***(دیۆ)ی*** لـــە ناوی خواوەندەوە کردە ناوی هێمای شەڕ ***(ئەهریمەن)***و پاشان ***(مەزدە– مەزدا)ی*** وەك تاکە خوداو خوڵقێنەری هەموو شتێك تەنانەت ئەو هێزانەی کە بەرجەستەی چەمکی شەڕیان لە وێنەی ئەهریمەن –دا دەکرد بە خەڵکی ناساند[10], بۆیە وشەی ئەهریمەن شوێنی ***(دیۆ)ی*** گرتەوەو بووە ناوێکی باو لە گەڵ ئایین و ئەفسانەی تری وەك میترایی و زروانی و بەتایبەتی مانەوی کە پاش زەردەشتی سەریان هەڵداوەو لە گەڵ وڵات و ناوچەی فراوان لە جیهاندا بڵاوبوونەوە وەك چۆن مانەوی لە ئێران و هیندو چین و بیزەنتەو هەندێ وڵاتی ئەوروپایی وەك باشوری ئیتاليا و فەرەنسا تەشەنەی کردو گەیشتە باکوری ئەفریقیاش [11].

ب– چەمکی ئەهریمەن لە ئەفسانەی زەردەشتیدا:

گەلانی ئاری کە جاران دیاردەکانی سروشتیان دەپەرست, وایان دەزانی ئەو دیاردانە خوداوەندن و دەبێ بێ جیاوازی بیانەپەرستن. هەروەها بڕوایان بە بوونی هێزی شەڕ نەبووەو نەیانزانیوە هێزیك هەیە کە نوێنەرایەتیی شەڕ لە گەردووندا دەکات. لەبەر ئەوە زۆربەی ئەو دیاردانەیان بە پیرۆز دەزانی و جۆرەها جۆری قوربانی و پەرستنیان بۆ ئەنجام دەدان. لە نێو ئەو دیاردانەدا ***(هەتاو,***

ئاگر) بەرزترین پایەیان لە بیری ئەفسانەیی ئەواندا هەبووە, ئەم ئەفسانانەش بە تایبەتی لە نێو کوردە مێدییەکاندا باو بووەو خەڵکی پەیڕەویان دەکردن.

کاتیّ کە زەردەشت پەیامە یەکتاپەرستییەکەی ڕاگەیاند بۆ یەکەم جار بووە کە خەڵکی ئەم وڵاتە گوێیان لەوە بوویێ کە نابیّ هیچ کەسێك جگە لەو تاکە خوایە هیچی تر بپەرستیّ و بە خوای خۆی بزانێت, بەم شێوەیە زەردەشت داوای کردووە بڕوای چەند خواپەرستی نەمێنیّ و ئاگرو هەتاو تەنیا بە پیرۆز بزانرێت و هەروەها بەخەڵکی وتووە نەفرەت لە ئەهریمەنی شەڕ بکەن و پەیڕەوی چاکە بکەن و دەست لەخراپە کردن هەڵگرن[12].

لە سەرتای ڕاگەیاندنی پەیامەکەیدا هێرش دەکاتە سەر بڕوای چەند خوایەکی ***(پۆلیتزمی)*** و خواوەندەکانیان بە ***(دێو)*** یان ***(دیڤا)*** یان ئەهریمەن ناو زەد دەکات.

بەمجۆرە زەردەشت یەکەم کەس بووە کە واتای دێوی لە ((سۆزو بەزەیی و دڵ نەرمییەوە))[13]. بۆ واتای شەڕ لە نێو میدییەکاندا گۆڕیوە, چونکە زەردەشت سەرەتا لەناو ئەمانەوە دەستی بە ڕاگەیاندنی پەیامەکەی کردووە[14]. لەبەر ئەوەی زەردەشت کوردێکی میدی بووەو لە کوردستان لە دایك بووە, بۆیە ئاڤێستاش بە میدی نووسراوە[15].

زەردەشت بڕوای وابووە کە خودا تەنیا خوڵقێنەری هەموو شتێکە لە گەردووندا و خێر و شەڕیش ئەو دایمەزراندووەو تێکەڵی یەکی کردوون و ململانێی نێوانیان بە سەرکەوتنی خێر بەسەر شەڕدا کۆتایی دێت. لەم ململانێیەدا هەردوو لایەنگیری خۆیان هەیە و پاش ئەم شەڕە دنیا پڕ دەبێت لە خێرو ڕۆشنایی و کامەرانی و پیتوفەڕ[16].

لە ئەفسانەی زەردەشتیدا بوونی خودای ئەهورامەزدا پێش بوونی ئەهریمەن دەکەوێت, بۆیە زەردەشتییەکان دەڵێن: ((هیچ شەڕو نەخۆشی و ئاژاوەیك لە دنیادا نەبووە خەڵکی لە خێرو خۆشگوزەرانییەکی تەواودا دەژیان, بەڵام کە ئەهریمەن پەیدا بووە شەڕو ئاژاوەو بەڵاش سەریان هەڵداوە))[17]. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەهریمەن لە ئەفسانەی زەردەشتی-دا نوێنەرایەتیی شەڕ دەکات و زەردەشتیش یەکەم ئەفسانەیە کە ئەم چەمکەی ڕاگەیاندووەو دنیای بەم شێوەیە بەسەر دوو جەمسەری دژ بەیەکدا دابەشکردووەو زۆرانبازیی نێوان

ئەم جەمسەرانە, تەنیا بە بڕواو کردەوەو گفتی باش و چاکسازیی دەروون و نیەتپاکی کۆتایی پێ دێت, ئەمانەش سێ بنەما سەرکییەکەی ئەفسانەی زەردەشتیین و نابێ پشتگۆی بخرێن.

زەردەشتییەکان بڕوایان بە رۆژی ئاخیرەت و هەڵسانەوەو لێپرسینەوە هەبووە, بە مەبەستی سزادان و خەڵاتکردنی ئەوانەی پەیرەوی خراپە یان چاکەیان لەم دنیایەدا کردووە, بۆیە ئەوان دەڵێن: ((دنیای ئێستا و ئاخیرەت بە پردی جیابوونەوە پێکەوە بەستراون. کاتێ کە یەکێ دەمرێت روحی بەسەر ئەو پردەدا بەڕێ دەکرێت... ئەگەر رۆحەکە هی پیاو چاکێ بێت بە ئاسانی و دڵنیاییەوە بەرەو ماڵی جاویدانی یان بەهەشت دەپەڕێتەوە... بەڵام ئەگەر سەر بە پیاو خراپێ بێت, لە ترسان دەلەرزێ و لەبەر بارگرانی ناتوانێ بە پردەکەدا بپەڕێتەوە بۆ ناو دۆزەخ بەردەبێتەوە...))[18] بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەهریمەن و هاوبڕواکانیدا لە ئازارو ئەشکەنجەیەکی نەبڕاوەدا ژیانێکی پڕ کوێرەوەری بەسەر بەرێت.

لە بارەی ئەو دنیا ئاڤێستا دەڵێت: ((مردووەکان زیندوو دەکرێنەوە و ژیان بۆ لاشەیان دەگەڕێتەوەو هەناسەیان پێدا دەکرێتەوەو تا هەتایە پیری و مردن و خراپەکاری و داوەشێن لەناو دەچێت))[19].

سەرەڕای ئەوەی کە زەردەشتیەت ئازادی بە مرۆڤ داوەو هیچ رێگەیەکی بەسەردا نەسەپاندووە, بەڵام دەبێ مرۆڤ بە گوێرەی ئەم ئایینە رێی چاکە و خێر پیادە بکات بۆ ئەوەی گیان و لاشەی بە پاکی راگرێ و لە بەد کردارییان بپارێزێت[20]..., هەروەها دەبوایە هەموو زەردەشتییەکی راستگۆو ئیماندار, بۆ ئەوەی خودای ئەهوورامەزدا لە شەڕی ئەهریمەنی بپارێزێت و نەهێڵی بە فرتوفێڵ لـــە خشتەی بەرێت, وەك زەردەشت ئەم دووعایە بخوێنی کە دەڵێت: ((چەند بەختیارە ئەو کەسەی خەڵکی بەختیار دەکات. ئەی خوایە داوای هێز بۆ لاشەو رۆحم لە تۆ دەکەم بۆ ئەوەی لەسەر حەق بمێنم. ئەی خودا ئەی نیشانەی بڕواو خۆشەویستی, ئەو بەرەکەتەم پێ ببەخشە کە بە پیاوچاکانی دەبـــەخشێت))[21].

سەرەڕای ئەو هەموو پەندو ئامۆژگاری و یاسا رەوشتییانەی کە ئاڤێستا و زەردەشت باسیان کردووەو دەبوایە خەڵکی ئەو سەدرەمە واتا نزیکەی (600 پ.ن) پابەندی بوونایە بۆ ئەوەی ئەهریمەن پێیان نەوێرێ و جڵەویان

نەگرێتە دەست, بەڵام خەڵکێکی زۆر لە گەرمەی ژیان و گەڕان بە دوای ئارەزووەکانی جەستەدا گیرۆدەی بەدکرداری و شەڕو ئاژاوە ببوون و لە ئەنجامدا خودا لێیان تووڕە بووەو بڕیاری داوە بە کارەساتی بەفربارینێکی زۆر قەلاچۆیان بکات. پێش ئەوەی ئەو رووداوە بقەومێ خودا ئامۆژگاری زەردەشت دەکا و پێی دەڵێ: خۆت و ئەوانی بڕوایان بەڕاستیی پەیامی تۆ هەیە لەگەڵ بلێسەی ئاگرو خۆراك و خواردەمەنیدا بڕۆنە ناو ئەشکەوتێکەوە بۆ ئەوی لە مردن رزگار بن[22].

دوای ئەوە بەفرێکی زۆر دەبارێ و خەڵکی بەدڕەفتار و خراپەکار, کۆمەڵ کۆمەڵ دەبنە ژێر بەفرەوە لە سەرمادا رەق دەبنەوە. بەم شێوەیە ئەهریمەن لەم دنیاش زیانێکی گەورە بەو کۆمەڵانە دەگەیەنێت کە بە قسەی دەکەن و لە خێرو چاکە دەستهەڵدەگرن و خواو ئایین و رێنماییەکانی زەردەشت لە بیر دەکەن.

بەشی دووەم

أ- هەندیٚ چەمك و واتاكانی تاووسی مەلایكەت

گەڵێ توێژەر دەربارەی ناوو واتاو چەمكی ***(تاووس)*** دواون و لە ئەنجامدا كۆمەڵی بۆ چوونی جیاواز و تەنانەت دژ بەیەكیش دەربارەی ئەو وشەو ناوە هاتوونەتە ئاراوە كە بەباشی دەزانین لێرەدا بە كورتی هەندێكیان دەستنیشان بكەین:

1- تاووس لە ***(تەمووز- Tammus)*** ی بابلییەوە هاتووەو پاشان وشەكە یان ناوەكە گۆڕانی بەسەردا هاتووە بووە بەم شێوەیەی ئێستا[23].

2- تاووس لە ڕەسەندا وشەیەكی یۆنانییەو واتای خواوەندی لەو زمانەدا گەیاندووە. هەروەها تاووس جوانترین باڵندەیەو ڕەنگی لە هەموویان دڵگیرترە[24]....

3- وشەی تاووس لە وشەی ***(خواوەند -Theos)***ی یۆنانیەوە هاتووە و هیچ پێوەندییەكی بە خواوەندی تەموزی بابلییەوە نییە[25].

4- خواوەندی ***(ئاسمان)*** لای سروشتپەرستەكان گەورەترین خواوەند بووەو پێیان دەوت ***(دیاوس)*** و بە گوێرەی لێكۆڵینەوەكانی ***(تۆفیق وەهبی)*** گوایە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو پاشان بووە بە ***(تاووس)***, ئەمەش لەناو ئێزیدییەكاندا پێی دەڵێن: ***((تاووسی مەلایكەت))***[26].

5- وشەی ***(تاووس)*** لە ***(تووسی)***ی زمانەوە وەرگیراوە بە واتای ***(ڕووجوان و ناسك)***, لە ویشەوە ناوی ***(تاووس)*** داڕێژراوە[27].

6- هەندیٚ وای دەڕواننیٚ كە وشەكە لە ڕەسەندا یۆنانییە, لە وشەی ***(دیابلوس- Diabolos)*** وە هاتووە كە واتای دژایەتی و چوونە نێوان دووشت دەگەیەنێت هەروەها هەندێك بە واتای ئاژاوەگێڕ لێكی دەدەنەوە[28].

7- تاووس هێمایە بۆ ئەو فریشتەیە كە بە فرمانی خودا خوڵقاوە هەروەك ئەو هەتاوەی كە خودا لە ڕۆشنایی خۆی خوڵقاندوویەتی[29].

8- باڵندەی ***(تاووس)*** لە کۆنەوە بەرجەستەی پەرستنی خواوەندی ***(هەتاو)*** ی لە ناو ئێزیدییەکاندا کردووە.

کۆمەڵێ میللەت لە ڕابردوودا بڕوایان بە هەتاو پەرستی هەبووەو هەریەکە لەسەر زەوی باڵندەیەکیان کردبووە نوێنەر یان هێمای پیرۆزی ئەو خواوەندە وەك (هەڵۆ) لە ناو میسرییەکان (مراوی) لە ناو یۆنانییەکاندا[(30)].

بە بۆچوونی ئێمە وشەی (تاووس) وشەیەکی ***(ئاری-کوردی)*** داڕێژراوەو لە ڕەسەندا لە شێوەی (تاوستان) بەکارهاتووە, ئێستاش لە ناوچەی لوڕستانی کوردستان و هەندێ ناوچەی گەرمیانی کوردستانی عێراقدا بۆ ناونانی وەرزی (هاوین) بەکار دەهێنرێت.

ئەم وشەیە لە ***(تاو+ستان)*** پێکهاتووە بە واتای ***(وڵاتی هەتاو)*** یان ***(وڵاتی خواوەندی هەتاو)***. وشەی یەکەم کورتکراوەی ***(هەتاو)***ە. لەم وشەوە دەیان وشەی تر لە زمانی کوردیدا داڕێژراون کە هەموویان پێوەندییان بە گەرماو هەتاوەوە هەیە وەك ***(تا, تاوسەندن, تاوسێن, تاوسێنەر...)*** بەڵام بەشی دووەمی ئەو وشەیە لە پاشگری ***(ستان)*** پێکهاتووە کە لە زمانی کوردیدا ئەگەر ئەم پاشگرە بچێتە پاش هەندێ وشە دەیکاتە ناوی شوێن وەك ***(کوردستان, باغستان, دارستان, کوێستان, مێرووستان...)*** ئەم وشە داڕێژراوە (تاوستان* بە تێپەربوونی ڕۆژگار گۆڕانی بەسەردا هاتووەو لە ژێر کاریگەریی یاسای کورتکردنەوە, کە لە زمانی کوردیدا پەیڕەو دەکرێ, کورت بۆتەوەو بووە بە ***(تاووس)***. واتا پاشگری ***(ستان)***ەکە بڕگەی ***(تان)***ی لێکەوتووەو تەنیا دەنگی ***(س)*** ەکەی ماوەتەوە, بەڵام وشەی ***(تاو)***ەکە واوێکی دیکەی هاتووەتە سەرو لەمەوە ***(تاووس)*** دروست بووە بەم شێوەیەی کە ئێستا لەناو ئێزیدییەکان-دا بەکار دەهێنرێت. ئەم یاسا زمانییەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە وشەی داڕێژراوی ***(تاووس)*** وشەیەکی کوردیی ڕەسەنە و پاش هەندێ گۆڕان لە شێوەی ***(تێوس, دێوس, دێونیس)*** چووەتە زمانی گریکییەوە کە ئەوانیش ب واتای ***(خواوەند)*** بەکاریان هێناوە. ئەم بۆچوونەش بەڵگەی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئێزیدییەکان سەرەتا خواوەندی ***(هەتاو)*** یان پەرستووەو وڵاتەکەشیان ***(کوردستان)*** لەو سەردەمە کۆنەدا بە ***(وڵاتی خواوەندی هەتاو)*** لە ناو گەلانی ئاریدا ناسراوە. سەرەڕای ئەوە کە دواتر بڕوایان بە یکتا پەرستی هێناوە,

(هەتاو) لەناو ئەواندا پیرۆزی هەر ماوەو ئەمرۆش بە پیرۆزی دەزانن. هەروەها باڵندەی *(تاووس)* هێما پیرۆزەکەی ئەو خواوەندەیە کە ئێستا بەسەر سەنجەقەکانیانەوە لە بۆنە ئاییننییەکانیان, لە گوند شارو شارۆچکەکانیاندا دەیگێڕن.

ب- رۆڵی تاووسی مەلەك (فریشتە) لە ئەفسانەی ئێزیدیدا

ئەفسانەی ئێزیدی یەکێکە لە ئەفسانە کۆنەکانی گەلانی ئاری بە تایبەتی گەلی کورد. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەمان لەم ئەفسانەیە بۆمان دەرکەوتووە کە سەرەتا ئێزیدایەتی لەسەر بناغەی *(هەتاو)* پەرستی داامەزراوەو تا ئێستاش وەك لەوەو پێش ئاماژەمان پیٚ کرد *(هەتاو)* لەناو ئێزیدییەکاندا پیرۆزەو باشترین بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە بەیانیان و ئێواران پێش خۆر ئاوابوون *(ئێزیدییەکان)* بە پێوە بەرامبەر هەتاو دەوەستن و نوێژەکانیان دەکەن.

دیاردەیەکی سەیرو نامۆ نییە کە باڵندەی*(تاووس)* و جوانیی رەنگی پەڕەکانی کە زۆر لە رەنگی خەرمانەی هەتاو دەچێت, هێمایەك بیٚ بۆ هەتاو پەرستی لەناو ئێزیدییەکاندا, بە تایبەتی لە کۆن و لە قۆناغی پێش بڕوابوونیان بە یەکتا پەرستی. ئەم باڵندە جوانە لەسەر زەوی هێمای ئەو خواوەندە بووە لای ئەوان, دوای قۆناغی یەکتاپەرستی ئەو باڵندەیەیان کردووە بە هێمای سەرۆکی فریشتەکانی خودا و هەروەها بە نوێنەر و رێپیشاندەری خۆیان لەم ژیانە ئالۆزەدا. بێجگە لەوەی کە بەشانازییەوە ناوی خۆیان بە میللەتی تاووسی فریشتە ناودار کردووە.

سەرەتای خەلیقەت لا ئەمان پێوەندییەکی زۆری بە بوون و خەڵقکردنی تاووسی فریشتەوە هەیە. هەروەها ڕۆژی یەکەمی خەلیقەت لە ئەفسانەی ئەماندا لەیەك شەممەوە دەست پێدەکات چونکە لەم رۆژەدا وەك دەڵێن خودا یەکەم و پیرۆزترین فریشتەکانی خۆی کە *(تاووسی فریشتەیە)* لە نووری خۆی خەڵق کردووە و پێی وتووە تۆ لە ئاسمان سەرۆکی فریشتەکانی منی[31] و لەسەر زەوی رابەری میللەتی تاووسی.

ئەم فریشتەیە لە یەکەم ڕۆژەوە دەخرێتە بەهەشت و تاهەتایە لەوێ دەمێنێتەوە[32]. بە گوێرەی ئەفسانەی ئێزیدی ئەرکی ئەم فریشتەیە تەنیا ئەنجامدانی کارو کردەوەی جوانەو هانی مرۆڤ بۆ خێرو چاکە دەدات.

لە ئەفسانەی ئێزیدیدا تاووسی فریشتە بە فرمانی یەزدان حەزرەتی ئادەم لە بەهەشت دێنێتە دەرەوە. پاشان فێری عەقڵ و حیکمەت و پیشەو کارکردنی دەکات[33]. بەم بۆچوونەش تاووسی فریشتە بووە بە سەرچاوەی زانست و زانیاری و ڕێپیشاندەری یەکەم مرۆڤ واتا حەزرەتی ئادەم" بۆ ئەوەی هەنگاوی یەکەم بۆ بنیادنانی یەکەم شارستانیەت بهاوێ و لەو ژیانە دەستهەڵگرێ کە ڕەنجکێشان و هیچ جۆرە کارو پیشەیەکی تێدا نەدەزانی و نەیدەتوانی عەقڵ و هۆشی بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ بەکاربهێنێ.

ئێزیدییەکان بڕوایان وایە کە لە ژیانی ئادەمیزاد دا دوو تۆفانی گەورە ڕووی داوە. یەکەمیان هەموو گەلانی دنیای خنکاندووە جگە لە میللەتی تاووسی فریشتە. ئەم تۆفانەش بە بۆچوونی ئەوان بۆ ئەوە بوو کە ***(خودا)***[*] تۆڵە لەوانە بکاتەوە کە بڕوایان بەو خودایە نەبووەو گاڵتەشیان بە تایفەی بڕواداری ئێزیدی کردووە[34]. کەچی تۆفانی دووەم شان بەشانی گەلانی دیکە ئەو ئێزیدیانەشی گرتۆتەوە کە خواو بڕوایان لەبیرکردبوو. لە باتی چاکە ڕوویان لە خراپە کردبوو. لەم تۆفانەشدا بە فەرمانی یەزدان ***(تاووسی فریشتە)*** حەزرەتی ***(نوح)***ی ئاگادار کردۆتەوەو ئامۆژگاری کردووە کە کەشتیەك بۆ ڕزگارکردنی خۆی و ئەوانەی بڕوایان پێیە دروست بکات و بەم چەشنەش ***(تاووسی فریشتە)*** یارمەتی داون بۆ ئەوەی تایفەی ئێزیدی لە تۆفان ڕزگار بن و هەموویان لەناو نەچن و بە ئاو نەخنکێن[35].

هەندێ ئەفسانەی ئێزیدی باسی ئەوە دەکەن کە گوایە خودا بۆ تاقیکردنەوەی گوێڕایەڵی و بڕوای یەکتاپەرستی***(تاووسی فریشتە)***ی فرێداوەتە ناو ئاگری دۆزەخەوە. ئەویش ماوەیەکی زۆر لەوێ ماوەتەوە و ئازاری کێشاوە و بەگریان حەوت کوپەڵە فرمێسکی پڕ کردووە. پاش ئەوە کە خودا هەستی کردووە تاووسی فریشتە بڕوا دارەو لە خودا زیاتر کەس بە خودای خۆی نازانێ و بە تەواوی ملکەچی فەرمانەکانی ئەوە, بۆیە لە دۆزەخی دەرهێناوە و بۆ بەهشتی گێڕاوەتەوە[36] و فەرمانی داوە ئەو کوپەڵە فرمێسکانەی تاووسی

فریشته له گۆشەیەکی دۆزەخدا بپارێزرێ. له رۆژی حەشردا به فەرمانی یەزدان, بۆ رزگاربوونی ئەوانەی له ئاگری دۆزەخدان, ***(شێخادی)*** بەو کووپەڵە فرمێسکانه ئاگری دۆزەخ دەکوژێنێتەوە[37] و تاوانبارانیش پاش ئەوەی به ئاگری دۆزەخ بەشێك له گوناهەکانیان سووتاوە, بەو فرمێسکانه له ئازارو ئەشکەنجە رزگاریان دەبێت.

بێجگه لەو قسەو باسانەی که گێڕامانەوە, خودا پەرستی و ئیمانداری ***(تاووسی فریشته)*** به باشی لەو وتراوە ئێزیدییەدا به دەردەکەوێ که به ***(وتراوی تاووسی فریشته)*** ناسراوەو له وێدا تاووسی فریشته باسی پایەداری و بەخشنەدەیی و میهرەبانی یەزدان دەکاو دەڵێ:

یاڕەبی عەلاشانەك و عەلامەکانەك و عەلاسوڵتانەك

یا ڕەبی تویی کەریمی.. تۆیی ڕەحیمی

یارەبی هەر تو خودای

هەر تویی لائیقی مەدح و سەنای

یا ڕەبی تو مەلەکێ کوللی جیهانی[38]... .

بەم وتراوە به ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت که ئێزیدییەکان هەرگیز ئەهریمەنیان نەپەرستووە تاووسی فریشتەشیان تەنیا وەك بەندەی خوداو سەرۆکی فریشتەکانی یەزدان تەماشا کردووەو به پیرۆزیان زانیوە.

پیرۆزکردنی تاووسی فریشته له ئەفسانەی ئێزیدی–دا مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و بایەخدارەو بەم مەسەلەیەش وەك خاڵێکی گرنگ له دەیان خاڵێتری جیاکەرەوە, دەتوانین ئێزیدایەتی له ئەفسانەی زەردەشتی و مانەوەی و میترایی و ئایینی مەسیحی و یەهوودی و ئیسلام جیابکەینەوە, چونکه لەو ئەفسانه و بڕواو ئایینانەدا, بەشێوەیەکی گشتی دنیا بەسەر دوو جەمسەری خێرو شەڕدا دابەش کراوە, کەچی له ئەفسانەی ئێزیدیدا ئەم جۆرە بڕوایه نییه و ئێزیدییەکان لەم بارەیەوە بۆچوونی تایبەتیی خۆیان هەیە و بڕوایان وایە که خودا چاکه و خراپەی بۆ مرۆڤ بەجێ هێشتووە, بۆ ئەوەی لەو دنیا پاداشتی چاکه به بەهەشت و پاداشتی خراپه به دۆزەخ بداتەوە. واتا به گوێرەی ئەفسانەی ئەمان کارو کردەوەو بڕوای مرۆڤ سەرچاوەی سەرهەڵدانی چاکه یان خراپه یان خێر یان شەڕە له ژیاندا. بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت که ئەوان بڕوایان به بوونی هێزی

شەڕ نییە و لەبەر ئەوەشە نەفرەتکردن لە ئەهریمەن لای ئەمان باس نەکراوە, هەروەها ((***تاووسی فریشتە***)) لە ئەفسانەی ئێزیدیدا هێما نییە بۆ ئەو هێزەی کە لە ئەفسانە و ئایینەکانی تردا بە هێمای خراپە و دووبەرەکی و ئاژاوە نانەوەو بەلاّ دانراوە, بەڵکو بە پێچەوانەوە, هێمایەکە بۆ نکۆڵیکردن لەشەڕ بە هەموو وێنەکانیەوە(39)... .

ئەنجامی باسی سێیەم

لەم باسەدا بۆمان دەرکەوت:

1- ئەهریمەن لە ئەفسانەی زەردەشتیدا هێمای شەڕەو دەبێ بڕواداران لە دژی بجەنگێن و خۆیان لە خراپەکانی بپارێزن و نەکەونە داویەوە. کەچی لە ئەفسانەی ئێزیدیدا تاووسی فریشتە هێمای خێرو چاکە و خۆشییەو دەبێ ئێزیدییەکان بە پیرۆزی بزانن.

2- بە گوێرەی ئەفسانەی زەردەشتی، ئەهریمەن, مرۆڤ لە خشتە دەبات و پاشان ژیانی لێ دەکاتە دۆزەخ و ناهێڵێ بە ئارامی بژێت, بەڵام بە گوێرەی ئەفسانەی ئێزیدی تاووسی فریشتە مامۆستای یەکەمی مرۆڤە و رابەرایەتی مرۆڤی ئێزیدی بۆ بڕواو عەقڵ و حیکمەت دەکات.

3- لە ئەفسانەی زەردەشتیدا ئەهریمەن دژی خودایە و لەگەڵ پیاوچاکاندا خۆی و هاوەڵەکانی لە ململانێیەکی سەختدان و پاشان بەرەی خێرو چاکە بەسەر ئەهریمەنی شەڕدا بە یامەتیی خودا سەردەکەون, کەچی تاووسی فریشتە لە ئەفسانەی ئێزیدیدا بەندەی خودایە و تەنیا ئەو دەپەرستێ و بۆ کاری چاکە یارمەتی خەڵکی دەدات.

4- ئەفسانەی زەردەشتی ئەوە پیشان دەدات کە بەهۆی پیلانەکانی ئەهریمەنەوە زۆربەی خەڵکی روویان لە خراپەکاری کردووە, بۆیە خودا بە بەفربارین تۆڵەیان لێ دەکاتەوەو بەسەرما لەناویان دەبات. کەچی ئەفسانەی ئێزیدی ئەوە پیشان دەدات کەتاووسی فریشتە ئەوانی لە تۆفان رزگار کردووەو نەیهێشتووە قەڵاچۆ ببن.

5- ئەفسانەی زەردەشتی باسی ئەوە دەکات کە لەو دنیا ئەوەی بە دوای ئەهریمەنەوە بووەو بە هۆی ئەوەوە خراپەی کردووە لە ئاگری دۆزەخدا سزا دەدرێ, کەچی لە ئەفسانەی ئێزیدیدا باسی ئەوە کراوە کە نەك هەر پیاوچاکان بە یارمەتیی تاووسی فریشتە دەچنە بەهەشتەوە, بەڵکو ئاگری

دۆزەخیش بە فرمێسکی ئەو دەکوژێتەوەو تاونباران بەهۆیەوە لە سزا و ئەشکەنجە رزگار دەبن.

6- لە ئەفسانەی زەردەشتیدا شوێنکەوتووانی ئەهریمەن بەبەدکارو رەوشت نزم دادەنرێن و خوا خۆشیناوێن, کەچی بە پێی ئەفسانەی ئێزیدی خودا تایفەی ئێزیدی بە میللەتی تاووسی فریشتە ناودەبات و زۆری خۆشدەوێن و بیٚ سزاو لێپرسینەوە دەیانکاتە بەهەشتەوە.

7- لەبەر ئەوەی ئێزیدییەکان بە میللتی تاووسی فریشتە ناسراون, بۆیە خاك و ئاوو زمانیشیان لای خودا پیرۆز کراوە, کەچی شوێنکەوتوانی ئەهریمەن بە خراپترین و بەدکارترین مرۆڤ لای خوا ناسراون و لەم دنیا بیٚ نرخ و لەو دونیاش نەفرت لێکراون.

8- تاووسی فریشتە سەرەتا هێمای خواوەندی هەتاو بووە لە ئەفسانەی ئێزیدیدا و پاشان بووە بە سەرۆکی فریشتەکانی خودا, کەچی ئەهریمەن لە ئەفسانەی زەردەشتیدا نەفرەت لێکراو بووەو تا هەتایە خوداو خەڵکی نەفرەتی لیٚ دەکەن.

9- بە گوێرەی ئەفسانەی زەردەشتی, ئەهریمەن لەم دنیا نەفرەت لێکراوە, لەو دنیاش دەچێتە دۆزەخەوە. کەچی لە ئەفسانەی ئێزیدیدا باسی ئەوە کراوە کە تاووسی فریشتە لا خوا پایەدارەو لە هەردوو دنیاش جێگای هەر بەهشتە..

پەراوێزەکانی باسی سێیەم

1- لێکۆڵینەوەی بڵاونەکراوەی نووسەر.
2- *عبدالرزاق الحسني/* ***اليزيديون في حاضرهم و ماضيهم/*** مطبعة العرفان ـ صيدا/ 1951/ ص27.
3- *ب.ش. دل کوڤان/* ***داسن/ مجلة لالش/*** مركز لالش/ مديرية مطبعة وزارة التربية لاقليم كوردستان ـ دهوك/ العدد(6)/ 1996/ ص106.
4- *عباس محمود العقاد/* ***ابليس/*** دار الكتاب العربي للنشر و التوزيع/ بيروت ـ لبنان/ بلا سنة الطبع/ ص45.
5- سەرچاوەی پێشوو/ هەمان لاپەڕە/ هەروەها بڕوانە *د. سامي سعيد الأحمدي/* ***الأصول الأولى لافكار الشر و الشيطان/*** مطبعة الجامعة ـ بغداد/ 1970/ ص17.
6- *عباس محمود عقاد/* ***ابليس/*** ص47.
7- *سەرچاوەی پێشوو/* هەمان لاپەڕە.
8- *سەرچاوەی پێشوو/* ل44.
9- ب.ش. دل کوڤان/ ***داسن/*** ص107.
10- *سەرچاوەی پێشوو/* هەمان لاپەڕە.
11- *د. توفيق سلطان اليوزكي/* ***تأريخ أهل الذمة في العراق/*** ط1/ دار العلوم لطباعة و النشر/ الرياض ـ المملكة العربية السعودية/ 1983/ ص228.
12- فاروق الدملوجي/ ***الألوهية في المعتقدات الثنوية/*** ج1/ فی الديانة الزردشتية/ مطبعة الشباب ـ بغداد 1954/ ص10-11.
13- ب.ش. دل کوڤان/ داسن/ ص107.
14- *د. توفيق سلطان اليوزبكي/* ***تاريخ أهل الذمة في العراق/*** ط1/ ص221.
15- *ادوارد براون/* ***تأريخ الأداب في ايران/*** ج1/ البابان الأول و الثاني/ ترجمة:د. احمد كمال الدين حلمي/ جامعة الكويت/ مطبعة الجامعة/ 1984/ ص62-63.
16- *فاروق الدملوجي/* ***الألوهية في المعتقدات الثنوية/*** ج1/ في الديانة الزردشتية/ ص11.
17- *د. توفيق سلطان اليوزبكي/* ***تأريخ أهل الذمة في العراق/*** ط1/ ص223-224.
18- *سليمان مظهر/* ***قصة الديانات/*** دار الوطن العربي/ بلا مكان و سنة الطبع/ ص314-315.
19- سەرچاوەی پێشوو/ ل 315.
20- *د. توفيق سلطان اليوزبكي/* ***تأريخ أهل الذمة في العراق/*** ط1/ ص225.
21- *د. محمد وصفي أبو مغلي/* ***ايران دراسة عامة/*** منشورات مركز دراسات الخليج العربي بجامعة البصرة ـ مطبعة الجامعة/ 1985/ ص398.
22- *فالح مهدي/* ***البحث عن المنقذ/*** دراسة مقارنة بين ثمانی ديانات/ ط1/ دار ابن رشد للطباعة و النشر, بلا مكان الطبع/ 1981/ ص82-83.
23- *د. سامي سعيد الأحمد/* ***اليزيدية أحوالهم و معتقداتهم/*** ج2/ مطبعة الجامعة ـ بغداد/ 1975/ ص36.

24- زهير كاظم عبود/ *لمحات عن اليزيدية*/ مكتبة النهضة ـ بغداد/ بلا سنة الطبع/ ص97.
25- د. سامى سعيد الأحمد/ *اليزيدية أحوالهم و معتقداتهم*/ج2/ص38-39/بعد الهامش رقم (41).
26- شاكر فةتاح/ *يەزیدیەکان و ئایینی یەزیدی*/ چاپخانەی کامەرانی ـ سلێمانی/ 1969/ ل9.
27- زهير كاظم عبود/ *لمحات عن اليزيدية*/ ص99.
28- عباس محمود العقاد/ *ابليس*/ ص45.
29- زهير كاظم عبود/ *لمحات عن اليزيدية*/ ص100.
30- د. بير ممو فرمان/ *مكانة الانسان في الديانة الايزيدية: مقارنة الأديان القديمة مع الحديثة و امية دور الانسان فيها*/مجلة لالش/العدد(4)/ مطبعة الثقافة ـ هەولێر/ دهوك/1994/ ص105.
31- د. سامي سعيد الأحمد/ *اليزيدية أحوالهم و معتقداتهم*/ ج2/ ص5ـ6.
32- زهير كاظم عبود/ *لمحات عن اليزيدية*/ مكتبة النهضة/ بغداد ـ بلا سنة الطبع/ ص 17ـ 18.
33- د. سامي سعيد الأحمد/ *اليزيدية أحوالهم و معتقداتهم*/ ج2/ ص13.
(*) لە سەرچاوەکەدا لـە باتی خودا *(تاووسی فریشتە)* نووسرابوو, بـەڵام ئێمە بڕوامـان وایـە کە (خودا) ئەم کارەی فەرمان داوە, هەروەها ئێزیدییەکانیش هەمان بڕوایان هەیە. بڕوانە ل121 لە پەرۆێزی ژمارە (34).
34- سعيد الديوجي/ *اليزيدية*/ مكتب التراث العربي/ العراق ـ الموصل/ 1973/ ص121.
35- سامي سعيد الأحمد/ *اليزيدية أحوالهم و معتقداتهم*/ ج2/ ص21.
36- زهير كاظم عبود/ *لمحات عن اليزيدية*/ ص17ـ 18.
37- د. سامي سعيد الاحمد/ *اليزيدية احوالهم و معتقداتهم*/ ج2/ ص11.
38- خدری سلیمان و خلیلی جندی/ *ئێزیدیاتی*/ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد/ بەغدا/ 1979/ ل24.
39- د. سامي سعيد الأحمد/ *اليزيدية أحوالهم ومعتقداتهم*/ ج2/ ص 36.

سەرچاوەکانی باسی سێیەم

1- *ادوارد براون*/ ***تأريخ الأدب في ايران***/ ج1/ البابان الأول والثاني/ ترجمة: د. أحمد كمال الدين حلمي/ جامعة الكويت ـ مطبعة الجامعة/ 1984.

2- *بير ممو فرمان*/ ***مكانة الانسان في الديانة الايزيدية: مقارنة الأديان القديمة مع الحديثة وأهمية دور الانسان فيها***/ مجلة لالش/ العدد (4)/ مطبعة الثقافة ـ هةولێر / دهوك, 1994.

3- *ب.ش. دل كوڤان*/ ***داسن***/مجلة لالش/مركز لالش/ مديرية مطبعة وزارة التربية لاقليم كردستان ـ دهوك/ العدد (6)/ 1996 .

4- *توفيق سلطان اليوزبكي*/ ***تاريخ أهل الذمة في العراق***/ط1/ دار العلوم للطباعة والنشر/ الرياض–المملكة العربية السعودية/ 1983.

5- *خدری سلیمان و خەلیلی جندی*/ ***ئێزیدیاتی***/ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا/1979.

6- *زهير كاظم عبود*/ ***لمحات عن اليزيدية***/ مكتبة النهضة ـ بغداد/ بلا سنة الطبع.

7- *سامي سعيد الأحمد*/ ***الاصول الأولى لافكار الشر والشيطان***/ مطبعة الجامعة ـ بغداد/ 1970.

8- *سعيد الديوجي*/ ***اليزيدية***/ مكتب التراث العربي/ العراق ـ الموصل/1973.

9- *سامي سعيد الأحمد*/ ***اليزيدية أحوالهم ومعتقداتهم***/ ج2/ مطبعة الجامعة ـ بغداد/ 1975.

10- *سليمان مظهر*/ ***قصة الديانات***/ دار الوطن العربي ـ بلا مكان وسنة الطبع.

11- *شاكر فەتاح*/ ***یەزیدییەکان و ئاینی یەزیدی***/ چاپخانەی کامەرانی ـ سلێمانی/ 1969.

12- *عبدالرزاق الحسني*/ ***اليزيديون في حاضرهم وماضيهم***/ مطبعة العرفان ـ صيدا, 1951.

13- *عباس محمود العقاد*/ ***ابليس***/ دار الكتاب العربي للنشر والتوزيع/ بيروت ـ لبنان/ بلا سنة الطبع.

14- *فاروق الدملوجي*/ ***الالوهية في المعتقدات الثنوية***/ ج1/ في الديانة الزردشتية/ مطبعة الشباب ـ بغداد 1954.

15- *فالح مهدي البحث عن منفذ*/ ***دراسة مقارنة بين ثماني ديانات***/ ط1/ دار بن رشد للطباعة والنشر ـ بلا مكان الطبع/ 1981.

16- *محمد وصفي أبو مغلي*/ ***ايران دراسة عامة***/ منشورات مركز دراسات الخليج العربي بجامعة البصرة ـ مطبعة الجامعة/1985.

باسـی چوارەم

پەند و قسەی نەستەقی کۆمیدی ـ گاڵتە ئامێزی کوردی

پێڕستی ناوەرۆك

پێشەکی 75
بەشی یەکەم :
پەند و قسەی نەستەقی مرۆڤ 77
بەشی دووەم :
پەند و قسەی نەستەقی گیانەوەران 85
ئەنجام 94
پەراوێزەکان 96
سەرچاوەکان 99

پێشەکی

لێکۆڵینەوە دەربارەی پەند و قسەی نەستەقی کۆمیدی- گاڵتە ئامێزی کوردی کارێکی هێندە ئاسان نی‌یە و پیویستی بە سەرچاوەیەکی زانستی زۆر هەیە, کە لای ئێمە دەست ناکەون.

ئەم بابەتە بە زمانی کوردی شتێکی ئەو تۆی لەسەر نەنووسراوە, جگە لەوەی کە (د.عزالدین مستەفا رسول)[1] بە چەند نموونەیەکی کەم کە لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکات ئاوەڕی لەم بابەتە داوەتەوە, نموونەکانیش تەنیا ئەوانەن کە لە کرمانجی خواروو وەری گرتوون بێ ئەوەی لایەك بە لای سەدان نموونەی دیالێکتی ناوچەکانی دیکەی کوردستان بداتەوە بە تایبەتی ئەوانەی کە بە کرمانجی سەروو یان بە لوڕی و ... هتد وتراون. لەبەر ئەوە ئەم باسە دەبێتە یەکەمین لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ لەم بوارەدا.

بۆ جێبەجێ کردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە سوودمان لە کۆمەڵێ سەرچاوەی عەرەبی و بیانی وەرگرتووە بۆ ئەوەی زیاتر باسەکەی پێ تێرو تەسەل بکەین. تاکە ئامانجیشمان ئەوەیە کە خزمەتێکی بچووکی سامانی دەوڵەمەندی ئەدەبی فلکلۆریی نەتەوەکەمان بکەین.

کۆمیدیا *(Commedy)* زاراوەیەکی کۆنی یۆنانی‌یە, ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ یەکگرتنی ووشەی ***Comms***- واتە شایی و لۆغان لەگەڵ ووشەی ***ode***- کە گۆرانی دەگەیەنی"[2]. لە راستیدا ئەم زاراوەیە لەو تێڕوانینە دوور ناکەوێتەوە, هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە لەگەڵ ئەم جۆرە هەستە جووت و هاوشان بووە، بەڵکو بگرە ناو و ناتۆرە و شەڕە جنێو و قسەی نابەجێ و ناوهێنانی ئەندامەکانی زاوزێ باشترین کەرسەی ئەم جۆرە ژانرە بووە. لەبەر ئەوەشە بە ئاسانی دانی پێدانەنراوە و دان پێدانانیشی لە لایەن مێری کۆنی ئەسیناوە بە ماوەیەکی زۆر پاش تراژیدیا کەوتووە, ئەم دواکەوتنەش دەگەڕێتەوە ((بۆ لایەنە بەرەڵلاییەکانی بابەتەکە و ئەو هەموو هێرشە توند و تیژەشی کە تیادا دەبرایە سەر دام دەزگا و پیاوانی دەوڵەت)). هەروەها لەو

سەردەمەدا, لەو شانۆ کۆمیدیانەی کە لەسەر جادە و شەقامەکان پێشکەش دەکران بەشێوەیەکی لە سنوور بە دەر جنێو و ناو ناتۆرە و نازناوی سەیر و بێ ئابڕوو بەکار دەهێنران.

لەبەر هەمان ئەو هۆیانەش بووە کە تا ئێستا لەناو کۆڕ و کۆمەڵدا ناتوانرێت بە ئاسانی ئەو جۆرە پەند و قسە نەستەقانەی کەبەم کەرستەیە وتراون بکرێنە نموونەو بخرێنە ناو باس و لێکۆڵینەوەی زانستییەوە.

پەند و قسەی نەستەقی کۆمیدی–گاڵتە ئامێز هەروەکو حەکایەتی کۆمیدی–گاڵتە ئامێز لەبەر ئەوە نەوتراوە خەڵکی بخاتە پێکەنینەوە بەڵکو زۆر جار مرۆڤی ئاسایی ئەم پەند و قسە نەستەقانە, یان ئەم حەکایەتانە دروست دەکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەوانەوە ڕەخنە لە هەڵس و کەوتی سیاسەتمەداران بگرێ و سوکایەتییان پێ بکات(3).

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مەبەست لە کۆمیدیای ناو ئەم پەندو قسە نەستەقانە تەنیا ئەوە نییە کە *((بابەتێك بۆ بانگەشە و گاڵتە پێ کردن و پێکەنین بێت, بەڵکو وەکو دیتمان لەوە قوڵترە و هەتا ئـێـسـتـاش هـۆیە نەك ئامانج لەلایەن جەماوەرەوە بۆ ڕەخنەگرتن لەو باردۆخە خراپەی کە تێیدا دەژین)).*

ناوەڕۆکی گاڵتە و گەپ خۆی لە خۆی دا گەلێك لایەن دەگرێتەوە و ڕەخنەیەکی توند و تیژ لەکار و کردەوەی خراپی تاك و کۆمەڵ, مرۆڤی سادە و خاوەن پلە و پایەی نێو کۆمەڵگا بە شێوەیەکی کۆمیدی – گاڵتە ئامێز دەگرێت و زیاتر مەبەستی ئەوەیە کە ئەو جۆرە کردارانە نەهێڵێ و مرۆڤ و کۆمەڵگا بەرەو ڕێگای چاکە بەرێ.

پەند و قسەی نەستەقی کۆمیدی ـ گاڵتە ئامێزی کوردی بەشێوەیەکی گشتی دەکرێن بە دوو بەشەوە:–

1– پەند و قسەی نەستەقی مرۆڤ: ئەو پەندو قسە نەستەقە کۆمیدیانە دەگرێتەوە کە بەزمانی مرۆڤەوە وتراون.

2– پەند و قسەی نەستەقی گیانەوەران: ئەو پەند و قسە نەستەقە کۆمیدیانە دەگرێتەوە کە بە زمانی ئاژەڵ و پەلەوەر و باڵدار و گیاندارانی هەمە جۆرەوە وتراون.

بەشی یەکەم:

پەند و قسەی نەستەقی مرۆڤ

لەم بەشەدا باسی ئەو پەند قسە نەستەقانە دەکەین، کە ڕاستەوخۆ بە زمانی مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ وتراون. واتە بێ پەنا بردنە بەر هێمایەکی دیکە. لە ڕووی ناوەڕۆکەوە پەندەکان باسی گەمژەیی مرۆڤ و موبالغە کردن و فێڵبازی و ترسنۆکی و دەست بڵاوی و بێ شەرمی و خواستنی شتی ناڕێك و قسە ڕەقی لە ڕووی مرۆڤ و هەڵەگەڕی ژنان و ئاژاوە نانەوە و بی بەختی و پیری و گەلێ بابەتی دیکە دەکەن. بۆ نموونە:

((پیاو بە گەورەیی فێری پڵاو خواردن بێت دەست بۆ لووتیدەبات))[4].

لەم نموونەدا بە شێوەیەکی کۆمیدی– گاڵتە ئامێزانە باسی مرۆڤێك کراوە، کە هەڵە لە کارێکدا دەکا و نازانێ چۆن دەستی پێ بکات وەکو ئەوەی لە کاتی نان خواردندا لە باتی دەست بۆ دەمی ببات، دەست بۆ لووتی درێژ بکات.

هەروەها بۆ گاڵتە کردن بە مرۆڤی ڕەزیل و قرچۆك کە هیچ خێرێکی لە دەست نەیەت کورد وتویەتی:

((نانی ئێکی ب ئاڤیدا چوو، گووت: بلا خێرا بابێ من بت)).[5]

بە گوێرەی ئەم نموونەیە، ئەو مرۆڤە نانەکەی لە دەست چووە، بەڵام تەنیا بۆ دڵدانەوەی خۆی وتویەتی با ئەو نانە بۆ خێری باوکم بێت ئەگینا بە ویستی خۆی بوایە هەرگیز ئامادە نەدەبوو ئەو نانەش بکاتە ئەو خێرە.

لە ڕووی خراپەکردن بەرامبەر بە کەسێك زۆر جار گوێمان لێ بووە دەڵێن *((ئەوەی لە دەرگەی کەسێك بدا، لە دەرگەی دەدرێ))* یان وەکو عەرەب دەڵێ: *((من طرق باب احد طرق بابه))*[6]. ئەم نموونەیە لەناو کوردا بەرگێکی کۆمیدی– گاڵتە ئامێزانەی بەبەردا کراوە و لە باتی *((دەرگەلێدان))*، *((میز بەدەرگا))* کـــردن بەکارهێنراوە. وەکو: *((حەچی بمێزت ب دەرگەهێ ئێکی ڤە، ئێك وی بمێزت ب دەرگەهێ وی ڤە))*[7]. ئەم نموونەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە میللەتی

کورد نەك تەنیا توانیویەتی سوود لە کەلەپووری نەتەوەکانی تر وەربگریٚ بەڵکو لە هەمان کاتدا شتی تازەیشی خستۆتە سەرو و مۆرکی تایبەتی خۆی پیٚوە ناوە ئەمەش باشترین بەڵگەی زیندویەتی کەلەپووری کورد و بیری مرۆڤی کوردمان بۆ دەسەڵمیٚنیٚ.

پەند و قسەی نەستەقی کۆمیدی- گاڵتە ئامیٚزی کوردیی زۆر بە جوانی سنووری کۆمەلأیەتی دیاردەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و ئەوەشمان لیٚ داوا دەکات کە باش نییە ئەو سنوورە دژ بە لۆجیکی ژیان و ڕاستی دیاردەکان پیٚشیٚل بکریٚن چونکە لەو حاڵەتەدا زیانی لە سوودی پتر دەبیٚ. ئەو ئامۆژگاریەمان بەم شیٚوە کۆمیدیە پیشان دەدات و دەڵیٚ: ((مردوو زۆر دەستی پیا بیٚنی, لە کاتی شۆردنیا ئەترِیٚ)).[8]لەم نموونەدا بەو پەڕی کۆمیدیانەوە دوو جەمسەری دژیەك *(ژیان- مردن)* لە ووشەی *(ئەترِیٚ)* دا کۆکراوەتەوە بۆ ئەوەی وەکو موبالەغە کردنیٚك لە ڕستەی *(زۆر دەستی پیابیٚنی)* سەرنجی ئادەمیزاد, بۆ نەبەزاندنی سنووری شتەکان رابکیٚشیٚ.

پەندی کۆمیدی- گاڵتە ئامیٚز خۆی لە خۆیدا *((هاوار و نرکەیەکی نارەزایی و پرۆتیٚستە بەرامبەر بە هەموو شتیٚك کە بەلای ئادەمیزادەوە چەوت و ناڕیٚك بیٚت. ئیتر ئەو شتە یا کەسیٚکە یا کۆڕیٚکە یا دەور و زەمانیٚکە))*[9]. یاخود دیاردەیەکی کۆمەلایەتی یان دیمەنیٚکی نا بەجیٚی ڕەفتاری مرۆڤیٚکە.

مرۆڤی کوردیش هەستی بە ناشیرینی ئەو دیاردانە کردووە و کردویەتیە جیٚی گاڵتە و تەشەر و ڕەخنەگرتن بە مەبەستی بن بڕکردنی.

خۆبەزڵ زان و درۆزن و بیٚ دەسەلأت کە دەیەویٚ گرەوی سەختی ژیان بەقسەی زڵ و بیٚ کردەوە بباتەوە یەکیٚکە لەو جۆرە نموونە ناپەسندانەی کە بوەتە مایەی گاڵتە پیٚ کردن و ڕەخنە لیٚ گرتنی کۆمەڵی کوردەواری و بەشیٚوەیەکی کۆمیدیانەی گاڵتە ئامیٚز لەپەند و قسەی نەستەقی کوردیی دا گاڵتەی پیٚ کراوە هەروەکو:

((بەترِ گویٚز ئەشکیٚنیٚ))[10]

یان دەڵیٚن:

((بەترِ گۆیژە ئەکیٚڵیٚ))[11].

لەو دوو نمونەدا زۆر بە سووکی و گالتە پێکەرانەوە باسی ئەو جۆرە مرۆڤانە کراوە ئەوەشمان پیشان دراوە کەوا ئەوانە هیچیان لەباردا نىیە چونکە نەگوێز بەو ڕەقىیەو نەچیای گوێژە بەو سەختی و بڵندیە هەرگیز بە بای مرۆڤ ناشکێن و ناکێڵرێن.

لەناو کورددا هەروەکو میللەتانی تر، کە هەمان تێڕوانینیان هەیە، تەمەن نیشانەی دابەش کردنی قۆناغەکانی ژیانە، سەردەمی منداڵی سەرەتای بوونە، گەنجێتی قۆناغی ناوەندە، بەڵام پیری دوا قۆناغی تەمەنی مرۆڤە لە ڕووی مادی- بایلۆجیىیەوە.

بۆ گاڵتە کردن بەو پیرانەی کە لە دوا قۆناغی تەمەن دا دەژین و ماندوێتییان پێوە دیارەو زۆر لەسەرەخۆ دەچن بە ڕێوەو هێزیان تێدا نەماوە کورد دەڵێ: *((بە دزی ئیزرائیلەوە ئەگەڕێ))*[12].

مێژووی ژیانی کۆمەڵگایەك بریتىیە لە مێژووی ململانێی نێوان چینەکانی ئەو کۆمەڵە، بەڵام هەروەکو مارکس دەڵێ: *((بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی مێژوویی سروشتىیە و ملکەچی چەند یاسایەکە لەسەر توانای خەڵکی و هۆشیاری و نیازی ئەوان ڕانەوەستاوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو بزوتنەوەیە توانای هۆشیاری و نیازی خەڵکی دیاری دەکات))*[13]. بەپێی ئـەو یاسا کۆمەلایەتیە ململانێی چینەکانی ناو کۆمەڵ پێویستی بەو پرۆسەیە هەیە و لە دەرەوەی چوار چێوەی هۆکارە مێژوویەکان، باردۆخی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەنجام نادرێ. کۆمەڵگای کوردستانیش ناتوانێت ملکەچی ئەو یاسایە نەبێ و لە دەرەوەی ئەو ڕاستىیە مێژوویىیە گەشە بکات. ئەگەر بە گوێرەی ئەم بۆچوونانە تەماشای پەند و قسەی نەستەقی، کۆمیدی- گالتە ئامێزی کوردی بکەین ئەوا ڕاستەوخۆ ڕوو بەڕووی ئەو یاسایانە دەبینەوە.

کۆمەڵگەی کوردستان هەتا ئێستاش کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی – نیمچە پیشەسازی سروشتی دواکەوتووە و نەیتوانیوە بە تەواوی قوناغی دەسەڵاتدارێتی دەرەبەگایەتی بشکێنێ و بەرەو ئاستێکی باڵاتر هەنگاو بنێ چونکە باردۆخی مێژوویی ئەو گۆڕانکاریە نەخوڵقاوە. پەند و قسەی نەستەقیش ئاوێنەی ڕاستەقینەی بیری کۆمەڵایەتیە لە قۆناغێکی دیاری کراودا، بۆیە پاشماوەکانی ئەم قۆناغە بە تایبەتی قۆناغی کشتوکاڵی تێدا ڕەنگی داوەتەوە و

بەئاسانی هەست بەبوونی مانەوەی ئەو ململانێیەی تێدا دەکەین واتە ململانێی نێوان ئاغا و – سەپان، ئاغا و جوتیار، بەڵام لێرەدا ئەو پەیوەندیە دژوارە بەشێوەیەکی کۆمیدی– گالتە ئامێز خۆی دەنوێنی و ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغەی تێدا دیارە چونکە یاساکانی ژیانی ئابووری ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە ((هەر قۆناغێکی مێژوویی یاسای تایبەتی خۆی هەیە))[14]. بۆ نموونە کورد دەڵێ:

((ئاغا ڕو، خوا شوکر))[15].

لێرەدا بە ئاشکرا دوو هەڵوێست و حەزی دژ یەك دەردەکەون:

یەکەمیان: باوکە ڕۆی مەرگی ئاغایە.

دووەمیان: خوا شوکری جووتیارە کە ڕەنگدانەی حەزێکی کپ کراوی ئەوە.

پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵ لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بە گوێرەی پەیوەندی بەرهەم هێنان و شوێنی کەسەکانی کۆمەڵ لەو پەیوەندیەدا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، تەنانەت لەناو یەك وڵاتدا بەپێی پێوەری تایبەتی چینایەتی دەگۆڕێ و بەو جۆرەش پلەی خزمایەتی و هاوسێتی و هاوڵاتیەتی دەست نیشان دەکرێ.

لەبەر ئەوەی میللەتی کورد لە ژێر سایەی پاشماوەی پەیوەندی خێڵەکی– دەرەبەگایەتیدا دەژی کە دوو سیما ژیانی ئابووری کۆمەڵگای کشتوکاڵی دواکەوتوون بۆیە ئەو جۆرە پەیوەندیانە تا رادیەك پتەو و نرخی خۆیان هەر ماوە، بە تایبەتی لە نێو جوتیارانی لادێ نشین دا و بگرە تا رادەیەکیش پیرۆزن و دەبێ هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵ ملکەچی ئەو داب و نەریتانە بن و بەهیچ جۆرێك نابێت ئەو یاسایانە کە ڕێکخەری ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوانن پێ شێل بکرێن. ئەو بۆچوونانەی باسمان کردن لە پەند و قسەی نەستەقی کۆمیدی گالتە ئامێزی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و لەوێدا بەشێوەیەکی کۆمیدیانە هانی خەڵکی دراوە کە ئەو پەیوندیانە بەهێز بکەن و ڕێزی لێ بگرن ئەگەر چی ئەو داخوازیە لە چوار چێوەی پێکەنین و گالتە پێ کردن بە وانەی کە بەو ئەرکە هەلناسن دەر براوە وەکو:

((پیاو ڕقی لە بەنە خۆینی خۆی هەڵسێ گو ئەکا بەخۆیا))[16].

واته مرۆڤ كه ڕقی له خزم و دۆست و عه‌شره‌تی خۆی هه‌ڵبسیٚ توشی زیان ده‌بیٚ, به‌لاٚم لیٚره‌دا ئه‌و زیانه له شیٚوه‌یه‌كی كۆمیدی– گالته ئامیٚزدا ده‌ربڕاوه كاتیٚ كه خزم و كه‌س و كار و عه‌شره‌ت به (دوخین) و فرمانه‌كه‌ش به *((گو به‌خۆیا))* كردن چویٚندراوه.

لیٚكچواندن, كه به‌شیٚكی گرنگی زانستی ڕه‌وانبیٚژییه ڕۆلیٚكی گه‌وره له ڕازاندنه‌وه‌ی ووشه له‌زمانی په‌ند و قسه‌ی نه‌سته‌قی كۆمیدی– گالته ئامیٚزدا گیٚڕاوه. بۆ ڕوون كردنه‌وه‌ی دۆخی لیٚ چوو له‌م بابه‌ته‌ش دا, هه‌روه‌ها بۆ ئه‌وه‌ی لیٚ چوو به‌شیٚوه‌یه‌كی كۆمیدی– گالته ئامیٚزانه ده‌ربخات په‌نده‌كه هه‌ڵده‌ستیٚ به لیٚكچوواندنی به‌له‌وچوویه‌ك كه مه‌به‌سته‌كه‌ی كۆمیدیانه تر پیشان بدات بۆ نموونه:–

((ئه‌گه‌ر لووت نه‌بیٚت, چاو چاو ئه‌خوا))[17].

مه‌به‌ست له‌م نموونه‌یه ئه‌وه‌یه ئه‌گه‌ر هیٚزیٚكی ناوبژیكه‌ر نه‌بیٚت كه‌كار بكاته سه‌ر دوو هیٚزی دژ به‌یه‌ك ئه‌وا یه‌كتر قه‌لاٚچۆ ئه‌كه‌ن. له‌م نموونه‌دا هیٚزی یه‌كه‌م به لووت و هه‌ردوو هیزه دژ به‌یه‌كه‌كه به‌چاو چویٚندراوه, ئه‌وه‌ی خاڵی گرنگ بیٚت لیٚره‌دا هیٚزی یه‌كه‌مه كه به ویٚنه‌یه‌كی كاریكاتیٚری پیشاندراوه بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و ڕاستی‌یه بخاته چوارچیٚوه‌یه‌كی كۆمیدی‌یه‌وه.

به‌گویٚره‌ی ده‌سه‌لاٚتی چینایه‌تی و هیٚزی ده‌سه‌لاٚتدار له كۆمه‌ڵدا هه‌ڵویستی ئه‌ندامه‌كانی كۆمه‌ڵ به چه‌ند جۆریٚكی جیاواز به‌رامبه‌ر به‌و ده‌سه‌لاٚته له نیٚوان لایه‌نگیر و نه‌یار و هه‌لویٚست دارو بیٚ هه‌ولویستی هه‌لپه‌رست و ترسنۆك كه ئه‌مه‌ی دواییان جیٚی سووكایه‌تی و شه‌رمه‌زاری و گاڵته‌پیٚ كردنی هیٚزه خاوه‌ن هه‌ڵویٚسته‌كانه, له هه‌مان كاتدا ده‌بیٚت ئه‌وه‌ش بزانین *((كه بیٚ لایه‌ن له ململانیٚی چینایه‌تی دا نی‌یه))*[18]. به‌ڵكو بگره گویٚ نه‌دان به‌و ململانیٚیه خۆی له خۆیٚدا *((لایه‌نگرییه‌كی بیٚ ده‌نگی هیٚزی ده‌سه‌لاٚتداره))*[19] ئه‌گه‌ر ئه‌وه هه‌ڵسه‌نگاندنی مرۆڤی بیٚ لایه‌ن بیٚ, ده‌بیٚت مرۆڤی هه‌لپه‌رست به چ جۆریٚ له ناو كۆمه‌ڵدا باسكرابیٚت...؟!

به‌پیٚی لیٚكدانه‌وه‌ی بیری كۆمه‌لاٚیه‌تی مرۆڤی كورد له كه‌له‌پوردا به‌شیٚوه‌یه‌كی گشتی و له‌په‌ند و قسه‌ی نه‌سته‌قی كۆمیدی– گالته ئامیٚزدا به شیٚوه‌یه‌كی تایبه‌تی ئه‌وه‌مان بۆ ده‌رده‌كه‌ویٚت, كه *((كورد زۆر دوژمنی*

هەلپەرستی و ڕاڕایی و ڕیاکردنن, بۆیە لە پەندی پێشیناندا وێنەیەکی کۆمیدی پڕ لە پێکەنین بۆ پیاوی هەلپەرست نەخشە کێشراوە.))[20]. وەکو:

((وەك پەشتەماڵی حەمام وایە, هەردەم بە بەر یەکێکەوەیە))[21]

یان : *((وەك کەری ناوچۆگە لە هەردووك لا ئەخوا))*[22].

هەروەها مرۆڤی ئاژاوە چی بەهەمان شێوە بووە بە مایەی گاڵتەپیٚ کردن و ڕەخنە لیٚ گرتنی کۆمیدیانەی چەند پەندو قسەی نەستەقێکی کوردی وەك:

((خۆی لێرەیە, کلکی لە بەغدا تۆز دەکا))[23].

ئەم جۆرە مرۆڤە وەك گیانلەبەرێکی ئەفسوناوی وێنەی بۆ کێشراوە, جگە لەوەی کە هۆکاری ئاژاوە گێڕانەکەی بۆ کلکی گێڕدراوەتەوە نەك بۆ ئەندامێکی دیکەی وەك *(دەس, دەم, تەنانەت پیٚ)* کە لەراستیدا ئەمانە زیاتر ئەندامی شەڕ و ئاژاوە گێڕانن, بەڵام بە دانە پاڵی کردەوە بەو ئەندامە و لە شوێنێکی دووری وەکو بەغدا خۆی لە خۆیدا پەندەکەی تێکەڵ بە جیهانی کۆمیدی– گاڵتە ئامێز کردووە.

هەروەك چۆن *(لەوەو پێش)* ئاماژەمان بۆ کرد کە کۆمیدیا لەچیەوە سەرچاوەی گرتووەو کەرستەکانی باسی چی دەکەن دەبینین لە پەند و قسەی نەستەقی کۆمیدی– گاڵتە ئامێزی کوردیشدا هەمان کەرەستە وەك *(ناو و ناتورە و جنیو و ناهێنانی ئەندامەکانی زگ وزا... هتد)* بەکارهاتووە بۆ ئەوەی سیمایەکی کۆمیدی– میللی بە و پەندانە ببەخشریٚ و لە ڕووی مانا و مەبەستەوە کاریگەرتر بن.

مەسەلەی ئافرەت یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی. لە پەند و قسەی نەستەق دا جێگایەکی دیاری هەیە و لە زۆر ڕووەوە ئەم کێشەیە باسکراوە و لەبەر ئەوەی پەند و قسەی نەستەقیش *((فەلسەفەی ژیانی سەرتاییە و لە مێژووی فیکردا بایەخێکی ئەوتۆی هەیە کە ئەگەر کەسێك لە لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆجی گەلان و گەشە کردنی فیکری لای ئادەمیزاد قووڵ نەبووبێتەوە پەی بە گرنگی نابات))*[24] بۆیە لە کاتی لێکۆڵینەوەی ئەم کێشەیەدا پێویستە بە ووردی سەرنجی بیروڕای مرۆڤی سەرەتایی کورد بدەین و ئاکامەکانی ڕوون بکەینەوە.

زۆربەی گەلی کورد موسلمانن, واتا بیری کۆمەلایەتی ئەم ئایینە کارێکی زۆری کردۆتە سەر ژیانی ئەم نەتەوەیە و رۆڵێکی تەواوی لەبیری رۆڵەکانیدا گێڕاوە. هەرچی پەیوەندی بە ئافرەتەوەیە ئەوا کەم تا زۆر لە ڕوانگەی دەستوورەکانی ئەم ئایینەوە شوێنی بۆ دیاری کراوە. هات و چۆی ئافرەت و مانەوەی لە ماڵەوە و سەپاندنی پێچە بە سەریا, هەندێکن لەو دەستوورانەی کە دەبێت ئافرەتی موسڵمان پەیڕەویان بکات. لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ: *((و قرن في بيوتكن و لا تبرجن تبرج الجاهلية الأولى))*[25]. هەروەها لە هەندێ لە فەرموودەکانی پێغەمبەر *(محمد)(د.خ)* هەمان بۆچوون هەیە کە دەفەرمووێ: *((المرآة عورة, فأذا خرجت آستشرفها الشيطان))*[26]. بەم جۆرە دەرچوونی ئافرەت لە ماڵەوە ئەوندە ئاسان نەبووە, بەڵکو بگرە تا ڕادەیەکی گەورە قەدەغە بووە, بۆیە بە عەیبێکی گەورەش دانراوە. ئەم بیر و بۆچوونانە لە ناو کوردیشدا تا ڕادەیەک ئێستاش باوی هەرماوە لەوێشەوە هاتۆتە نێو پەند و قسەی نەستەقەوە و ئەو ئافرەتەی کە پابەندی ئەم یاسا ئاینیە نەبووە بووە بە مایەی گاڵتە پێ کردن و بەشێوەیەکی کۆمیدیانە ڕەخنەی لێ گیراوە. بۆ نموونە:

((ووتیان کابرا ژنەکەت زۆر دەگەڕێ!

ووتی: ئەگەر زۆر بگەڕایە ڕێی دەکەوتە ماڵی خۆشمان))[27].

یان دەڵێن: *((وەوی دیرم وە شەرم و حەیا , شەوەکی مەچوو ئیوارە مەیا))*[28].

لەپەند و قسەی نەستەقی کۆمیدی- گاڵتە ئامێزی کوردی دا ڕەخنەی کۆمیدیانە لە زۆر دیاردەی کۆمەلایەتی گیراوە. قسە کردن و چۆنیەتی دەربڕینی خواست و ئامانجەکانی ڕۆژانەی مرۆڤیش یەکێکن لەو دیاردانەی کە لەم جۆرە بابەتەدا خراونەتە بەر ڕەخنەی کۆمیدیانە. بۆ نموونە:

((ممیکە هاجەرە کە چەڵە دایکم ووتی:دیزەیە دۆمان بۆ بنێرێ

ووتی: ئەو زمانە شیرینەی دایکت هەیەتی, شەپەیە کەرەشی بۆ دەنێمە بانی))[29].

بێ شەرمی و نەوسنی خۆی لە خۆی دا دوو سیفەتن لە هەر مرۆڤێکدا هەبن دەبنە مایەی گاڵتە جاڕی کوڕ و کۆمەڵ و بەزۆر شێوە ڕەخنەیان لێ دەگیرێ. بۆ پەند و قسەی نەستەقیش بە تایبەتی لە بابەتێکی وەک کۆمیدی- گاڵتە

ئامێزدا دەبنە بابەتێکی سەرنج ڕاکێشەرو لە شێوەی ڕەخنەیەکی تووندا بەدەردەکەون. وەکو:

((ووتی قوزەڵقورت!

ووتی: بە ڕونەوە؟!)) [30].

بەشی دووەم:

پەند و قسەی نەستەقی گیانەوەران

پەند و قسەی نەستەقی کوردی زۆربەیان (بەرهەمی دەوری کشتوکاڵ و پاش ئەوەیە... بۆیە بە زۆری باسی ماڵات و ناوی جۆرەها ئاژەڵی وەك بزن, مەڕ, گا, ناوی تانجی و سەگ, کەر و ئەسپ, ئێستر و حەیواناتی تر هەمووی بەڵگەی ئەوەن کە ئەم پەندانە بەرهەمی ئەو پلەیەی مێژوون[31].

ئەو گیانلەبەرانە پەیوەندیەکی توندیان وەکو هێزی کارگەر و بەرهەمی کۆمەڵایەتی بە ژیانی مرۆڤی ئەو کۆمەڵەوە هەیە. زۆر جار مـەرج نیە پەندو قسەی نەستەق تەنیا بە زمانی مرۆڤەوە ووترابێ بەڵکو هەروەکو حەکایەت و ئەفسانە گەڵی جار پەندو قسەی نەستەقمان بەرچاو دەکەوێت کە بەزاری ئەو گیانلەبەرانە وتراون و بوونە بە نیشانەی شتێك لە ژیانی ئادەمیزاددا.[32] هەریەك لەوانە ڕەمزی بۆچوونێکی کۆمەڵایەتی تایبەتییان لەناو مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵەدا هەیە, بۆ نموونە *(کەر)* وەکو هێمایەك بۆ مرۆڤی گێل و بێ عەقڵ و نەزان و هەندێ جاریش وەکو ڕەنجدەرێکی بەش خوراو بەکار هاتووە یاخود سەگ کە بووە بە هێمای وەفاداری.

هەرچۆنێك بێت ئەو گیانلەبەرانە بەهەمان مەبەست, بەڵام بە شێوەیەکی کۆمیدی- گالتە ئامێز بوونە بە هێما وەکو ڕەخنەیەك لەو کەسانەی کە خەوشێکی کۆمەڵایەتی, یان لاری و نەزانین و تەوەزەلییەك بەرامبەر بە کۆمەڵ دەنوێنن بەکار هاتووە. بەپێی ئەم بۆچوونانە دەتوانین بلێین کە ئەو جۆرە پەندو قسە نەستەقە کۆمیدی- گالتە ئامێزانەی کە بەزاری ئاژەڵ و گیانلەبەرانی ترەوە وەکو مەیموون و قەلەڕەش, میروولە, کیسەڵ, ڕیوی... هتد ئەمانە لە سادەترین وێنەکانیدا,حەکایەتیکی ڕاڤەکەر و وێژەرەوەیە لە ڕووی گەوهەرەوە حەیکایەتێکە دەیەوێ ڕاڤەی دەردێك یاخود مەبەستێك بکات[33] . هەر بۆ ئەو مەبەستەش مرۆڤی کورد بۆ ئەوەی ڕەخنە لە دیاردەیەکی نابەجێ یاخود ڕەفتاری ناپەسندی کەسێك بگرێت پەنای بردۆتە بەر ئەم شێوە دەربڕینە تاکو بە شێوەیەکی

ناڕاستەوخۆ ئەو هەڵویستانە هەلسەنگێنیٚ بیٚ ئەوەی هەستی کەسێك بریندار بکات, یاخود رووبەڕووی لیٚ پرسینەوە ببێتەوە.

بەگوێرەی بابەت و کەرستە ئەو ئاژەڵ و گیانلەبەرانە دابەش دەکەین بەم شێوەی خوارەوە:

(1) ***ریوی***
(2) ***گورگ***
(3) ***قالۆنجە***
(4) ***کەر***
(5) ***قرژاڵ***
(6) ***مێستر***
(7) ***مێرووله***
(8) ***گیانلەبەری هاوبەش***

(1) ریوی لە پەندو قسەی نەستەقی کۆمیدی– گالتە ئامێزی کوردیدا:

هەر میللەتێك بەگوێرەی ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژی و ئەو ئاژەڵانەی لەو ژینگەدا هەن حەکایەت و پەندو قسەی نەستەقی بە زاری ئەو ئاژەڵانە وتووە. مەبەستیشی لەو کارە ڕاڤەکردنی هەندیٚ دیاردەی کۆمەڵایەتی–سروشتیٚیە کە لەو سەردەمەدا و بەپیٚی بۆچوونی سادەی خۆیان لێکیان داوەتەوە.

مرۆڤی سەرەتایی ((ئەو زانیارییانەی کە زانایانی ئاژەڵ و ڕوەکناسی لەم سەردەمەدا دەیزانن ئەوان نەیانزانیوە لەبەر ئەوەشە ئەو چیرۆکانەی *(ئەو پەند و قسە نەستەقانەی)* داناوە بۆ ئەوەی لە ڕێی ئەوانەوە هۆو هۆکاری ئەو دیاردە تایبەتییانەی چنگ کەویٚ[34]. هەرچی پەیوەندی بە پەندو قسەی نەستەقی کۆمیدی– گالتە ئامێزەوەیە ئەوا هەوڵیان داوە لەڕیگەی ئەو ئاژەڵانەوە ڕەخنە ئاراستەی ژیان و دیاردە کۆمەڵایەتی و دەزگاکانی سەردەمی خۆیان بگرن بە مەبەستی دابین کردنی ژیانێکی لەبارتر بۆ مرۆڤ و هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی ئەو دیاردە دزێوانە کە باری ژیان سەخت و نالەبار دەکەن.

پەند و قسەی نەستەقی کۆمیدی کە بەزاری ڕێویەوە وتراوە شتێکی تایبەت نیٚیە تەنیا بەگەلی کوردو هەرئەم گەلە نەبووە کە ڕێوی بە فێلبازو زۆرزان بزانیٚ بەڵکو لەناو گەلانی جیهاندا زۆر حەکایەت و پەندی کۆمیدی بە زاری ئەم گیانلەبەرەوە وتراوە واتــە لـــە کـەلەپوری زۆر نەتەوەی تردا هەمان تێڕوانین بۆ

ئەم گیانلەبەرە هەیە. (وەکو نەتەوەی عەرەب و گەلانی باشوری ئەوروبا)[*]. بۆ نموونە کورد دەڵێ:

((ووتیان ڕیوی چەند بەند ئەزانی؟

وتی: نەودونۆ, چاکترینیان پێچ کردنەوەیە))[35].

لە زۆربەی ئەو پەندانەی کە بەزاری ڕێوی یەوە ووتراون ناوی مریشکیش هاتووە. بۆ نموونە:

((ئەگەر ڕیوی بنوێ خەو بە مریشك خواردنەوە دەبینێ))[36].

لە پەندو قسەی نەستەقی کۆمیدی– گالتە ئامێزی کوردیی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دا ناوی ڕێوی هاتووە. بۆنموونە بەزاری کرمانجی سەروو دەڵێن:

ژ ڕووڤی پرس کرن: *((کیە شاعدەتەتە؟*

گووت: دیلا من))[37].

هەمان نموونە لە کرمانجی خوارووودا هەیە کە ئەڵێ:

((بەرێویان ووت: کێ شاهدتە؟ ووتی: کلکم))[38].

یان کورد دەڵێ:

{ گوتن: ((ڕۆڤی مەتو کری میری مریشکان ڕووڤی گری, گو: ژ سووێدا خوە نەباوەڕم))}[39].

یان دەڵێن: *((ڕویڤی گوت من نەبن لە ناڤ مریشکا وەك دی هوین چژ من بکن ب دلێ هەوەیە))*[40].

لە پەندو قسەی نەستەقی کۆمیدی– گالتە ئامێزی کوردیی دا ڕێوی نەك تەنیا هێمایە بۆ مرۆڤی فێلباز و درۆزن و مشەخۆر بەڵکو لە هەندێ نموونەدا بۆ گالتە پێ کردن بەو کەسانەی لە خۆیان دەگۆڕێن و ڕەسەنی خۆیان لەبیر دەکەن بەکار هاتووە. بۆ نموونە:

((دوو ڕیوی لەیە و کونا دەرچگن, ئەیەکە وە ئەوەکە وەت: هارگیدە سەن))[41].

هەروەها لە هەندێ پەندو قسەی نەستەقی کۆمیدی کوردیدا ئەم گیانلەبەرە بووە بە هێمایەك بۆ مرۆڤی چاوچنۆك و تەماحکار. بۆ نموونە:

((ووتیان مام ڕێوی, خورما ئەخۆی یان مێوژ؟

ووتی ئەمیش و ئەویش))[42].

لەو نموونانەی کە لەوەو پێش باسمان کردن مەبەستی سەرەکی تەنیا بۆ پێکەنین نییە هەرچەندە بەشێوەیەکی کۆمیدی مەبەستەکانی تێدا دەرکـــەوتووە, بەلام ئەگەر بۆ پێکەنین بێت ئەوا هەروەکو مارکس دەڵێ: *((کاتێ مرۆڤ پێ دەکەنێ لە ڕابردووی پەشیمان دەبێتەوە))*[43]. واتە بە گاڵتەکردن بە کردار و ڕەفتاری ناشیرن, مرۆڤ لەو جۆرە کارانە دوور دەکەوێتەوەو بە خۆدا دەچێتەوە و هەوڵی چاککردنی خۆی دەدات.

(2) کەر لەپەندو قسەی نەستەقی کۆمیدی- گالتە ئامێزی کوردیدا:

لە پەند و قسەی نەستەقی کۆمیدی گاڵتە ئامێزی کوردیدا مرۆڤی نەزان و گێل بە *(کەر)* چوێندراوە. لەم ڕووەوە زۆر نموونەمان بەرچاو دەکەوێ. وەکو:

((وتنەخەر: ماریفەت برەس, دوی ئەلگرت و تڕی))[44].

یان دەڵێن: *((بەکەریان ووت مەعریفەت بنوێنە, لنگی هەڵبڕی و تڕێکی کەند))*[45].

هەر لەم بارەیەوە لە کرمانجی ژووروش دا نموونەیەك هەیە دەڵێ:

((ژکەرێ پرس کرن چی تە باشە؟ دیلا خوە بلند کرو کرە زەڕین))[46].

هەر بەو مەبەستە کورد دەڵێ:

((گووتنە کەری! وەرە ئەم تە بیبیە جفەکی

گوو: ما کەڤزنۆك لەوێ هەیە؟))[47].

لێرەدا بەو پەڕی شێوەی گالتە پێ کردنەوە مرۆڤی نەزان بووە بە مایەی گاڵتە جاڕی. لە ناو کۆمەڵیشدا هەموو کەسێك هەوڵ دەدات کە بەو جۆرە کەس گالتەی پێ نەکات هەروەك گۆگۆڵ دەڵێ: ((تەنانەت ئەوەی لە هیچ ناترسێ لە گالتە پێ کردن دەترسێ))[48].

(3) هێستر لە پەندو قسەی نەستەقی کۆمیدی- گالتە ئامێزی کوردیدا:

لەناو کۆمەڵدا زۆ کەس هەیە کە هچیان لە باردا نییەو شانازی بەکارو کردەوەی کەسانی ترەوە دەکەن بۆ ئەم مەبەستەش لە پەندو قسەی نەستەقی

کۆمیدی- گاڵتە ئامێزی کوردیی دا هێستر وەکو هێمایەك بۆ دەربڕینی ئەو مانایە خواستراوە. بۆ نموونە:

((لە هێستر پرسین: کێ باوگدە؟ ووت: ئەسپ خاڵومە))[49].

هەر بە هەمان مەبەست لە پەندو قسەی نەستەقی کۆمیدی- گاڵتە ئامێزی عەرەبیدا نموونەیەك هەیە کە دەڵێ: {((القرعە بتفتخر بشعر بنت خالتها))}[50]. واتە کەچەڵ شانازی بە پرچی کچی خاڵیەوە دەکات.

(4) گورگ لە پەندو قسەی نەستەق کۆمیدی- گاڵتە ئامێزی کوریدا:

بۆ گاڵتە پێ کردن بە مرۆڤی مشەخۆر و دووڕوو، بۆ ئەوەی لە ناو خەڵکی و کۆڕو کۆمەڵ دا وەکو *(درِندەیەك)* پیشان بدرێت. بە شێوازێکی کۆمیدی- گاڵتە ئامێز، لە باتی ئادەمیزاد هێمای (گورگ) خواستراوە تاوەکو ئەو وێنە زیاتر لەبیرو ئەندێشەی خەلکێدا ناشیرین بکرێت و هەر کەسێك هەوڵ بدات لە شێوەی ئەم هێمایە دوور بکەوێتەوە. بۆ نموونە کورد دەڵێ:

((گوتنە گور هەرە بەرخان، گو: لنگی من دێشە!))[51].

یان دەڵێن: ((بە گورگیان ووت ئەمرۆ نۆرە شوانیتە، ووتی بە خوا پێم پەتیِیە))[52].

((گوتیانە گورگ هەروەکن مەڕێ. گوتی: پێم خواسە، بەلام ناچارم))[53].

هەر بە هەمان واتا و مەبەست لە پەند و قسەی نەستەقی کۆمیدی عەرەبی دا دەڵێ:

((الذیب سرحوە بالغنم گام یبچی))[54]. واتە گورگیان بەردایە مەڕان دەستی بە گریان کرد.

لەم نموونەدا بۆمان دەدەکەوێت کەوا هەردوو میللەتی کوردو عەرەب یەك هێمایان بۆ ئەو جۆرە کەسانە بەکار هێناوە کە ئەویش ((گورگە)) و هەردو لاش ئەم دوو مەبەستەیان لە شێوەیەکی کۆمیدی- گاڵتە ئامێزدا دەربڕیوە.

(5) قرژال له پەندو قسەی نەستەقی کۆمیدی- گالتە ئامێزی کوردیدا:

تەمەنی لاوی و هەرزەکاری قۆناغێکی زۆر گرنگە لە ژیانی ئادەمیزادا, چونکە گۆڕانێکی گەورە لە ڕووی دەروونی و بایۆلۆژی‌یەوە لەو قۆناغەدا ڕوو دەداو کار دەکاتە سەر ڕەفتار و هەلس و کەوتی ئەوان و تێڕوانینیان بۆ مەسەلەکان جیاوازیەکی گەورەی لەگەڵ قۆناغەکەی پێشووتردا دەبێت. لەم تەمەنەدا ئەنزیمەکانی لەش بە جۆرێکی خێراتر کار دەکەن وبەم شێوەیە لە ڕووی هەستیاری‌یەوە جۆرە توندڕەوی و خوێن گەرمی و سەرە ڕۆییەك لە ڕەفتاریاندا بەدەردەکەوێت, وەکو گوێ نەدانە هەندێك داب و نەریت وپێشیل کردنی هەندێ یاسای ڕێکخستنی کەسایەتی لە کۆمەڵدا و بەعیب نەزانینی هەندێ هەڵس و کەوت.

لە پەند و قسەی نەستەقی کۆمیدی- گالتە ئامێزی کوردی دا ئەم هەڵس و کەوتە نائاسایی یە لە بەرگێکی کۆمیدی- گالتە پێ کەرانەدا پیشاندراوە. وەك:

((لە قرژالیان پرسی: کو بە هەردوو سەران دەڕۆی؟ گووتی: چ لەلاوان بەعیب ناگیری))[55].

یان دەڵێن: ((ووتیان قرژاڵ بۆ بە دوو سەر ئەڕۆیت؟ ووتی : بۆجوانان هیچ عەیب نی‌یە))[56].

لێرەدا قرژاڵ بووە بە هێمای ئەو جۆرە هەرزەکارانە. ئەوەش وای کردووە کە وێنەکە بە شێوەیەکی کۆمیدی- گالتە ئامێزانە, هەستی پێ‌کەنین و گاڵتە جاڕی لە ناو خەڵکدا بەرامبەر بەچەوتی هەڵس و کەوتی ئەوان بووروژێنێ.

(6) مێروولە لە پەندو قسەی نەستەقی کۆمیدی- گالتە ئامێزی کوردیدا:

پەند و قسەی نەستەق زادەی بیری کۆمەڵانی خەڵکە بە هەموو چینەکانییەوە هەر لەبەر ئەمەشە بیروڕای جیاوازی ئەوانی تێدا ڕەنگ داوەتەوە. کۆمەڵیش وەکو دەزانرێ لە چەند چینێك پێکهاتووە" ئەو چینانەش بۆچوونیان

تاڕادەیەکی گەورە دەربڕی خواست و ئاواتی ئەوانە و بەرژەوەندییان پیشان دەدات و ململانێی نێوانیان دەردەخات. لە پەندو قسەی نەستەقی کۆمیدی- گالتە ئامێزدا ئەو بیروڕاو ململانییە بە شێوەیەکی کۆمیدیانە بە دەردەکەوێت و دەتوانین بڵێین ئەو پێکەنینەی لەم پەندانەدا دروست دەبێت خۆی لە خۆیدا دەنگی ناڕەزایی دەربرینە و رەخنە گرتنە لە باری چەوتی ژیان.

هەژاری یەکێکە لەو دەردانەی کە لە نێو کۆمەڵدا هەستی پێ دەکرێ و لە ئەنجامی ئەو چەوسانەوەیە کە مرۆڤی هەژار لە سایەی کۆمەڵی فرەچیندا تووشی دەبێ و سەرهەڵدەداو لە هەموو ژیانی ئەوان دا وەکو موتەکەیە بە دەردەکەوێ و ژیانیان لێ تاڵ دەکات. ئەم مەسەلەیە بە تەواوەتی لەپەند و قسەی نەستەق دا بە دەردەکەوێت, بەڵام لێرەدا بە شێوەیەکی کۆمێدی, داخ و حەسرەتی نەبوونی ئەوان دەردە بڕێ. وەکو:

((دیاری مێروولە, قاچە کوللەیە))[57].

لەم نموونەیەدا بە کۆکردنەوەی ووشەی (دیاری, مێروولە, قاچە کوللە) ئەو پەڕی دیمەنی کاریکاتێری کۆمیدیانەی- گاڵتە ئامیزی ژیانی هەژارانی ناو کۆمەڵی کوردستان و ڕادەی ئەو هەژاریەی کە مرۆڤی کورد بەدەستی‌یەوە دەناڵێنێ پیشاندراوە. لێکچواندنی ئەو دیارییە بە قاچە کوللە و مرۆڤی هەژار بە مێروولە جۆرە هۆشەکارییەکی تەواو لە دەرخستنی ئەو بارە نالەبارەدا دروست کردوە.

(7) قالۆنچە لە پەندو قسەی نەستەقی کۆمیدی- گالتە ئامێزی کوردیدا:

قالۆنچە لەم بابەتەدا هێمایە بۆ مرۆڤی بەد ڕەفتارو کەچ کردەوە ئەو کەسەی کە کردەوەی چاکی لێ ناوەشێتەوە کەچی لە هەمان کاتدا دڵگران و سەخڵەت دەبێ بە کردەوەی مرۆڤی ڕەوشت بەرز و نیاز پاك. بۆ نموونە: ((قالۆنچە بۆنی گوڵ بکا سەری دێشێ))[58]. لێرەدا قالۆنچە هێمایە, بۆ مرۆڤی بەد ڕەفتار. کەچی گوڵ وەکو خواستنێکی ڕاستەقینە, بۆ کردەوەی جوان و

ڕەوشت بەرزی خواستراوە. بە هاتنی (قالۆنچە– گوڵ) لەم نموونە دا گاڵتە پێ کردنێکی تەواوی بەوجورە کەسانە تێدا بە دەردەکەوێت.

(8) گیانلەبەری هاوبەش لەپەندو قسەی نەستەقی کۆمیدی– گاڵتە ئامێزی کوردیدا:

هەندێ پەندو قسەی نەستەقی کۆمیدی– گاڵتە ئامێزمان هەیە کە چەند گیانلەبەرێك و گیاندارێکی هاوبەشی تێدا بەکار هاتووە, بۆیە نـاوی هاوبەشمان لێ ناوە. وەکو ((قاتر و ئەسپ و ماین و قرژال و کیسەڵ و مێشولە (پەخشە))) چونکە ئەمانە پێکەوە وێنەیەکی کاریکاتێری کۆمیدی– گاڵتە ئامێزانەی سەیرمان بۆ دروست دەکەن, بە تایبەتی ئەگەر بەرانبەر ئادەمیزاد وەکو رەمزێك بەکارهێنرابن. بۆ نموونە:

((ئەسپ و ماین ناڵ ئەکران, قرژاڵ و کیسەڵ قاچیان هەڵئەبڕی, ئەیان ووت: ئێمەش))[59]. لەم نموونەدا (ئەسپ و ماین) کە دوو وەلاخی بەرزەن بەرانبەر بە (قرژاڵ و کیسەڵ) کە دوو گیانداری بچوکن وەکو دژیەکێکی ئیجابی لە ڕووی قەبارەوە, بۆ خۆ هەڵکێشان بەکارهێنراون. هەر ئەم پەندە لە ناوچەی خانەقیندا وتراوە, بەلاّم لە ڕووی دژیەکەکەوە تاك کەوتووە وەکو: ((قاتر ناڵ کردن, پەخشە قول ئەلگرت وەت: ناڵ منیش بکەن))[60]. لێرەدا لەباتی (ئەسپ و ماین) کە لە پەندەکەی پێشوودا هاتووە ووشەی (قاتر) بەتەنیا لەم نموونەدا بەکار هاتووە. لەم پەندەدا ووشەی (قاتر و مێشوولە) هەردوکیان تاکن و دژیەکێکی قەبارەیی و تواناییان لێ کەوتۆتەوە. هەر بە هەمان واتاو مەبەست لە کرمانجی سەروودا ئەم پەندە کۆمیدی– گاڵتە ئامێزە وتراوە: ((ناڵبەندا کحێل ناڵ دکرن, کیڤژاڵێ (قرژال), گوت: ئەڤە لنگێ من ژی))[61]. لیرەدا (ئەسپ) بەرامبەر (قرژاڵ) دژیەکێکی قەبارەیی و توانایی دروست کردووە. هەر لەم شێوە زمانەدا ئەو پەندە بەشێوەیەکی تر, بەلاّم بۆ هەمان مەبەست ووتراوە: ((قاترچیان قاترێد ناڵ کرن کۆسییان (کیسەل) لنگێ خوە بڵند کرن))[62]. لەم نموونەدا (قاتر) بەرامبەر بە (کیسەڵ) وەکو دژیەکێکی کۆ بەکارهاتووە. لە پەندو

قسەی نەستەقی کۆمیدی– گاڵتە ئامێزی عەرەبیشدا نموونەیەکی لەم جۆرە هەیە دەڵێ:

((قام سلطان بحدي خيله مدت الخنفسة رجلها))[63].

هەبوونی ئەم جۆرە پەندە هاوبەشە لە ڕووی واتاوە لە نێوان میللەتی کوردو عەرەب دا بەڵگەی ئەوەنیە کە یەکێك لەو میللەتانە ئەم پەندەی لەوی تر وەرگرتووە, بەڵام لەوانەیە لەم قۆناغەی ژیاندا (قۆناغی کشتوکاڵ) لە ڕووی ئابوری‌یەوە زۆر لەیەك بچەن و ئامرازەکانی بەرهەم هێنانیشیان تا رادەیەك یەك چەشن بن یاخود مەڕو ماڵات و ئاژەڵی ژینگەیان جۆرە هاوبەشێك لە نێوانیاندا هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا وەکو دەزانین جۆری قۆناغ وئاستی گەشەکردنی ئابوری ڕۆڵێکی گەورە لە دروست کردنی فیکری کۆمەڵایەتیدا دەگێڕن, بۆیە ئێمە بە دووری نازانین لەگەڵ هەبوونی جۆرە جیاوازیەك لە ڕووی ڕەمزەوە, کەلەپوری هاوبەش و لەیەك چوو لە نێوان ئەو کۆمەڵانە لەیەك قۆناغ دا سەرهەڵبدات.

ئەنجامی باسی چوارەم

دەتوانین ئەنجامەکانی ئەم باسە لەم خالآنەی خوارەوە بە کورتی دەست نیشان بکەین:-

1- مرۆڤی کورد بیری زۆر وورد بووە و توانیویەتی بۆ ڕەخنەگرتن لە دام و دەزگا و کارو کردەوەی چەوتی ئەندامانی نێو کۆمەڵ پەنا بەرێتە بەر پەند و قسەی نەستەقی کۆمیدی- گالتە ئامێز بۆ دەربڕینی بیروڕاکانی خۆی.

2- ئەو نموونانەی لەم بابەتەدا بەکارهاتوون دەکرێن بە دوو بەشەوە:-

أ- :ئەو پەند و قسە نەستەقانەی کە ڕاستەوخۆ بە زمانی مرۆڤەوە وتراون.

ب- :ئەو پەند و قسە نەستەقە کۆمیدی- گالتە ئامێزانەی کە بەزمانی ئاژەڵ و گیانلەبەرانی ترەوە وتراون. ئەمانەش بە گوێرەی ژینگە و قۆناغی کۆمەلایەتی لە کۆمەلێکەوە بۆ کۆمەلێکی دیکە, لەپاڵ هەبوونی جۆرە هاوبەشی یەك دا جیاوازییان هەیە.

3- جۆری ڕەخنە و بیروڕاکانی خەڵکی لەم جۆرە نموونانەدا بە گوێرەی جیاوازی چینایەتی و ململانێی نێوان چینەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان دەگۆڕێ و هەریەکەیان ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی چینێکی دیاری کراون.

4- ئــەو پەند و قسە نەستەقانەی لەم باسەدا هاتوون زۆربەیان بەرهەمی یەك قۆناغی دیاری کراوی ژیانی میللەتی کوردن بە تایبەتی ئەوانەی کە بەزمانی ئاژەڵەوە وتراون ئەویش قۆناغی (کشتوکاڵی و ئاژەڵ ڕاگرتنە) و لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دا لە ڕوی هێما و مەبەستەوە لە یەك دەچن و یەك ئامانجیان تێدا دەردەکەوێت. واتە لە سەردەمێکدا وتراون کە زۆربەی گەڵی کورد لە سایەی یەك پەیوەندی کۆمەلآیەتی- ئابووریدا ژیاون.

5- هەریەك لەو گیانلەبەرانەی لێرەدا ناویان هاتووە هێمان بۆ هەندێ کار و کردەوەی دزێوو لە ڕێی ئەوانەوە خراونەتە بەر ڕەخنەیەکی کۆمیدی- گالتە ئامێزانە وەکو ڕیوی بۆ فێڵبازی و گورگ بۆ مشەخۆری و مێشوولە بۆ لە خۆبایی بوون و کەر بۆ بێ عەقڵی و گەمژەیی... هتد.

6- ئەو نموونانەی لەم باسەدا خراونەتە بەرچاو جۆرە گاڵتە پیٚ کردن و ڕەخنە لیٚگرتنێکی کۆمیدیانەیە تەنیا بە مەبەستی پێکەنین بەکار نەهاتوون بەڵکو لە ناواخن دا دەبێتە پاڵ پێوە نەرێك, بۆ ئەوەی هانی مرۆڤ بدا بە گاڵتەکردن بەڕەفتاری خراپ و ناپەسەند بەخۆدا بچێتەوە و لە ڕابردووی ناشیرینی کردەوەکانی پەشیمان ببێتەوە و بەرەو چاك بوون بچیٚ... .

پەراوێزەکانی باسی چوارەم

1- *د.عیزەدین مستەفا رەسول/ لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی/* چ 2/ زانکۆی سلێمانی/ 1979/ ل 142-143.
2- *ئەحمەد سالار/* ***کۆمیدیا***/ چاپخانەی زانکۆی سلێمانی/ 1981/ ل 18.
3- *لطفي خوري في علم التراث الشعبي/* ***منشورات وزارة الثقافة و الفنون***/ الموسوعة الصغيرة/ العدد 40/ الجمهورية العراقية/ 1979/ ص 42.
4- *شێخ محەمەدی خاڵ/* ***پەندی پێشینان***/ چ 2/ 1971/ ل 138.
5- *مەلا مەحمودی دێرشەوی/* ***مشتا خاچیا ژگوتنێن پێشیا***/ چاپخانەی (شفیق)/ بەغداد/ ل 381.
6- لەوانەیە پەندە کوردییەکە وەرگێڕاوی پەندە عەرەبییەکە بێت چونکە هەمان مەبەست و واتا دەگەیەنێ ئەگەرچی لە دیالێکتی کرمانجی ژووروش دا ئەم نموونەیە هەیە کە دەڵێت: (هەرچی دەرگەهێ ئێکی بقوتت, دەرگەهێ وی ژی بێ قوتان)/ بڕوانە مەلا محمودی دێرشەوی/ هەمان سەرچاوە/ ل 81.
7- *مەلا مەحمودی دێرشەوی/* ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 84.
8- *عەلی مەعروف شارەزووری/* ***پەندی پێشینانی کورد***/ ب 1/ چ 1/ چاپخانەی الحوادث/ بەغدا/ 1981/ ل 94.
9- *د.عزەددین مستەفا ڕەسول/* ***لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی***/ چ 2/ زانکۆی سلێمانی/ 1979/ ل 162.
10- *شێخ محەمەدی خاڵ/* ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 100.
11- ***هەمان سەرچاوە***/ ل 107.
12- ***هەمان سەرچاوە***/ هەمان لاپەڕە.
13- *ف.أ.لينين/* ***في الادب والفن***/ ج 1/ ترجمه عن الروسيه يوسف حلاق/ منشورات وزاره الپقافه/ دمشق/ 1973, ص 43 .
14- *نفس المصدر*/ ص 44 .
15- *شێخ محەمەدی خاڵ/* ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 18.
16- *علی مەعروف شارەزووری/* ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 31.
17- *شێخ محەمەدی خاڵ/* ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 35.
18- *ف.أ.لينين/* ***نفس المصدر***/ ص 62 .
19- *المصدر السابق/* ***نفس الصفحه*** .
20- *د.عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ/* ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 133.
21- *شێخ محەمەد خاڵ/* ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 466/ ل 468.
22- ***سەرچاوەی پێشوو***/ هەمان لاپەڕە.
23- ***هەر ئەوێ***/ ل 198.

24- محمد ابو صوفة/ ***الامثال العربية ومصادرها في التراث***/ مكتبة الاقصى/ عمان ـ الاردن/ 1982/ ص 9 ـ 10.
25- سورة الاحزاب/ الاية 33.
26- *جمال محمد فقى رسول الباجوري*/ ***المرأة في الفكر الاسلامي***/ ج 1/ الامانة العامة للثقافة والشباب في منطقة الحكم الذاتي/ 1986/ ص 127.
27- *شێخ محەمەدی خاڵ*/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 462.
28- عبدالمحسن بەنی وەیس/ ***گەردانەی ئەڵوەن***/ دەزگای رۆشنبیری بڵاوکردنەوەی کوردی/ کۆماری عێراق/ بەغدا/ ل348.
29- *شێخ محەمەد خاڵ*/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 464.
30- *عەلی مەعروف شارەزووری*/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 106.
31- *د.عیزەددین مستەفا رەسوڵ*/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 124.
32- هەمان سەرچاوە/ ل 165.
33- الكزندر هجرتي كراب/ ***علم الفلكلور***/ ترجمة رشدي صالح ـ القاهرة/1967/ ص 114/ هەروەها بڕوانە: لطفي خوري/ ***في علم التراث الشعبي***/ الموسوعة الصغيرة/ العدد 40/ منشورات وزارة الثقافة و الفنون/ ***الجمهورية العراقية***/ 1979/ ص46.
34- *لطفي خوري*/ ***المصدر السابق***/ ص 47.
(*) بڕوانە: الكزاندر هجرتي كراب/ ***المصدر السابق***/ ص 115.
35- *شێخ محەمەد خاڵ*/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 461.
36- ***هەمان سەرچاوە***/ ل 33.
37- *قەناتی کوردۆ*/ ***کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی***/ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا/ 1976/ ل 237.
38- *شێخ محەمەد خاڵ*/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 112.
39- *قەناتی کوردۆ*/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 244.
40- *مەلا مەحمودی دێرشەوی*/ ***مشتاخاچیا ژ گوتنین پێشیا***/ چاپخانەی (شفيق), بەغدا, 1980, ل 128.
41- *عبدالمحسن بەنی وەیس*/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 104.
42- *شێخ محەمەدی خاڵ*/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 462.
43- *سيرغى ميخالكوف*/ ***كل شيء يبدئ من الطفولة***/ موسكو- دار التقدم/ 1978/ ص 64.
44- *عبدالمحسن بەنی ویس*/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ص 234.
45- *شێخ محەمەدی خاڵ*/ ***سەرچاوەی پێشوو***, ل 120.
46- *قەناتی کوردۆ*/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 237.
47- ***هەمان سەرچاوە***/ ل 244.
48- سيرغي ميخالكوف/ ***المصدر السابق***/ ص 64.
49- عبدالمحسن بەني ويس/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 200, هەروەها هەمان پەند لە شێوەی کرمانجی خواروودا هەیە بڕوانە/ *شێخ محەمەدی خاڵ*/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 383.
50- محمد سعيد مبيض/ ***الحكم والامثال الشعبية في الديار الشامية***/ دار الثقافة/ ط 1/ قطر- دوحة/ 1986/ ص 357/ تێبینی: لە پەندە عەرببییەکەدا لە جیاتی ئاژەڵ مرۆڤ بەکار هاتوو.

51- قەناتی کوردۆ/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 244.

52- شێخ محەمەد خاڵ/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 121.

53- عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی/ ***پەندی کوردی*** /ب 1/چ 1/چاپخانەی کوردستان ـ هەولێر/ ل 70.

54- عطا رفعت/ ***من امثال البادية والريف***/ مطبعة سلمان الاعظمي ـ بغداد/ 1978/ ص 38.

55- عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 74.

56- شێخ محەمەد خاڵ/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 462.

57- ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 243.

58- ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 39.

59- هەر ئەوێ/ ل 38.

60- عبدالمحسن بنی وەیس/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 153.

61- مەلا مەحمودی دێرشەوی/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 281.

62- قەناتی کوردۆ/ ***سەرچاوەی پێشوو***/ ل 241.

63- محمد سعيد مبيض/ ***المصدر السابق***/ ص 358.

سـەرچـاوەکـانی باسی چوارەم

1. ***القرآن الكريم.***
2. *ئەحمەد سالار*/ ***کۆمیدیا***/ چاپخانەی زانکۆی سلێمانی/ 1980.
3. *جمال محمد فقی رسول الباجوری*/ ***المرأة في الفكر الاسلامي***/ ج1/ الامانة العامة للثقافة و الشباب في منطقة الحكم الذاتي/ 1986.
4. *د. عیزەددین مستەفا ڕەسول*/ ***لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی***/ چ2/ زانکۆی سلێمانی ـ 1979.
5. *علی مەعروف شارەزووری*/ ***پەندی پێشینانی کورد***/ ب1/ چ1/ چاپخانەی 9 ظوالحوادث/ بەغدا/ 1981.
6. *عبدالمحسن بنی وەیس*/ ***گەردانەی ئەڵوەن***/ دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن/ دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی/ کۆماری عێراق/ بەغدا.
7. *عومەر شێخەڵلا دەشتەکی*/ ***پەندی کوردی***/ ب1/ چ1/ چاپخانەی کوردستان ـ هەولێر.
8. *عطا رفعت*/ ***من امثال البادية و الريف***/ مطبعة سلمان الاعظمی ـ بغداد/ 1978.
9. *شێخ محەمەدی خاڵ*/ ***پەندی پێشینان***/ چ2/ ؟ / 1971.
10. *مەلا مەحمودی دێرشەوی*/ ***مشتاخا چیا ژگوتنێن پێشیا***/ چاپخانەی (شفیق)، بەغدا.
11. *محمد ابو صوفة*/ ***الامثال العربية و مصادرها في التراث***/ ط1/ مكتبة الاعظمي/ عمان ـ الاردن، 1983.
12. *محمد سعيد مبيض*/ ***الحكم و الامثالَ الشعبية في الديار الشامية***/ دار الثقافة / ط1/ قطر ـ دوحة، 1986.
13. *سيرغى ميخالكوف*/ ***كل شيء يبتدئ من الطفولة***/ موسكو/ دار التقدم/ 1987.
14. *ف.أ. لينين*/ في الادب و الفن/ ج1/ ترجمة يوسف حلاق/ منشورات وزراة الثقافة/ دمشق/ 1973.
15. *الكزاندر هجرتي كراب*/ ***علم الفلكلور***/ ترجمه رشدى صالح ـ القاهره/ 1967.
16. *لطفي الخوري*/ ***في علم التراث الشعبي***/ منشورات وزارة الثقافة و الفنون/ الموسوعة الصغيرة/ العدد 40/ الجمهورية العراقية/ 1979.
17. *قەناتی کوردۆ*/ ***کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی***/ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا/ 1976.

ناوەڕۆك

ناوەڕۆك	لاپەڕە
باسی یەکەم:	5
ئافرەت لە ئەفسانەی کۆنی هەندێك گەلاندا	
پێشەکی	7
بەشی یەکەم: ئەفسانە چییە؟	9
بەشی دووەم: ئافرەت لە کۆمەڵگای دایك سالاری دا:	11
بەشی سێیەم: ئافرەت لە کۆمەڵگای باوك سالاری دا.	16
ئەنجام	19
سەرچاوەکان	21
باسی دووەم	23
ئەفسانەی زەردەشتی	
پێشەکی	25
بەشی یەکەم: ناسنامە و ساڵی لە دایك بوونی زەردەشت	27
بەشی دووەم: ئەفسانەی سروش و ململانێی هێزی خێر و شەڕی زەردەشتی	31
بەشی سێیەم: ئەفسانەی بەهەشت و دۆزەخی زەردەشتی	40
ئەنجام	44
پەراوێزەکان	46
سەرچاوەکان	49
باسی سێیەم	51
ئەهریمەن و تاووسی مەلەك لە ئەفسانەی زەردەشتی و ئێزیدیدا	
پێشەکی	53
بەشی یەکەم: 1- چەمك و واتای ئەهریمەن لە ئەفسانەی هەندێ گەلان دا.	56
2- چەمکی ئەهریمەن لە ئەفسانەی زەردەشتی دا.	58

بەشی دووەم : 1– هەندێ چەمك و واتاكانی تاووسی مەلایكەت.	61
2– رۆڵی تاووسی مەلەك (فریشتە) لە ئەفسانەی ئێزیدیدا.	63
ئەنجام	67
پەراوێزەكان	69
سەرچاوەكان	71
باسی چوارەم	73
پەند و قسەی نەستەقی كۆمیدی ــ گاڵتە ئامێزی كوردی	
پێشەكی	75
بەشی یەكەم : پەند و قسەی نەستەقی مرۆڤ .	77
بەشی دووەم : پەند و قسەی نەستەقی گیانەوەران	85
ئەنجام	94
پەراوێزەكان	96
سەرچاوەكان	99

زنجیره کتێبی دەزگای موزیك و كەلەپووری كورد

زنجیره	ناوی كتێب	ناوی نووسەر	ساڵی چاپ
1)	بەركوتێكی مەتەڵی فۆلكلۆری كوردی	سەدرەدین نورەدین ئەبوبەكر	2005
2)	دەروازەیەك بۆ بۆتەكانی موزیك	غەمگین فەرەج	2005
3)	وەرز و ساڵنامەی میللی لەپەند و شیعری كوردیدا	پ . د شوكریە رەسول	2005
4)	لەبارەی كۆكردنەوەی موزیكی میللیدا بە زمانی(كوردی عەرەبی)	مود كار بلیس و ئەرنولد باكیە. اعداد:د.محمد زازا و. تاریق ساڵح	2005
5)	چلاواز 1	وریا ئەحمەد	2006
6)	پەندی كوردی: چیرۆكەكەی	عومەر شێخەڵلا دەشتەكی	2006
7)	هێلكەی نامێ كۆمەڵێك ئەفسانە و حیكایەتی جۆرا و جۆری فۆلكلۆریی نێو كوردەوارییە بەرگی یەكەم/ بەشی یەكەم	مەولود ئیبراهیم حەسەن	2006
8)	هێلكەی نامێ كۆمەڵێك ئەفسانە و حیكایەتی جۆرا و جۆری فۆلكلۆریی نێو كوردەوارییە بەرگی یەكەم/ بەشی دووەم	مەولود ئیبراهیم حەسەن	2006
9)	خصائص أغاني الأطفال في كوردستان العراق	گۆنا قادر	2006
10)	پەندو قسەی نەستەقی ماچۆ	هەردەوێڵ كاكەیی	2006
11)	سەربردەی كوردەواری	جەمال گردەسۆری	2006
12)	كوردستان سمفۆنیك سویت	سیروان سیرینی	2006

13)	مریەم خان	جەلال مەلا حەسەن، جەنگی جەلال	2006
14)	گۆزەی شکاو	رەسووڵ ڕەش ئەحمەدی)هەڵوەدا مهابادی(	2006
15)	القیم السائدة في القصص الشعبية الكوردية و العرب للأطفال في العراق	: الدكتور عمر ابراهيم عزيز(پەتی)	2006
16)	ئەفسانە و پەندی کۆمیدی گاڵتە ئامێزی کوردی	د. نەجم ئەڵوەنی	2007